ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

دەرد و دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی

نووسینی / عەلی باپیر

١٤١٠ - ١٩٩٠

www.alibapir.net

پێشکەشە

فسوف يأتي الله بقوم يحبهم ويحبونه

بەو مسوڵمانە ڕاستو ساغانەی کە :

١ـ خوا خۆشی دەوێن . يحبهم

٢ـ خوایان خۆش دەوێ . ويحبونه

٣ـ لەگەڵ بڕواداران هێدی و مەندو میهرەبانن . اذلة على المؤمنين

٤ـ لەئاقار دوژمن دا بەزەبرن ، شێری مەیدانن . اعزة على الكافرين

٥ـ تێکۆشەری ڕەندو چاکن . يجاهدون في سبيل الله

٦ـ لە تانەو تەشەر بێ باکن . ولا يخافون لومة لائم

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

بسم الله الرحمن الرحيم

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێشەکی

الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله محمد وآلـه وصحبه ومن اهتدی بهداه .

مسوڵمانی ئیسلامی بەڕێزو خۆشەویست !

پاش ئەوەی لە دوادوای یەکەمین چارەگی ئەم سەدەی بیستەدا بە نەخشەو پیلانی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزمی جیهانیو لەسەر دەستی تورکە ڕەگەزپەرستەکان بەسەرکردایەتی داشی دامەو داوەڵی کوفری جیهانی (کەمال ئەتاتورک) لە تورکیادا کە چەقی خەلافەتی ئیسلامی لێ بوو ، کۆتایی بە خەلافەتی (١٣٠٠) ساڵەیی هێنرا ، لە هەرکام لە پارچە لێک پچڕێنراوەکانی نیشتمانی پان وپۆڕی ئیسلامیدا و ، لەنێو هەرکام لە گەل و نەتەوەکانی ئۆممەتی ئیسلامیدا بزووتنەوەو کۆمەڵی زۆروزەوەند لەدایک بوون و شێرانە هاتنە نێو مەیدانی خەبات و تێکۆشانی فیکری و سیاسیو چەکدارانەوە ، بۆ گێڕانەوەی عیززەت و هەیبەتی ئیسلامو ، بووژاندنەوەو ڕزگاربوونی خەڵکی مسوڵمان و سەرەنجامیش دامەزراندنەوەی حوکمی خوا لەزەوی دا .

بەو شێوەیە هەرکام لە (سەعید نۆرسی) شۆڕشگێڕی مسوڵمانی کورد لە تورکیاو ، (حسن البنا) لە میسرو ، (ابو الأعلی المودودی) لە هیندو پاکستانو ، (محمد إقبال)

www.alibapir.net

لە پاکستان بوونە سەرقافڵەو پێشڕەوی ئەو شۆڕش و خەباتە ئیسلامییەو تەندووری جەنگ لەنێوان بەرەی ئیسلامی و بەرەی کوفری جیهانیو ناوچەییدا گەرم بۆو و تا ئێستاش سوپاس بۆ خوا هەر لە گەرم بوون و جۆش سەندن دایە ، خواش پشتیوان بێ هەتا بستە خاکێکی نیشتمانی ئیسلامی زەوت کراوو ، تاتە یاسایەکی ئیسلامی پشت گوێ خراو ماسێ جەنگی ناوبراو هەر بەردەوام دەبێ .

ئەمە دەربارەی جیهانی ئیسلامیو ئوممەتی پێغەمبەرمان صلی اللە علیە وسلم بەگشتی، دەربارەی نەتەوەی کوردی مسوڵمانیش بەتایبەتی ؛

پاش رووخانی (١) دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیو ،بەشرانەوەی میراتی بەجێماوی لەنێوان هێزە زلە جیهانخۆرەکان دا ، کوردستانیش وێرای پارچەکانی دیکەی نیشتمانی ئیسلامی لەت وپەت کراو، هەر لەتکەی درا بە دەوڵەتێک ، تا سەرەنجام بەم شێوەیەی ئێستای بەسەر عێراق و ئێران و تورکیاو سوریادا دابەش کرا !!

جا هەرچەندە گەلی کوردی مسوڵمان نەوەپێشیش زنجیرە راپەرین و شۆڕشێکی جیاجیاو یەک لەدوای یەکی کردبوون ،بۆ لابردنی نیری ستەمو چەوساندنەوەو بێدادی و دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆو بوونێکی ئازاد ، وەک هەرکام لە راپەرین و جموجوڵەکانی شێخ عبیداللەو شێخ عبدالسلام

---

(١) بێگومان رووخێنرانی دەوڵەتی عوسمانی بە فێڵ و پیلانی ئیمپریالیزمی جیهانی بوو، بەڵام ئاشکرایە کە لەنێو خودی ئەو دەوڵەتەشدا چەند هۆیەک هەبوون کە بێ هێزو نەخۆشیان کردبوو و بەرەو رووخانیان برد، تەنانەت پێش رووخانی دەوڵەتی ناوبراو ناوی لێ نرابوو پیاوە نەخۆشەکە (الرجل المریض) !!

www.alibapir.net

بارزانی‌و سمایلاغای سمکۆو شێخ سەعیدی پیران ، بەڵام لەوکاتە بەدواوە جموجۆڵ و ڕاپەڕینەکانی کورد شێلگیرترو قووڵترو فراوانتر بوون ..

ئنجا هەرچەندە - وەک لە نامیلکەی (کوردستان بۆ ویران بوو و چۆن ئاوەدان دەبێتەوە ؟!) دا ڕوونمان کردۆتەوە - هیچ کام لەو ڕاپەڕین و جوولانەوانەی گەلی کورد بە مەعنای وشە (ئیسلامی) نەبوو ونو،خاوەنەکانیشیا ئەم ناوەیان لێ نەناون ،[1] بەڵام بێگومان ئەو خەڵک و جەماوەرەی کە هەرکام لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی ئەنجام داوەو بوو ونە سووتەمەنی‌یان مسوڵمان و خواناس بوو ون و مەگەر بەدەگمەن دەنا کافرێکی ئاشکراو خوانەناسێکت تێدا نایەنە بەرچاو .[2]

---

(١) هەرکەسێک بەووردی و بەویژدانەوە ژیانی (شیخ عبدالسلام)و (شیخ محمد) ی کوڕی و (شیخ عبدالسلام) ی کوڕی (شیخ محمد) ی بارزانی بخوێنێتەوە ، دەزانێ کە ڕاپەڕین و جموجۆڵەکانیان هەتا ڕاددەیەکی زۆر ڕەگ و ڕیشەو بنچینەیەکی ئیسلامی‌یان هەبووە ، چونکە هەرکام لەم سێ زاتە وێڕای (زانایی) ئەهلی تەریقەت و تەصەووفیش بوو ون ، هەڵبەتە ئەو تایبەتمەندی یەی باسم کرد تا ڕاددەیەکی زۆر لە ڕاپەڕین و جموجۆڵەکانی (شیخ احمد) و (ملا مصطفی) ی بارزانیش‌دا دێتە بەرچاو ، کەواتە هەق وایە ئەم ڕاپەڕینو شۆڕشانە حیسابێکی تایبەتی‌یان بۆ بکرێ .

بۆ زیاتر شارەزابوون لەو مەسەلەیە دەتوانی سەرنجی :

١- (بارزان وحركة الوعي القومي ..) نووسینی بێ ڕەش ،وە
٢- (البارزاني والحركة التحررية الكردية) ج ١ ح ٢ ج ٢ مسعود بارزاني ، بدەی .

(٢) بەڵام حەیفێ لەم چەند ساڵەی دواییدا ، دوای ئەوەی کە کەسانێکی بە شیری گوانی (بێ دینی) فرچک دراو خۆیان لە خەڵکی کردە (مامۆتک) و ، بوونە شوان و چاوساغی

www.alibapir.net

هەڵبەتە ئەوەش کە ئایا لەسۆنگەی چییەوە لەنێو گەلی کورد دا شۆڕش و جووڵانەوەیەکی ئیسلامییانە هەتا ئەم دوایییە لەدایک نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە گەلی کورد ستەمدیدەترین و چەوساوەترین نەتەوەی سەر ڕووی زەوی یە ؟! مەسەلەیەکە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی خەست وخۆڵی پێویستە، چونکە لێ وپژێی زۆر لێ دەبنەوەو زۆر پەراوێزی لەسەر هەڵدەستن، بەڵام ئێمە بەکورتی دەڵێین :

هۆی هەر لەزووەوە سەرهەڵنەدان و نەخەملانی جموجۆڵ و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی ئیسلامی لەنێو گەلی کورد دا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە ئیسلام لەنێو ئەو گەلەدا، جا بۆئەوەی هیچ کەس تووشی بەدگومانیو تەفەنگ بەتاریکایییەوەنان نەبێ لەکاتی لێکدانەوەی ئەم قسەیەمدا، بە ئاشکراترو بێ پەردەتر دەڵێم :

ماوەی چەند سەدەیەک دەبێ (ئیسلام) لەنێو گەلی کورد دا لە جوغزی لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقیو شەخسی دا کورت هەڵێنراوەو، لایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتی و ئابووری

....

گەلی کوردی مسوڵمان، بەشێکی زۆری ئەو گەلە بێ کەسەیان چەواشە کردو بەرەو کۆمۆنیزمو سۆسیالیزمو مارکسیزمو لیبرالیزم ... یان برد، بەپێچەوانەی ڕێبازی گەلەپیاوانی وەک (شیخ عبیداللەو شیخ عبدالسلامو شیخ سەعیدو شیخ محمودو قازی محمدو ملا مصطفی) وە، بناغەی ئەوەڕەشەکانی خۆبانیان لەسەر سێ کوچکەی شوومی (هەلپەرستی،چاوبەستەکێ، دژی ئایین) دامەزراندو سەرەنجام چەندان ڕۆڵەی کوردی مسوڵمانیان کافرو مسقوف و بێ ڕەوشت کرد.

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

لێ قرتێنراوە، دیارە خەڵکێکیش وا لە ئایین و بەرنامەکەی تێ بگات، کە بەس پەیوەندی بە لایەنی ڕووحی و ئەخلاقی یەوەیەو تەنیا وەک (تاک) ئینسان دەدوێنێ، بەس لەو جوغزەشدا پرس بە ئایین دەکات و، تەنیا لەو بوارەدا پێیەوە پابەند دەبێت و پەیڕەوی لێ دەکات و، لەهەمان کاتیشدا ناچار دەبێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لایەنەکانی دیکەی ژیانی ڕوو بکاتە ئەملاولاو بۆ دابین کردنی پێویستی خۆی سەر بە ماڵاندا بکات !!

بەڵێ خوێنەری سەنگین !

سەرەنجام لە کوردستانی خوارووداو، لە بەشە کوردستانی سەر بە عێراقدا، مسوڵمانان لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بە هاندەری خوارازی کردن و بووژاندنەوەی ئیسلام و ڕزگارکردنی خەڵکی چەوساوەو بێ شوان و، لەژێر تەئسیری کوفرو ستەم و چەوساندنەوەو خراپەکاری ڕژێمی بەعسی کافرداو، لە کاردانەوە (رد فعل) ی شەپۆلی دژی ئایینی و دژی ئەخلاقی خۆ بەدەمراستزان و خۆ بەشۆڕشگێڕو خەمخۆرزانانی نێو کوردستاندا، کۆبوونەوەو وەخۆکەوتن بۆ دروستکردنی کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، کە لەسەرەتاوە ناوی (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی) بوو، بەڵام دواتر کە بەهۆی دەربەدەربوون و کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مسوڵمانانەوەو بەشداری کردنیان لەو پرۆژە (مشروع) ە جیهادی یەدا، قەبارەکەی گەورەتر بوو و جوغزی فراوانتر بوو، پاش چەند دانیشتن و کۆبوونەوەیەکی بەپەلەو سەرپێیی (إرتجالي)، هەندێک گۆڕانکاری ڕواڵەتی و سادە بەسەر پرۆژەی ناوبراودا هاتن و سەرەنجام ناوەکەشی گۆڕا بۆ (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا).

www.alibapir.net

بەڵی بزووتنەوەی ئیسلامی پێک هات و ، خەڵکێکی زۆر لــە
کوێچکەران و دەرکراوو ئاوارانی کوردستانی خواروو دەورەیان
لێ داو ، دڵیان پێ خۆش کردو خۆیان پێوە سەرگەرم کرد !
بەڵام زۆری نەبرد کە بزووتنەوە ساوایەکەمان دووچاری
چەندان دەردو نەخۆشی بێرەزاو گرچووبڕی وا بوو ، کە وەک
تیراوە رۆژ بۆ رۆژێ زیاتر بەرەو کزی و لاوازی یان بردو
پێیانەوە بنێسا ، هەتا سەری بەمرۆ گەیی کە بەجارێکی
فززەی لێ براوەو وەک نەخۆشی کاتی گیانەڵا زۆر کەس
ئومێدو هیوای ژیان و چاک بوونەوەی پێ نەماوە !!

ئنجا بەپێی فەرموودەی (وَمَن أصبحَ لا يَهتَمُّ للمسلمينَ فليسَ منهُم) رواه الحاكم عن ابن مسعود ، لەسەر هەموو
مسوڵمانێک بەگشتیو هەموو ئەندامو پێشمەرگەکانی وردو
درشتی ئەو بزووتنەوەیە بەتایبەتی پێویستە کە بەتەنگ ئەم
وەزعەوە بن و هەوڵی دۆزینەوەو پەی پێ بردنی هۆی
نەخۆش بوون و ، رێگەو چۆنیەتی چارەسەرو چاکبوونی
بزووتنەوەی ئیسلامی بدەن .

جا منیش وەک مسوڵمانێک و وەک ئەندامێکی ئەو
بزووتنەوەیە لە بەرانبەر ئەم وەزعە شەپرێوو شپرزەیەی دا
هەستم بە بەرپرسیاری خۆم کردو ، بەئومێدی دیاری کردن و
پەنجە لەسەر دانانی ئەو هۆیانەی کە دووچاری ئەو
نەخۆشیە بێرەزایانەیان کردوەو سەریان بەمرۆ گەیاندوە ،
وە بەئومێدی دۆزینەوەو دەست نیشان کردنی رێگەو چۆنیەتی
چارەسەرو نەهێشتنی ئەو دەردو نەخۆشیانەو ، بەرەوپێش
بردن و وەگەشەخستنیو هێنانەسەر خەتی ئەو بزووتنەوە.
ئیسلامیەو سەروبەر پێ بەخشینی ، ئەم ساملکەیەم

www.alibapir.net

نووسی، جا کێ پێی چاک بوو و بەدڵییەوە نووسا با سوپاسی خوا بکات و دووعایەکی خێریش بۆ نووسەر بکات و، هەوڵی کارپێکردن و جێبەجێکردنی بدات و، کێش ڕەخنەو گلەیی لێی هەبوو و بەدڵی نەبوو، زۆری لێ مەمنوون دەبم کە شتێکی چاکترو بەپێزتر لەوبارەوە بنووسێ.

- هەڵبەتە ئاگاداریشم کە لەلایەن کەسانێکەوە کە دەردی بزووتنەوەیان چاک نەناسیوەو بە سادەی تێ دەگەن، یان ناسیویانە بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ خۆی لێ لادەدەن، چەند جارێک هەوڵ دراوە کە دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەو هەوڵانە زیاتر وەک سواغ کردن و تیک پڕکردنەوەو پینەوپەڕۆ دێنە بەرچاو، بەڵام پێم وایە دەردی بزووتنەوە لەوە کاریگەرترو قووڵترە کە بە پینەوپەڕۆیان چاک بێ، بەڵکو پێویستی بە چارەسەرێکی بنجی ڕیشەیی دەکات، وەک چەندان جاری دیکەش لە کۆبوونەوەی تایبەتیو گشتیدا ڕام گەیاندووە، ئنجا پێشینانیش گوتوویانە:

«ئیشی بە پینەوپەڕۆ ... هەر دەکاتە نیوەڕۆ»

بەڵام ئەو هەوڵانەی کە تا ئێستا دراون بۆ پینەکردنی بزووتنەوە، لە هەموو کەس دیارە کە تەنانەت تەمەنیان هەتا چێشتەنگاویش درێژ نەبووە چ جای نیوەڕۆ!!

ئیدی هیوادارم خوا بمانگێڕێ لەو کەسانەی کە لەوەسفیان دا عەرموویەتی:

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net
www.alibapir.net

(الذينَ يَستَمِعونَ القَولَ فَيَتَّبِعونَ أَحسَنَهُ اولئِكَ الذينَ هَدىٰهُمُ اللهُ وَاولئِكَ هُمْ أُولوا الألباب)

وە هیوادارم چیتر خۆمان بەدیار واقیعێکی نەخۆشی هیچ لەباران دا نەبرووە وە مەحتەل و دەستەپاچە نەکەین و، بۆ گۆڕین و پاککردنێکی ڕیشەیی بزووتنەوەکەمان بناوی خوای لێ بێنینێ و قۆڵان هەڵکەین و پاڵ لێک دەین .

والسلامُ عَلَينا وَعَلىٰ عِبادِاللهِ الصالحين

٣ جمادى الثانى ١٤١٠

خدراوا

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net
www.alibapir.net

ڕێی خۆشکردن

سوڵتانی سەنگین و شیرین !

وەک لە پێشەکی ئەم نامیلکەیەدا گوتمان ، ئـــــەم نامیلکەیە بەمەبەستی ئەوە نووسراوە کە هەم پەنجە لەسەر ماک و میکرۆبی دەردو نەخۆشییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی دابنێ و دیاری (تشخیص) یان بکات ، وە هەم ڕێگـــەو چۆنیەتی نەهێشتن و چارەسەری ئەو دەردو نەخۆشی یانـــەش بخاتەڕوو و دەستنیشان بکات .

جا ئەم نامیلکەیە بەمەبەستی چاکتر ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەی باسیان دەکات کراوەتە چوار بەشەوە :

بەشی یەکەم : پێناسەیەکی کورت و پوختی خەت و ڕێبـازی پێغەمبەرو خەلیفەکانی صلى الله على محمد وآله وصحبـــه وسلم لە (١٨) خاڵاندا .

بەشی دووەم : دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چییە ؟!

بەشی سێیەم : دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چۆن چارە دەکرێ؟!

بەشی چوارەم : پووچاندنەوەی چەند قسەیەکی هەڵـــەو بێ جێ .

لە بەشی یەکەمدا کە گرنگترین بەشی ئەم نامیلکەیەیە، لە (١٨) خاڵاندا گرنگترین و سەرەکی ترین بنچینـــەو نیشانەکانی ڕاستە شەقامی پێغەمبەرو چوار خەلیفـــە

www.alibapir.net

ڕاشیدەکانی خراونەڕوو ، چونکە تەرازووی هەڵسەنگاندن و سەنگی مەحەکی لێک هەڵاواردنی هەق و ناهەق لەهەر مەسەلەیەکدا ڕێ و شوێن و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی پێغەمبەری خواو جێ نشینە تێرووتەواوەکانی‌یەتی، هەربۆیەش فەرموویەتی : (فَعَلَيكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الخُلفاءِ الراشدينَ المَهديين ، عَضوا عَليها بالنواجذِ) رواه احمد وابوداوود والترمذی وابن ماجه والحاکم، وقال الترمذی : حدیث حسن صحیح . واتە :

ڕێبازی من و ڕێبازی جێ نشینە سەرڕاستە ڕێڕوونی‌کراوەکان بگرن ، ددانانی لەسەر ڕۆبگرن .

کەواتە زۆر جێی خۆیەتی کە بەرلەوەی بچینە سەر ئەسڵی مەبەست و نەخۆشی‌و گیروگرفتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و چارەسەریان بخەینەڕوو، چەند درووشم‌و نیشانەیەکی بنەڕەتی لە خەت‌و ڕێبازی پێغەمبەرو خەلیفەکانی بخەینەڕوو ، بۆئەوەی دەست بکەین بە هەڵسەنگاندن و نرخاندن (تقییم) ، تەرازوو و سەنگی مەحەکێکی وامان لەبەردەست دابن ، کە هەق و ناهەق و ڕاست‌و چەوتیان پێ لێک جیابکەینەوەو بەهەڵەدا نەچین .

بەڵێ ئێمە تا نەزانین ئیسلام چی‌یەو ڕێبازی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چۆنە ؟! ناتوانین حوکم بەسەر هیچ قسەو کردەوەو هەڵوێستێکدا بدەین داخوا تا چ ڕادەیەک ئیسلامی‌یە یان نائیسلامی !

کەواتە بەشی یەکەم هەم بناغەو بنچینەی ئەم نامیلکەیەیەو هەم ڕێ خۆشکردنیشی‌یەتی .

ئنجا لەبەشی دووەمدا . زۆر بەکورتی‌و گوشراوی دەردو

www.alibapir.net

نەخۆشی یەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی باسکراون .

لە بەشی سێیەمیش دا لە (١٨) خاڵان دا ڕێگەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی خراوەتەڕوو ، بەواتایەکی دیکە لە بەشی سێیەمدا ڕوونمان کردۆتەوە کە چۆن چۆنی (خڕبوونەوە) ی بەناو (بزووتنەوە) ی ئیسلامی دەگونجێ لە قۆناغی خڕبوونەوە (تَجَمُّع) وە بچێتە قۆناغی بزووتنەوە (حَرَكَة) وەو بکەوێتە سەر ڕەوتی ئیسلامیانەی ڕاستەقینەی خۆی !!

ئنجا لە بەشی چوارەمیش دا هەشت قسەی (بێ جێ) مان پووچاندوونەوەو ، وەک هەشت چڵکە هەوری نەزۆک و بێخێر بە تیشکی ڕۆژی عەقڵ و شەرع ، ڕەویونەوە .

جا خوێنەری بەڕێز !

هیوادارم دوای ئەوەی کە هەر چوار بەشەکانی ئەم نامیلکەیە بەوردی و بەشێنەیی مرتالا دەکەی و تێیان دەگەی ، زۆر چاک دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامیت بۆ ئاشکرا بێ و، سەرەنجامیش بەرچاوت ڕوون بێتەوەو دڵنیاو مسۆگەر بی کە دەبێ لەم قۆناغەدا چ بکەی و چۆن بکەی و لەکوێ وە دەست پێ بکەی !

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

بەشی یەکەم

ناسێنەیەکی کورت

فیرقە و ڕێبازی

پێغەمبەرەوەی ئینشیقاق

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

www.alibapir.net

خوێنەری بەڕێز !

خەت و ڕێبازی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چوار خەلیفەکانی درووشم و نیشانەی زۆرو زەوەندی هەن ، بەڵام ئێمە لێرەدا نامانەوێ بەتێروتەسەلی لەو مەسەلەیە بدوێین و دەمانەوێ هەروا بەکورتی و کوشراوی چەند خەسڵەت و نیشانەو تایبەتمەندی یەکی سەرەکی ئەو خەت و ڕێبازە بخەینەڕوو کە ئێمە لێرەدا لە (١٨) خاڵدا کورتمان کردوونەوە :

یەکەم
کارکردن و بەڕێوەچوون بەپێی نەخشەو بەرنامە

ئیش کردن و بەڕێوەچوون بەپێی نەخشەو بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا ، یەکەمین و گەورەترین درووشم و نیشانەی خەت و ڕێبازی پێغەمبەر و جێنشینەکانی یەتی، هەڵبەتە هیچ ئیش و کارێکی گەورە یان گچکەش بەبێ بەرنامەیەکی دیاری کراو ڕاست و تەواو، یان هەر سەرناگرێ و جێبەجێ ناکرێ ، یان ئەگەر کریمان جێبەجێش کرا کرچوکاڵ و ناتەواو دەردەچێ، پەندی پێشینانیش لەوبارەوە دەڵێ :

« شوغلا بکە ب ئەساس
تا دلێ تە نەکەت وەسواس »

www.alibapir.net

دیاره بەرنامەو پەیڕەوی پێغەمبەرو چوار خەلیفـــــە ڕاشیدەکانیشی صلّی الله علی مُحَمَّدٍ وآلِهِ وَصَحْبِهِ وسلّم بریتی بووە لە قورئان و سوننەت و ئیجتیهادی خۆیان .

خوای زاناو کاربەجێ لەزۆر ئایەتان دا باسی ئـــەو مەسەلەیەی کردوە ، بۆ وێنە :

١- (إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ ...) النساء / ١٠٥ . واتە :

ئێمە بەگوێرەی هەق کتێبمان بۆتۆ ناردۆتەخوار تاکـــو بەو پێیەی کە خوا پێشانی داوی حوکم لەنێوان خەڵکیدا بکەی ...

٢- (... فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ ...) المائدة / ٤٨ . واتە :

... جا بەو - بەرنامەی - ەی کە خوا ناردوویەتەخـــوار حوکمیان لەنێوان دا بکەو وەدوای ئارەزووەکانیـــــان مەکەوە ...

٣- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ ، فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) النساء / ٥٩ .

خوێنەری بەڕێز !

وەک لەپێشەوە گوتم هیچ ئیشێکی گەورە یان گچکە بەبێ بەرنامەو پەیڕەوێک سەرناگرێ ، جا لێرەدا دەمــــــەوێ بەرلەوەی ئەم خاڵە بەجێ بهێڵین لە چەند لایەکەوە گرنگیو پێویستی هەبوونی نەخشەو بەرنامە بخەمەڕوو :

www.alibapir.net

١- بەرنامەو نەخشە بۆ ئیش و کار وەک بناغە وایە بۆ دیوار، دەجا دیارە هیچ کاتێک دیواری بێ بناغەو ئەساس دروست نابێ و ئەگەر گریمان دروستیش بێ ڕاناوەستێ و هەرەس دێنێ.

هەروەها بەرنامەو پەیرەو وەک ڕێ وبان وایە، واتە هەروەک چۆن ئینسان بەبێ ڕێگە دۆزینەوە، بەرەو ئامانج ناکەوێتە ڕێ و، ئەگەر گریمان بشکەوێتە ڕێ، مەگەر بەهەڵکەوت دەنا بەئامانج ناگات، بەهەمان شێوەش تاک و کۆمەڵ ناتوانن بەبێ بەرنامەو نەخشە بەڕێوەبچن و بەهیچ ئامانج و مەبەستێکی ماددی و مەعنەوی بگەن.

٢- کۆمەڵگایەک لەڕووی بەرنامەو پەیڕەوەوە بەڕێوە نەچێ، ئەندامانی هەق و ناهەق و ڕاست و چەوت و چاک و خراپیان لێ تێکەڵ دەبن و سەریان لێ دەشێوێ و، هەرکەسەبان لەبە دەلاقەی بیروبۆچوون و بەرژەوەندی شەخسی و تایبەتی خۆیەوە تەماشای شتان دەکات و، بەدەردی پێشینان دەڵێن: (دنیا دەبێتە شاری بێ ساحێب) و (کەس بە ڕبەی کەس نایێوێ). وە ئەگەر کێشەو گیروگرفتێکیشیان هاتە پێش ناتوانن چارەسەری بکەن، چونکە پێوەرو تەرازوویەکیان لەبەردەستدا نیە، کە خاوەن هەق و خەتاباری پێ لێک جیا بکەنەوەو بە خاوەن هەق بڵێن: ئەوە مافتە بەپێی فلان بەندو فیسارە یاساو، بە خەتاباریش بڵێن: ئەوە سزاتە بەگوێرەی فلان یاساو دەستوور!!

٣- براگەورەو سەرکردەی بێ بەرنامە نە بۆخۆی دەزانێ چ دەکات و بەرەو چی دەچێت، وە نە دەزانێ بە خەڵکیش

www.alibapir.net

بلێ چی بکەن و بەرەو کوێیان بەرێت !

کەواتە : یەکەمین بەردی بناغەی دروستبوون و سەرکەوتنی سەرکی

ترین مەرجی بەرێوەچوون و بەردەوامبوونی هەر کۆمەڵ و

بزووتنەوەیەک بریتیە لە هەبوونی (نەخشەو بەرنامەیەکی

دیاری کراوی ڕاست و تەواو) ، ئەگەرنا خڕبوونەوەو متۆمتبۆو

هاتن و چوونی بێ بەرنامە هیچ بەرهەمێکی نیەو ئەگەر

هەزاران کەسیشی تێ بێ ئالێ هەر ناوی بێ نێوەڕۆکە ، هەر

بۆیەش پیرزو پێشینان گوتوویانە :

« نە هەموو خوڕڕەیەک ئاوە

نە هەموو چنراوێک جاوە »

www.alibapir.net

دووەم
تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵێکی پێشڕەوی هەڵبژاردە

بەبێ هەبوونی کۆمەڵە ئەندام و کادیرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و بارهێنراو، هیچ بەرنامەو ڕێبازێک ناتوانێ وەک پێویست بمێنێتەوەو درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستم دەڵێم :

خەت و ڕێ و شوێنی (عیسیٰ) علیه السلام بەهۆی قوتابیو حەوارییەکانییەوە، ڕاستەقامی (محمد) علیه الصلاة والسلام بەهۆی هاوەڵان (اصحاب)ی یەوە مایەوەو لە فەوتان قوتار بوو!

دیارە هەربۆیەش پێغەمبەری پێشەوامان صلی الله علیه وسلم هەر لەسەرەتاوە وێڕای بانگەوازکردنی گشتی، بەپێی فەرمانی خوا کە دەفەرموێ :(وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدعون رَبَّهم بالغَداةِ والعَشِيِّ يُريدونَ وَجهَهُ وَلاتَعْدُ عَيْناكَ عَنْهُمْ) الكهف/٢٨، کاتێکی چاکیشی تەرخان کردبوو بۆ پەروەردەکردن و بارهێنانی کۆمەڵە هاوەڵێکی دانسقەو هەڵبژاردەی وەک :

(١٠) موژدە پێدراوەکان (العَشَرَةُ المُبَشَّرَةُ) و أبوذر و حُذيفة و بِلال و عبدالله بن مسعود و مُعاذ بن جَبَل و مُصْعَب ابن عُمير و .. هتد، کە هەرکامێکیان خوا لێیان ڕازی بێ

www.alibapir.net

دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام گەورەترین دەوریان هەبوو لە درێژەپێدان و گەشەپێدانی خەت و ڕێبازەکەی دا .

هەڵبەتە بۆیەش ئەم خەسلەتە کەمتر لە چوار خەلیفەکاندا دەبینرێ ، چونکە پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام پێشتر ئەو کارەی بۆ ئەنجام دابوون و ، ئەوان لەوبارەوە هاتبوونە سەر حازری و ، حەوجێیان بە پێگەیاندنی (حواري) یان نەبوو .

هەڵبەتە هەر براگەورەو چاوساغێکیش ئەگەر کۆمەڵێکی هەڵبژاردەو چاک و پاکی بەدەورەوە نەبن ، خەڵکی هەلپەرست و بەدکار دەورەی لێ دەدەن و تووشی هەزار جۆرتمی دەکەن ، پێشینانیش هەزار ڕەحمەتیان لێ بێ کە فەرموویانە :

« ئەگەر قەلەڕەش ڕێ نیشان دەر بێ .
دەبێ گەورە هەر دەربەدەر بێ ! »

سێیەم
کاروبارهەڵسووراندن لەسەر بنچینەی ڕاوێژ (الشوری)

ئەمەش خەسڵەت و نیشانەیەکی یەکجار دیارو بەرچاوی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو جێگرە وەفادارەکانی یەتی،

www.alibapir.net

جاریٚ سەبارەت بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئــەوە مەسەلەی پرس ورا وەرگرتن و راوێژ پێکردنی لەگــــەڵ هاوەڵانی هێندە ئاشکراو روونە کە هەر پێویست بە بــاس کردنیٚ ناکات، بەڵام وەک ئیشارە بۆکردن، پەنجە بــۆ چەند رووداوێک رادەکێشین کە پێغەمبەر عليه الصــلاة والسلام تیێیاندا راوێژی بە هاوەڵانی بەرێزی کردوە :

١- جەنگی بەدرو بڕیاردان دەربارەی دیلەکانی ئەو جەنگە.
٢- جەنگی ئوحود. ٣- جەنگی ئەحزاب.
٤- پەیمانی حودەیبییە. ٥- جەنگی طائیف.
٦- هەڵوێست دەربارەی بوختان پێوەکرانی عائیشەی خێزانی خوا لێی رازی بیٚ ...

لە ژیانی چوار جیٚنشینە راشیدەکانیشدا خوا لێیــان رازی بیٚ، مەسەلەی پرس ورا وەرگرتنی خەڵکی بەگشتیو بەتایبەتی (أهل الحل والعقد) وەک رۆژی روون دیارە، بەتایبەتیــش لە ژیانی خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتابدا خــــوا لێی رازی بیٚ، چونکە دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی ئــەو بەرێزەدا لە گەرمەی گەشەکردن و بەرەوپێش چوون و فراوان بوون دا بوو، وە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەشی زۆر بوو، هەرکەسێکیش دەیەویٚ لەوبارەوە دڵنیابیٚ دەتوانیٚ سەرنجــی ژیانی چوار جیٚنشینە راشیدەکان بدات.

خوای کاربەجیٚو زانا لەبارەی رەفتارکردن بەپێــی راوێژ بە پێغەمبەری بەرێزمانی فەرمووە :(وشاوِرْهُم فــي الأمر ...) آل عمران / ١٥٩ . هەروەها راوێژکردنی بــە خەسڵەتێکی بنچینەیی کۆمەڵگای ئیسلامی دانــــاوە ، وەک فەرموویەتی :(... والّذينَ اسْتَجابُوا لِرَبِّهِمْ وأَقامُــوا

www.alibapir.net

الصَّلاةَ وأَمْرُهُم شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُون) الشورى/٣٨.

پێشینانیشمان دەربارەی گرنگیو بایەخی پرس ورا وەرگرتنی خەڵکیو راوێژکردن بە ئینسانی ژیرو دانا قسەی بەرێو جێیان زۆرن، بۆ وێنە :

«رازت لای یەکێک بێو پرست لای هەزار »

«ئەوەی نەکات بەقسەی مەزنان
شاخی لێ پەیدادەبن وەک بزنان »

چوارەم
مەرکەزییەتی هەڵقوڵاو لە کۆڕی راوێژ دامەزراو لەسەر بنچینەی شەرع

مەرکەزییەت کە بریتیە لە کۆبوونەوەی دەسـتەڵات و ئاراستەکردن (توجه) لە یەک چەق (مرکز) دا، یەکێکی دیکەیە لە نیشانەو دروشمە هەرە بنەرەتیو دیارەکانی خەت و رێبازی پێغەمبەرو جێگرەکانی، ئنجا ئەوە کە هیچ کۆمەڵ و بزووتنەوەیەک بەبێ هەبوونی مەرکەزییەت هیچی لەدەست نایەت، شتێکی هێندە روون و بەڵگەنەویستـە بەپێویستی نازانم هیچ بەڵگەیەکی لەسەر بێنمەوە جگە لـە ئایەتێک و فەرموودەیەک، ئایەتەکە دەفەرموێ :

www.alibapir.net

(لَوكانَ فيهِما آلِهَةٌ إلاّ اللّهُ لَفَسَدَتا ...) الأنبياء ٢٢/ .
واته: ئەگەر بێجگە لە خوا چەند خوایەکی دیکە لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەبوونایە ، تێک دەچوون...
کەواتە : بوونەوەر (ئاسمانەکان و زەوی) یش بەهۆی مەرکەزییەتەوە ڕاوەستاون و، ئەگەر بوونەوەر جگە لە خوا مشوورخۆرێکی دیکەی هەبا تێک دەچوو و دەشێوا .
فەرموودەکەش ئەمەیە :(إذا خَرَجَ ثَلاثَةٌ في سَفَرٍ فَلْيُؤَمِّرُوا أحَدَهُمْ) رواه ابوداوود . واتە :
ئەگەر سێ کەس چوونە سەفەرێ با یەکێکیان بکەنە براگەورە .
جا دیارە ئەگەر سەفەرکردنێکی ئاسایی سێ نەفەری پێویستی بە دیاری کردن و هەبوونی براگەورەیەک بکات ، بۆ دروست بوونی مەرکەزییەت ، دیارە بۆ کارێکی گرنگی وەک بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و بزووتنەوەیەک پێویستترە .
پێشینانیش گوتوویانە : (لە یەکێکیان پرسی بەڵگەت چییە لەسەر یەکتایی خودا ، گوتی : بەڵگەم ئاشی مام ئاودەڵە) .
دەڵێین : (مام ئاودەڵ) ناوێک ، ئاشێکی دەبێ، هەتا بۆخۆی بەتەنیا دەیگێڕێ و بەسەری ڕادەگا ، کاری زۆر چاک دەکات ، بەڵام دوای ئەوەی مشوورخۆرو کارگێڕی زۆر دەبن ، ئاشەکە تێک دەچێو لەکار دەکەوێ !

بەڵام بۆ دروست بوونی مەرکەزییەتێکی ڕاست و تەواو لەنێو هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامیدا دوو مەرجی گرنگ پێویستن :

www.alibapir.net

١- دەبێ لە کۆڕی ڕاوێژ (مجلس الشورى) یێکی ڕاستەقینە سەربەخۆبێ ، واتە داسەپێنراو نەبێ .

٢- دەبێ لەسەر بنچینەی شەرع و بەرنامەی خوا دامەزرابێت .

جا گومانی تێدا نیە کە مەرکەزییەت لە دەوڵەتی ئیسلامی پێغەمبەر و خەلیفە ڕاشیدەکان دا هەرکام لەم دوو مەرجانەی تێدا بوون ، هەرچەندە مەرجی یەکەم بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە دوو ڕووەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی دیکەدا ، یەکەم : سەرگەورایەتی و فەرمانڕەوایەتی وی پەکی لەسەر هەڵبژاردنی خەڵکی نەکەوتووە و خوا ئەو پلەوپایەیەی پێ بەخشیوە و هەڵی بژاردووە ، وەک فەرموویەتی : (اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ النَّاسِ ..) الحج / ٧٥ .

دووەم : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەنیا لەکاتێکدا حەوجێی بە پرس پێکردن و ڕاوێژ پێکردنی خەڵکی بووە ، کە نە دەق (نص) ێکی ڕوونیان لەوبارەوە هەبووبێ ، نە وەحی و ئیلهامیشی بۆ هاتبێ .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێنجەم
ئازادی دەربڕینی بیروڕاو گوێ گرتن لەقسەی هەمووکەس

نیشانەو درووشمێکی دیکەی بنەڕەتیو سەرەکی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو خەلیفەکانی ئەوەیە، کە هەموو کەس ئازادو سەربەست بووە لە دەربڕین و خستنەڕووی بیروڕاو بۆچوونی خۆی دا، ئەوەتا ئەمەش بەیەکێ لە سەرشانی خۆیانیان دەزانی کە بە بایەخپێداندنەوە گوێ بۆ قسەو رەخنەو پێشنیاری هەمووکەس بکرن، چونکە خوا پێی فەرمووین (الذین یَستَمِعونَ القَولَ فَیَتَّبِعونَ أحسَنَهُ أولئک الذین هَدی الله واولئک هُم اولوا الالباب) الزمر/١٨ .

بۆ وێنە :

(ابن اسحاق) دەگێڕێتەوە (١) کە دوای ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە جەنگی بەدردا سوپایەکەی خۆی لەسەر نیزیکترین ئاوی بەدر دامەزراند، (حَبّاب بن المنذر بن الجموح) گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەم شوێنە جێگایەکە خوای بەرز فەرمانی پێ کردووی کە ئەملاولای تێدا نەکەی، یان دامەزرانت لێرە بەپێی بیروبۆچوونی

---

(١) بڕوانە کتێبی (السّیرةُ النّبویّة والآثار المُحمّدیّة) ج١ ص١٩٦، احمد زینی دحلان .

www.alibapir.net

خۆت و فیڵ و بار لێ دیتنەوەیە لە جەنگدا؟! فەرمووی :
بەڵکو بەپێی بیروبۆچوون و فێڵ و بار لێ دیتنەوەدیە .
گوتی : دە مادام وایە خەڵکی ھەستێنە با بچینە سەر
نیزیکترین ئاو لە سوپای دوژمنەوە ، چونکە من شارەزام
کە ئەوێ ئاوی زۆرە ، لەوێ دادەمەزرێین ، ئینجا
چاڵاوەکانی دیکە پڕ دەکەینەوە ، حەوزێک لەسەر ئاوەکەی
خۆمان دروست دەکەین و پڕی دەکەین ، ئێمە ئاوی خواردنەوە
- مان دەبێ و ئەوانیش ئاویان نابێ بیخۆنەوە . پێغەمبەر
صلی اللە علیە وسلم فەرمووی نەخشەو رای تۆ تەواوە ، ئنجا
پێغەمبەر خەڵکەکەی بردە سەر نیزیکترین ئاو لە
دوژمنەوە ...
وەک دەبینین پێغەمبەری مەزن علیە الصلاة والسلام
بەتەواوی گوێی بۆ قسەی یەکێک لە ھاوەڵانی گرتووە ،
دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە کە بیروبۆچوونەکەی راستو
بەجێیە ، لە بڕیاری خۆی پەشیمان بۆتەوەو نەخشەی ئەو
سەربازە سادەیەی جێبەجێ کردوە !!
ھەڵبەتە لێرەدا دەرفەتکەمە دەنا لەو جۆرە رووداوانە
نموونە یەکجار زۆرن چ لە ژیانی پێغەمبەری پێشەواو
چ لە ژیانی چوار جێنشینە بەرێزەکانی دا خوا لێیان
رازی بێ .

www.alibapir.net

شەشەم
فەرمان بەچاکەو رێگری لەخراپە مافی هەموانەو هەموو بەرپرسیارن

نیشانەو خەسڵەتێکی دیکەی بنەڕەتی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو خەلیفەکانی ئەوەیە کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبووە فەرمان بکا بەچاکەو پێشگیری لە خراپە بکات، وە هەموو کەس بە بەرپرسیار (مسئول) زانراوە سەبارەت بە وەزعی مسوڵمانان و کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی .

چونکە خوای زانا فەرموویەتی :(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ...). التوبە / ٧١ .

پێغەمبەریش علیە الصلاة والسلام فەرموویەتی :(مَن رأى مِنكم مُنكراً فَلْيُغَيِّرْهُ بيده . فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسانِهِ ..) رواه مسلم واحمد والاربعة .

دەربارەی بەرپرسیاری یەکێتی هەرکام لە مسوڵمانانیش لەبەرانبەر کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامی دا فەرموویەتی :
(كُلُّكُمْ راعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ..) رواه الشيخان .

www.alibapir.net

حەوتەم
یەکدڵی، یەکڕیزی = یەک هەڵوێست

خەسڵەتی (یەکدڵی و یەکڕیزی و سەرەنجام یەک هەڵوێست بوون) ، یەکێ دیکەیە لە نیشانە هەرە زەقەکانی ئەو خەڵکەی کە بەپێی خەت و ڕێ و شوێنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و چوار جێنشینەکانی بەڕێوە دەچوون ، بێگومان هەر بەهۆی ئەو یەکدڵیی و یەکڕیزی و یەک هەڵوێستی‌یەشەوە بوو کە موسڵمانانی ئەو قۆناغە مێژووییە کە بە چاخی زێڕین (العصر الذهبي) ی ئیسلام دادەنرێ ، توانییان دەوڵەتێکی ئیسلامی ئەوەندە بەهێزو بەپێز دابمەزرێنن کە بتوانێ لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا دەنگی بانگی زوڵاڵی ئیسلام بە زۆربەی جیهان بگەیەنێ و ، دوو ئیمپراطۆری هەرە زەبەلاح و بەهێزی ئەو ڕۆژگارە - ڕۆم و فارس- بڕووخێنێ و تەخت و تاجیان بەمیرات بگرێ و بە دیاری بۆ خەلیفەی پۆشاک پینەکراوی بێنێ !!!

تەنها یەک ڕووداویش لەوبارەوە بەنموونە دێنینەوە : (كَعْبُ بنُ مالِك) و (مُرارَةُ بنُ الرَّبيع) و (هِلالُ بنُ أُميَّةَ) کە سێ کەس بوون لە چاوەڵە هەڵبژاردەکانی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ، نەفس و شەیتان زەفەری پێ بردن و لە جەنگی (تەبوک) دا لە پێغەمبەر دواکەوتن و خۆیان بەجێ هێشت ، پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام

www.alibapir.net

بە فەرمانی خوا کە دەفەرموێ :(وآخرون مُرجَون لِأمر اللـه اِمّا یُعذّبهم واما یتوب علیهم ...) التوبة/١٠٦. فەرمانی بە مسوڵمانانی شاری مەدینە کرد کە هیچ کەس هاموشۆیان نەکات و نەیان دوێنێ ، هەتا خوا بڕیارێکیان بۆ دەدات ، ئیدی ئەو (٣) کەسە بۆ ماوەی (٥٠) ڕۆژی ڕەبەق وەک ئینسانی غەریب و ئاوارەیان لێ هات و هیچ کەس لە شاری مەدینەدا هاموشۆی نەدەکردن و نەیدەدواندن ، تەنانەت نیزیکترین خزمیشیان و تێکڕای خەڵکی بەوردو درشت و نێرو مێوە پەیوەندی یان لەگەڵ پچراندن !!

هەتا لە بەزەیەیانی شەوی پەنجاهەمین دا خوا ئایەتی (وعلی الثلاثة الذین خُلِّفوا ..) التوبة / ١١٨ ی ناردە خواری و لێیان خۆش بوو و پێغەمبەرو مسوڵمانانیش لەگەڵیان ئاشت بوونەوەو دەرووی خێریان لێ کرایەوە (١) !!

دیارە مەسەلەی یەکدڵی و یەکڕیزی و یەک هەڵوێستی کۆمەڵگای سەردەمی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام وەک مانگی چواردە لەم ڕووداوەدا دەبینرێ ، هەڵبەتە ئەم خەسڵەتە بەهەمان هێزوپێزەوە لە سەرجەمی ماوەی خەلافەتی (ابوبکر و عمر) دا خوا لێیان ڕازی بێ مایەوە و هەتا شەش ساڵی یەکەمی ماوەی خەلافەتی (عثمان) یش هەر چاک بوو ، بەڵام لەوەدوا کە هەم بەهۆی بێ هێزی و وەک پێویست نەبوونی (عثمان) خوا لێی ڕازی بێ و ، هەم بەهۆی فێڵ و پیلانی دوژمنانەوە تۆوی دووبەرەکی و پەرتەوازەیی بەزەوی

---

(١) ئەم بەسەرهاتە لە زۆر کتێبان دا باس کراوە ، بۆ وێنە بڕوانە (ریاض الصالحین) ی نووی و ، (السيرة النبوية والآثار المحمدية) ج ٢ ص (١٣٤، ١٣٥، ١٣٦) .

www.alibapir.net

دەوڵەتی ئیسلامی وەرکراو، هەراو ئاشووب پەیدا بوو، وردە وردە دڵەکان لێک ترازان و ڕیزەکان تێکچوون و هەڵوێستی جیاجیاو جۆراوجۆریش پەیدابوون و، سەرەنجام چەند شەڕێکی خوێناوی لەنێوان موسڵمانان دا ڕوویان دا.

هەشتەم
تەواو لێهاتوویی کردنە سەنگی مەحەکی کارپێسپێران

نیشانەیەکی دیکەی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو جێنشینە-کانی ئەوەیە، کە تا تەرازوو و پێوەرو سەنگی مەحەکی دیاری کردنی کاربەدەستان و کارپێسپێررانیان تەواو توانا و لێهاتوویی بووە، واتە هیچ کام لە مەسەلەی خزمایەتی و تیرەو ڕەچەڵەک و ناوچەگەری و پارەو سامان و ڕەنگ و زمان نەکرابوونە تەرازووی هەڵسەنگاندنی خەڵکو سەنگی مەحەکی شیاوی و نەشیاوی یان بۆ دیاری کردنی فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامی ئەو سەردەمو ڕۆژگارە.

نموونەی زۆرو زەوەندیش لە مێژووی ژیانی پێغەمبەرو خەلیفە ڕاشیدەکان دا هەن بۆ سەلماندنی ڕاستیی مەسەلەی ناوبراو، کە ئەمانە هەندێکیانن:

www.alibapir.net

١- پێغەمبەر صلى اللە علیه وسلم ، (مُصعب بن عمیر) کە هاوەڵێکی گەنجی بوو ، بە نوێنەری خۆی پێش کۆچ کردنی ناردە شاری مەدینە ، کە ئەوکاتە ناوی (یَثرِب) بوو ، تاکو خەڵکەکەی لە ئیسلام حاڵی بکات .

٢- چەند جارێک (ابن مکتوم) ی - کە ئینسانێکی هەژارو بێ چاو بوو - کردە جێگری خۆی لە شاری مەدینەدا .

٣- (معاذ بن جبل) ی - کە لاوێکی تازە پێگەیشتووی مەدینەیی بوو ، بە هاوڕێیەتی (علی بن ابی طالب) بۆ ناوچەی یەمەن ڕەوان کرد بەمەبەستی ئاشناکردنی خەڵکەکەی بە یاساو دەستوورەکانی ئیسلام .

٤- (اسامە بن زید) ی کردە سەرکردەی سوپایەکی چەند هەزار کەسی کە (ابوبکر و عمر) یش خوا لێیان ڕازی بێ دوو سەربازی ئەو سوپایە بوون ، ئەوکاتەش (اسامە) هەژدە ساڵان بوو ، سەرباری ئەوەی کە ڕەش پێست و کوڕی کۆیلەیەکی ئازادکراویش بوو !!

شایانی باسە کە ئەم مەسەلەی (کار بەخەڵکی سپاردن بەگوێرەی توانا و لێهاتوویی) بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ ئیعتیبارێکی تر ، لە سەردەمی خەلافەتی (ابوبکر و عمر و علی) یشدا خوا لێیان ڕازی بێ هەر بەردەوام بوو ، بەڵام لەماوەی خەلافەت و فەرمانڕەوایەتی (عثمان)دا خوا لێی ڕازی بێ تا ڕاددەیەک گۆڕانی بەسەرداهات و ، ئەم مەسەلەیەش یەکێک بوو لەو بەڵگەو بیانووانەی کە دواتر شۆڕشگێران (ثوار) کردیانە دەستەوازە (وسیلة) ی بەڕەوا دانانی کوشتنی خەلیفەو سەرەنجامیش شەهیدیان کردو ، دەرگای گەورەترین ئاژاوەیان لە مێژووی ئیسلامدا کردەوە ، کە هەتا ئێستاش شوێنەواری هەرماوە !!

www.alibapir.net

هەڵبەتە شتێکی ڕوون و ئاشکراشە کە خوای کاربەجێ لە قورئانی بەڕێزدا لە چەندەها شوێن دا ئەو ڕاستی یەی ڕوون کردۆتەوە، کە ئەوەی بۆتە هۆی هەڵبژێررانی ناودارانی جیهانی خواناسی بۆ پلەی چاوساغی و پێشەوایەتی خەڵکی، تەنیا و تەنیا ئەو خەسڵەتە بەرزانە بوون کە خۆیان پێ ڕازاندوونەوە. بۆ وێنە:

٢،١- زانیاری و توانای جەستەیی، وەک خوای بەرزو مەزن لەسەر زمانی یەکێک لە پێغەمبەرانی (بني إسرائيل) کە (طالوت) ی بە سەرکردە بۆ هەڵبژاردبوون و، ئەوانیش پێی قایل نەبوون، لە وەڵامیان دا وەک بەڵگەهێنانەوە لەسەر شیاوی (طالوت) فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ ..) البقرة/ ٢٤٧.

٤،٣- خۆڕاگری و بڕوایەتەوی (الصبر واليقين)، وەک خوای کاربەجێ دەربارەی هەڵبژێررانی پێشەوایانی (بني اسرائيل) فەرموویەتی: (وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ) السجدة / ٢٤.

٦،٥- هێزو شارەزایی (القوة والبَصيرة)، وەک خوای زاناو توانا دەربارەی (إبراهيم و اسحاق و يَعقوب) فەرموویەتی: (واذكر عِبادنا إبراهيمَ وإسحاقَ ويَعقوب أولي الأيدي والأبصار) ص/ ٤٥.

جیاوازی نێوان (هێزو شارەزایی) و (زانیاری و توانا)ش ئەوەیە کە (هێزو شارەزایی ـ القوة والبصيرة) زیاتر پەیوەندی بە دیوی مەعنەوی ئینسانەوە هەیە، بەڵام (زانیاری و توانای جەستەیی) زیاتر پەیوەندی یان بەدیوی ڕواڵەتی و بەرهەستی یەوە هەیە.

www.alibapir.net

٧- دەست پاکی (الأمانة): چونکە خوا لەسەر زمانی کچەکەی ئەو زاتە صالحەکە مووسای بەشوانی گرت فەرموویەتی :
(يا أبتِ استأجِرهُ ، إنّ خيرَ منِ استأجرتَ القويّ الأمين) القصص / ٢٦ .

٨- چاکیی(الصلاح) ، چونکە خوای میهرەبان فەرموویەتی :
(ولقد كتبنا في الزبورِ مِن بعدِ الذكرِ أنّ الارض يَرثها عِبادِيَ الصالِحون) الأنبياء / ١٠٥ .

٩- دەرچوون لە تاقیکردنەوەکانی خواو ساغبوونەوە ، وەک خوای بەخشەر دەربارەی هۆی هەڵبژێررانی ئیبراهیم بە پێشەوا (إمام) فەرموویەتی :(واذ ابتلىٰ ابراهِيمَ رَبُّهُ بكلماتٍ فأتمّهنّ قال إني جاعِلك للناسِ إماماً ..)البقره/١٢٤.

بەڵێ هەڵبژێررانی ئینسان چ تاک چ کۆمەڵ بۆ پلەی پێشەوایەتیو ڕابەرایەتی خەڵکی، شتێکی کۆترەکاری نیەو هیچ پەیوەندیشی بە ڕەنگو زمانو دەسەڵاتو سامانو ڕەچەڵەکو مەسلەکو شتی وا وە نیە ، بەڵکو ئەنجامو بەرهەمی شایستەییو لێوەشاوەیی ئینسانە بەهۆی کۆمەڵە خەسڵەتێکی بەرزو پەسندەوە ، کە ئینسان ئامادە دەکەن کە بکونجێو بشێ ئەو ئەرکە گرانە وەئەستۆ بگرێ . هەربۆیەش لەکۆتایی سوورەتی (الفرقان) داکە باسی (عِبادالرحمن) دەکات ، دوای باسکردنی (١٠) خەسڵەتی بەرزو هەڵبژاردە ئنجا لەسەر زمانی ئەو بەندە هەڵبژاردانە دەفەرموێ :
(... واجعَلْنا لِلمُتقينَ إماماً)، واتە تەنیا کاتێک ئینسان هەڵدەگرێ ببێتە پێشەوا (إمام) کە خاوەنی ئەو خەسڵەتانە بێ کە ڕابردن .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

نۆیەم
پەروەردەو بارهێنانێکی هاوسەنگ (متوازن)

یەکێ دیکە لە خەسڵەت و درووشمە سەرەکیەکانی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو صلی اللە علیە وسلم جێنشینەکانی ئەوەیە کە کۆمەڵی مسوڵمانی بەشێوەیەکی هاوسەنگ پەروەردەکردوەو بارهێناوە، مەبەستیشم لە پەروەردەکردن و بارهێنانێکی هاوسەنگ ئەوەیە، کە ئینسان لەیەک کاتدا هەموو چوارو لایەنەکانی ژیانی لەبەرچاو بگرێ و، هیچیان لەسەر حیسابی هیچیان قەبە نەکات و، هیچیشیان بۆ هیچیان پشتگوێ نەخات، ڕوونتر بڵێم: مەبەستم لە پەروەردەو بارهێنانی هاوسەنگ ئەوەیە کە ئینساني مسوڵمان عیبادەت و سیاسەت و تەقواو غەزاو حەرب و میحراب و فرمێسکی چاو و خوێنی هەناو و عەقڵ و دڵ و مزگەوت و بازاڕ و خەڵوەکێشان و دوژمن وەدەرنان و... هتد بەیەک چاو تەماشابکات و لەیەک کاتدا، خواپەرستێکی ماڵ و سیاسەتمەدارێکی کارامەو، پارێزکارێکی چاو بەفرمێسک و جەنگاوەرێکی چەنگ بەخوێن و، عاقڵمەندێکی تێگەیشتوو و دڵ بێدارێکی پێگەیشتوو و، دواڕۆژ خوازێکی بێ بەشوو و دنیاناسێکی بەخولق و خوو و .. هتد بێ!!

نەک وەک مسوڵمانانی ئەم سەردەمە کە یان خواپەرستێکی

www.alibapir.net

فەقیرحاڵ و بێ سیاسەتە، یان سیاسییەکی پارێزنەکەرو کەم حورمەتە! یان تەقوای هەیەو لە تەقەدەترسێ، یان خەریکی غەزایەو لە تەقوا ناپرسێ! یان شەرعزانێکی دڵ مردووە، یان صۆفییەکی ڕێ لێ ون بووە! یا سەلەفییەکی ئیشک و مەزەب نەناسە، یان مەزهەبییەکی بیرتەسک و کەساسە!

بەڵێ هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر خوا لێیان ڕازی بێ بەتایبەتی، زۆربەی هەرە زۆری پەروەردەی فەرمانڕەوایەتی پێغەمبەرو جێنشینەکانی بەگشتی، بە شێوەیەکی هاوسەنگ و ڕێک وپێک بارهێنرابوون و پەروەردەکرابوون، بەجۆرێک کە مەردی مەیدانی هەردووک دنیا بوون وە ئێستا مێژوونووسانی بێگانەش چ جای خۆماڵی دانیان پێدا هێناوە، کە موسڵمانانی ئەو چاخ و ڕۆژگارە زیرەکانە وادێنە بەرچاو کە هەرکامێکیان لەیەک کاتدا لە کۆلێژەکانی حقوق و شەریعەت و سیاسەت و جەنگ و فەلسەفەو ئەخلاق و تەصەووف و .. هتد دەرچووەو لەو کۆلیژانەشدا بە پێزترین دەرسی لەلای لێهاتووترین مامۆستا خوێندوە !!(١)

دیارە هەرواشەو قوتابخانەی پێغەمبەر، ئەو قوتابخانەیەیە کە هەرکەسێک بەڕاستی تێیدا ببێتە شاگردو قوتابی، لە هەموو لایەکەوە تێروتەسەل دەبێ و ئینسانێکی کاملّ و لێهاتووی لێ دەردەچێ!

---

(١) لێهاتوویی ئەو موسڵمانانە لە جەنگەکان داو لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ پادشاو سەرۆکەکانی دەوڵەتانی ئەو سەردەمەداو لەکاتی چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوخۆیان دا بە جوانترین شێوە دەردەکەوێ.

www.alibapir.net

دەیەم

چاوکردنەوەو فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر

ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو نیشانەو خەسڵەتانەی کە پێناسەی خەت و ڕێبازی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام خەلیفەکانی دەکەن.

چونکە ئیسلام دەیەوێ تاک و کۆمەڵ لەڕووی تێگەیشتن و قەناعەت و بەرچاو ڕوونی تەواوەوە پابەندی بەرنامەی خوا بن و لەوبارەوە خوای مەزن بەپێغەمبەری فەرمووە:

(قُل هذهِ سَبيلي أدعو الى الله على بَصيرةٍ أنا ومَن أتبعَني ..) يوسف / ١٠٨ . واتە:

بڵێ ئەمە ڕێبازی منە، لەبەر ڕۆشنایی‌دا بانگەواز بۆلای خوا دەکەم، خۆم و ئەوانەش کە شوێنم کەوتوون ..

بەڵێ مسوڵمانی بەڕێز!

عادەتی پێغەمبەری ڕابەرمان علیه الصلاة والسلام و چوار جێنشینەکانیشی خوا لێیان ڕازی بێ وا بوو کە بەردەوام هەوڵیان دەدا خەڵک و جەماوەر هۆشیار بکەنەوەو لەهەموو لایەکەوە چاویان بکەنەوەو فێریان بکەن، چونکە جەماوەری بێ ئاگاو نەزان جێی متمانە پێکردن و پشت پێ بەستن نیەو، بەهەموو فیتوویەک هەڵدەپەڕێ و زوو لەخشتە دەچێ!

هەربۆیەش دەبینین دوای کۆچکردنی پێغەمبەر ژمارەیەکی

www.alibapir.net

زۆر لەو نوێ مسوڵمانە نیوە هۆشیارە بڕیارانە مەزراوانە پاشگەزبوونەوەو، لەبەرانبەر خەلیفەی پێغەمبەر (ابوبکر الصدیق) دا خوا لێی ڕازی بێ، شیرو تیریان هەڵگرتن!

ئنجا ئەوە کە فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی عادەتێکی بنچینەیی پێغەمبەرو خەلیفەکانی بووە، شتێکە سەدان بەڵگەی ئاشکرای لەسەرەو، بۆ هەرکەسێک کە تا ڕاددەیەک شارەزای ژیان و بەسەرهاتی ئەو زاتە بەرزانە بێت، دەبێتە مەسەلەیەکی ڕوون و سەلمێنراو.

بەڵێ مینبەری مزگەوت بەتایبەتی لە ڕۆژانی جومعەدا شوێنی تێداخرانەڕوو و شیکرانەوەی هەموو جۆرە مەسەلەیەکی وردو درشتی فیکری و ئەخلاقیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو عەسکەری بوو![(1)]

کەواتە: ئەواتەی کە بە بەهانەی حیکمەت و بەرژەوەندی ئیسلامی دەیانەوێ سەبارەت بە زۆربەی مەسەلەو کیروگرفتە گرنگ و زیندوو (حَيَوي) ەکانی کۆمەڵگا، دیزە بەدەرخۆنەی لێبکەن و، جەماوەر لە بێ ئاگاییو نەشارەزاییدا بهێڵنەوە، لە دوو حاڵان بەدەر نین:

١- یان سادەو فەقیرحاڵ و بێ غەرەزن و هەر ئەوەندەی

---

(١) لەدوای پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام خەلیفەی چوارەم (علی بن ابی طالب) خوا لێی ڕازی بێ، لە هەموو خەلیفەکان زیاتر گرنگی بەم مەسەلەیە داوە، هەڵبەتە بارودۆخەکەشی وای پێویست دەکرد، چونکە لە سەردەمی وی دا ڕووداو کارەساتی جۆراوجۆر زۆر بوون و، دیارە هەرکام لەو ڕووداوو کارەساتانەش حەوجێیان بەوەبوو کە شی بکرێنەوەو لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە سەرنج بدرێن و هەڵبسەنگێنرێن و، جەماوەر سەبارەت بە حوکم و بڕیارو هەڵوێستی ئیسلام لەبارەیانەوە هۆشیار بکرێتەوە.

www.alibapir.net

لێ دەزانن و پێیان وایە کارێکی چاک دەکەن و، تازیەن کە پێچەوانەی عادەت و رێ و شوێنی پێغەمبەرو خەلیفەکانی‌یەتی.

٢- یان فێلبازو زۆرزانن و، لەو راوچیە خراپانەن کە لە ئاوی قوراودا راوێ دەکەن و، لە بێئاگایی‌و چاوبەستەکی‌و چەواشەکراوی خەلکی فرسەت وەردەگرن و، هێندەیان هەلەو پەلەو کەلێن و کون هەن، دەزانن ئەگەر خەلک چاوی بکرێتەوەو هۆشیار بێتەوە، ئابروویان دەچێت!

ئنجا گومانی تێدا نیە کە بەپێی یاسای (ما من عام إلا وقد خصص) ئەم مەسەلەیەش چەند حالەتێکی ریزپەر (شاذ)ی هەن کە لێی هەلدەوێردرێن، بەلام یاسای گشتی و بنچینەیی هەر چاوکردنەوەو فێرکردن و هۆشیار کردنەوەی جەماوەرە، بۆئەوەی هیچ هەلپەرستێک نەتوانێ بیکاتە مێگەلە مەرێک و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی بە شەخسی و بنەمالەییەکانی خۆی وەپێش خۆی بدات و، دەسخەرۆی بکات.

یازدەیەم
چەسپاندنی دادگەری لە هەموو روویەکەوە

چەسپاندنی دادگەری کە یەکی دیکەیە لە درووشم و نیشانە بنەرەتی‌یەکانی خەت و رێبازی پێغەمبەرو

www.alibapir.net

صلى الله عليه وسلم جێنشینە ڕێڕوونیکراوەکانی، گەورەترین ئامانجی دنیایی نێردراوانی پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام وەک خوای میهرەبان فەرمویەتی: (لَقد أَرْسَلْنا رُسلنا بالبَيِّنات وأَنْزَلْنا مَعَهُمَ الكِتابَ والمِيْزانَ لِيَقُومَ النّاسُ بالقِسْطِ، وأَنْزَلْنا الحَدِيْدَ ..) الحديد / ٢٥ .

هەروەها خوای دادگەر بە پێغەمبەری فەرمووە کە بفەرموێ (.. وأُمرتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُم ....) الشورى / ١٥ .

مەبەستیشم لە (چەسپاندنی دادگەری) زۆر شتەو، وشەی ناوبراو گەلێک شت دەگەیەنێ، بەڵام ئێمە لەچەند خاڵێک دا ئەو مەعناو مەبەستانە کورت دەکەینەوە :

١- هەموو کەس وەک یەک مافی ژیان و کارو کاسبیو بیرورا دەربڕین و مشوورخواردنی کاروباری دەوڵەت و مسوڵمانانی هەیە ، (النّاسُ مُسْتَوونَ كأَسْنانِ المِشْطِ ..) أخرجه الديلمي .

٢- هەموو کەس مافی هەیەو بۆی هەیە ببێتە کاربەدەستو لێپرسراوو، جگە لە تەقواو تواناو لێهاتوویی هیچ شتێکی دیکە بەمەرج نەگیراوە، (ونُرِيدُ أن نَمُنَّ على الذينَ اسْتُضْعِفوا في الأرْضِ ونَجعلَهُم أئِمّةً ...) القصص / ٥ .

٣- هەر لە گەورەترین دەستەڵاتدارەوە هەتا سادەترین مسوڵمان هیچ کەس لە سەرووی بەرنامەو پەیڕەوەوە نیەو ، بۆ لێپرسینەوەو سزادران لەبەردەم دادگادا وەک یەکن ، وەک پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەبارەت بەو ئافرەتە مەخزوومییەی کە دزی کردبوو تکایان بۆکرد کە دەستی نەبردرێ فەرمووی: (.. والذي نَفْسُ مُحمدٍ بِيَدِهِ لَو أنَّ فاطِمَةَ بِنتَ مُحَمّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَها) رواه البخاري .

www.alibapir.net

٤- جگە لە تەقواو کردەوەی چاک و پەرێزی پاک هیچ تەرازوو و سەنگی مەحەکێکی دیکە نیە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندن (تقییم) ی مسوڵمانان.، وەک خوای کاربەجێ فەرموویەتی :(.. إنَّ أکرمَکم عِندَ اللهِ أتقاکم)الحجرات/١٣.

ئنجا مەسەلەی (چەسپاندنی دادگەری) یش لە هەموو ڕوویێکەوە لەسەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی پێغەمبەرو صلی الله علیه وسلم چوار جێنشینەکانیدا، بۆ هەرکەسێک کە سەرەدەرێک لە مێژووی ئەو چاخە زێڕینەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بکات، شتێکی ئاشکراو سەلمێنراوە، بەتایبەتی لە سەردەمی پێغەمبەری بەڕێزو خەلیفەی دووەمدا کە بیانییەکانیش دانیان بە دادگەری و دادپەروەریدا هێناوەو دوژمنانیشی شایەدی یان بۆداوە .(١)

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

---

(١) دادگەری عومەر خوا لێی ڕازی بێ لە ڕووداوی کوڕەکەی (عمرو بن العاص) و کابرای قیبطی دا کە ڕستەنە ناودارەکەی خۆی (متیٰ استعبَدتم الناسَ وَقدْ وَلدتْهُم أمّهاتُهم أحراراً ؟) تێدا فەرموو ، وە لە ڕووداوی پاشگەزبوونەوەی (جبلة بن الأیهم) دا بە جوانترین شێوە دەدرەوشێتەوە، کە دەتوانی لە ژیانی (عمر) دا خوا لێی ڕازی بێ بیانخوێنیەوە .

www.alibapir.net

دوازدەیەم
بەتەنگ خەڵکەوە بوون و حەل کردنی گیروگرفتیان

- ئەم خەسڵەتەش یەکێ دیکەیە لەو درووشم و نیشانانەی کە دەگونجێن بکرێنە پێناسەی خەت و ڕێبازی پێغەمبەر و جێنشینەکانی، چونکە هەم پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم وە هەم چوار خەلیفەکانیش بەتایبەتی یەکەم و دووەم و چوارەم ئەوپەڕی توانایان بەکارهێنا لەپێناو دابین کردنی هێمنی و ئاسایش و بەختەوەری خەڵکیدا و، لەپێناو چارەسەرکردن و لابردنی ئێش و ژان و گیروگرفت و ناکۆکیەکانیان دا.

دیارە ئەمەش شتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراوە لەکەسانێک کە لەبەر تیشکی قورئانێک دا بەڕێوە دەچن کە دەفەرموێ: (.. الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ ....) الحج / ٤١.

وە لەبەر تیشکی سوننەتێک دا حوکم دەکەن کە دەفەرموێ: (خَيْرُ النَّاسِ أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ) رواه القضاعي عن جابر، وە دەفەرموێ: (وَمَنْ أَصْبَحَ لَا يَهْتَمُّ لِلْمُسْلِمِينَ فَلَيْسَ مِنْهُمْ). رواه الحاكم.

www.alibapir.net

سێزدەیەم
پێش کردنی بەردەوام و لێبڕان و گۆڕینی واقیع

ئەمیش دیسان خەسڵەت و نیشانەیەکی دیکەی بنجی و گرنگی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو صلی الله علیه وسلم چوار خەلیفەکانییەتی.

بەڵێ پێغەمبەری هەڵبژاردە و کۆتایی هەر لەو ڕۆژەوە کە خوا پێی فەرموو: (... إنا سَنلقي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيْلاً) المزمل /٥ ... زۆر بەکەرمی و بێ پسانەوە و لێبڕاوانە دەستی کرد بە بانگەواز کردنی خەڵکی و قۆڵی لە ڕووخاندنی قەڵای کوفر و ستەم و خراپە هەڵماڵی و، دەستی کرد بە واقیع گۆڕین لە کوفرەوە بەرەو ئیمان و لە ستەمەوە بەرەو دادگەری و لە خراپەوە بەرەو چاکی و پاکی و بەکورتی لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی!

هەتا لەماوەی (١٣) ساڵی قۆناغی یەکەمی پێغەمبەرایەتیدا بە لوتف و بەخششی خوا توانی دەنگی بانگی خوناسی و یەکتاپەرستی بەگوێی زۆربەی خەڵکی نیوەدوورگەی عارەبیدا بدات و، ویڕای ئەمەش کۆمەڵە مسوڵمانێکی (چیواری) و هەڵبژاردە تێ بگەیەنێ و پێ بگەیەنێ، کە دواتر لەماوەی (١٠) ساڵی قۆناغی دووەمی پێغەمبەرایەتیدا، توانیان ببنە پێشەنگ و چاوساغ و بناغەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی فراوانیدا،

www.alibapir.net

که زیاتر له (۱۰۰.۰۰۰) جەنگاوەری تێدابوو !(۱)

وە هەرکام لە چوار خەلیفەکانیش خوا لێیان ڕازی بێ ، وێڕای جموجۆڵ و چالاکی بەپێزیان لەخزمەت پێغەمبەردا ، پاش هەڵبژێررانیشیان لەلایەن کۆڕی ڕاوێژو جەماوەری موسوڵمانانەوە ، چاکی مەردایەتیو خزمەتگوزاری یان لـــێ بەلادا کردو ، هەرکامێکیان بەپێی توانا و تاقەتی خۆی تا دوا هەناسەی شێلگیرانەو لێبڕاوانە سەرگەرمی بەرەوپێش بردنی ئیسلامو فراوان کردنی دەسەڵاتیو پتر چەسپاندنـــی دەوڵەتەکەی و زیاتر دەوڵەمەندکردنی پەیڕەوو بەرنامەکەی بوون .

هەڵبەتە هەر لە بەرەکەتی ئەو کاری بەردەوام (العمل المتواصل) و لێبڕان (التجرد) و واقیع گۆڕین (تغییر الواقع) ەی پێغەمبەرو خەلیفەکانیو جەماوەرەکەشیانەوە بوو کە دەوڵەتی ئیسلامی خەملاو پنجی داکوتا ، ئەو دەوڵەتە نموونەییەی کە مرۆڤایەتی زۆر دوورە جارێکی دی بەخۆیەوە ببینێتەوە ، بەڵام ناشڵێم مەحاڵە ، چونکە هەمان بەرنامەو ڕێباز کە ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنیات نرا ، ئێستـــاش لەبەردەستی مرۆڤایەتیدا هەیە ، بەڵام بێگومان یەکی لەسەر پەیدابوونی ئەو جۆرە پیاوان (رجال) ە کەوتوە کە کاتـی خۆی ئەو دەورە سەرسامکەرەیان لەسەر شانۆی مێژوو گێڕا ، ئەمیش ئەگەر خوا حەزبکات شتێکی گونجاوە هەرچەنـــدە زەحمەتەو زۆریشی دەوێ !!

---

(۱) چونکە نووسەرو لێکۆڵەرەوانی ژیانی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام دەڵێن لە حەجیماڵئاوایی (حجة الوداع) دا پتر لە (۱۰۰.۰۰۰) کەس گوێیان لە وتارە گرنگەکەی پێغەمبەر گرتبوو !

www.alibapir.net

چاردەیەم
چاودێری و لێپرسینەوەی خەڵکی بەگشتی و کاربەدەستان بەتایبەتی

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: (وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً ...) البقرة / ١٤٣.

لەم ئایەتە بەپێزە دەفامرێتەوە کە بنەڕەتی ترین ئەرکی سەرشانی پێغەمبەرو صلی اللە علیە وسلم ئوممەتەکەی بریتیە لە ئاگاداری و چاودێری کردنی خەڵکی و بەسەرڕا گەیشتنیان، دیارە ئەمیش یەکێ دیکەیە لە دروشم و نیشانەکانی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو چوار جێنشینەکانی، چونکە ئیسلام بۆیە نەهاتوە کە ئینسان لە جوغزی سروشتی خۆی بەرێتە دەرێ و بیکاتە فریشتەی پاک و بێ هەڵە، بەواتایەکی دیکە، بەڕێوەبردنی ئیسلام پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە کە شوێن کەوتووانی بچنە ڕیزی فریشتانەوە، چونکە ئینسان ئینسانەو فریشتەش فریشتەیەو، خوای زانا و کاربەجێش بۆیە ئیسلامی بۆ ئینسان ناردوە کە وەک ئینسانان بەڕێوەی ببەنەرێ، نەک وەک فریشتان، دەنا هەر لەسەرەتاوە ئەرکی جێگرایەتی و بەڕێوەبردنی ئیسلامی بە فریشتان دەسپارد!!

جا بێگومان بەڕێوەبردنی ئیسلام لەنێو خەڵکیدا پێویستی

www.alibapir.net

بەو هۆو وەسیلانە هەیە کە لەگەڵ سروشتی ئینســـــان دا دەگونجێن و وا لە ئینسان دەکەن ڕێ بگرێتە بەرو لانەدات ، جا یەکێک لەو هۆو وەسیلە هەرە گرنگ و کاریگەرانــــە بریتیە لە چاودێری (مُراقبةً) و لێپرسینەوە (مُحاسبـةً) ، ئنجا دوای لێپرسینەوەش دیاری کردنی سزادان (مُعاقَبـةً) بۆ لارێ بووان و پاداشتدانەوە (مُکافَئَةً) ش بـــۆ چاکەکاران .

دیارە ئینسانیش هەتا شوێنی دیارترو دەوری گرنگتــرو کاریگەرتر بێت ، پێویستە چاودێری و لێپرسینەوەی لەسەر توندترو وردتر بێت ، هەربۆیەش لە دەوڵەتی ئیسلامـــی دا وردو درشت و پیاوو ژن بۆیان هەیە فەرمان بە چاکـــەو نەهی لە خراپە بکەن ، تەنانەت لەگەڵ خودی خەلیفەش دا کە بەرزترین دەسەڵاتە !

جا بێگومان ئەم مەسەلەی چاودێری کردن و لێپرسینەوەی خەڵکی بەگشتی وکاربەدەست و مشوورخۆران بەتایبەتی لــە دەوڵەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و دەوڵەتی خەلیفە ڕاشیدەکان دا دیاردەیەکی یەکجار ڕوون و بەرچاو بووە .

جارێ پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ئەوە لە هەمــوو بوارو لایەنەکانی ژیان دا ورد ورد سەرنجی قسەو کــرداروو ڕەفتاری تێکرای خەڵکی بەگشتیو کاربەدەستانی بەتایبەتـی داوە ، هەر نارێکیو بێ شەرعیەکی هاتبێتە بەرچاو یـــان ڕاستەوخۆ ئەگەر پێویستی کردبێ ، یان ناڕاستەوخۆ (غیــر مباشر) پەنجەی لەسەر داناوەو حوکم و بڕیاری شەرعـــی دەربارە خستۆتەڕوو ، بۆ وێنە ئیمامی بوخاری بۆمـــان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام جارێکـــی

www.alibapir.net

نەفەرێک دەنێری بۆ کۆکردنەوەی زەکات، ئەویش کە دەگەڕێتەوەو دێتە خزمەتی، دەڵێت: ئەمە زەکاتەو ئەمەش ماڵی خۆمەو بەدیاری داویانمێ! پێغەمبەریش صلی اللە علیە وسلم دەچێتە سەر مینبەرو وتار دەدات و دەفەرموێ: ئی واتان هەیە دەینێرین بۆ خرکردنەوەی زەکات، بەڵام کە دێتەوە، دەڵێ: ئەمە ئی ئێوەیە کە زەکاتەو، ئەمەش ئی خۆمەو بەدیاری داویانمێ!!

ئەدی بۆچی لەماڵی بابی دانەدەنیشت دیاری یەکەیان دابایە؟!

ئنجا بێگومان ئەو چاودێری و لێپرسینەوەیەی پێغەمبەر بەس تایبەت نەبووە بە لایەنێکی دیاری کراوەوە وەک (عیبادەت)، بەڵکو گشتیو هەمەلایەنە بووەو لەهەر رووێکەوە ناڕێکی یەکی هەست پێ کردبێ باسی کردوەو هەڵوێستی شەرعی دەربارە دەربڕیوە، جا ئەو شتەش مەسەلەیەکی سیاسی بووبێ، وەک نامەکەی (حاطب بن ابی بلتعە) کە لەکاتی گرتنی مەککەدا بۆ خەڵکی مەککەی نووسی، یان عەسکەری بووبێ وەک دواکەوتنی (کعب بن مالک) و دوو برادەرەکەی لە جەنگی تەبووک، یان ئەخلاقی بووبێ وەک ناڕەزایی دەربڕینی سەبارەت بەوانەی بوختانیان بۆ عائیشە کرد خوا لێی ڕازی بێ، یان تەنانەت شتێکی کچکەو سادەش بووبێ وەک ئەوەی کە (أبوذر) بە (بلال)ی گوت: (یا إبن السوداء!)، پێغەمبەریش صلی اللە علیە وسلم بەتووڕەیی یەوە پێی فەرموو (إنّکَ امرؤٌ فیکَ جاهلیة!)، هەتا ئەگەر مەسەلەی نان خواردنیش بووبێ، وەک (انس) دەگێڕێتەوە، دەڵێ منداڵ بووم لەگەڵ

www.alibapir.net

پێغەمبەردا خواردنم دەخواردو دەستم لەملاولای قاپەکـــە دەگێرا ، ئەویش پێی فەرمووم :
(يا غُلامُ سَمِّ اللهَ وَكُلْ بِيَمِينِكَ وكُلْ مِمّا يَليكَ)متفق عليه .
واتە : رۆڵە ! ناوی خوا بێنەو بەدەستی ڕاستت بخـــۆو لەپێش خۆتەوە بخۆ !
ئنجا هەرکام لە چوار خەلیفەکانیشی خوا لێیان ڕازی بێ لەسەر ئەم ڕچەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلــــم بەردەوام بوون ، بەڵام ئەوەی زیاتر ئەم مەسەلەی چاودێری کردن و لێپرسینەوەیەی بەگرنگ هەڵگرتبوو و خۆی پێـوە بەخەم کردبوو عومەری کوڕی خەتتاب بوو خوا لێی ڕازی بێ، بەتایبەتی سەبارەت بەو والیو کاربەدەستانەی کە لە شارە زلەکان دا کاروباری مسوڵمانانیان پێ سپێررابوو، یەکجار وردو بەمشوور بوو و چاک خستبوونیە ژێر چاودێـــری و تاقیکردنەوەوەو (محمد بن مسلمه) ی تەرخان کردبوو کــە وەک پشکنەری گشتی (المفتش العام) بەسەر والییەکانەوە بگەڕێ و سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵس وکەوتی شەخسیو ژیان و گوزەران و مەسرەفی ماڵ و خێزانیان و پارەو سامانیـــان بەوردی لێپرسینەوەی لەگەڵ دا دەکردن !!
هەڵبەتە شایانی باسە کە چەتی قورسایی چاودێری کردن و چاودێری کران و لێپرسینەوەو بەرپرسیاری دەکەوێتــە سەرشانی شەخسی یەکەمو براگەورەو فەرمانڕەوای مسوڵمانان، سادەتر بڵێم :
لە دەوڵەتی ئیسلامیو کۆمەڵگای ئیسلامیدا چاوســـاغ و براگەورە لەپێش هەموو کەس داو لە هەموو کەس پتـــر چاودێر (مُراقِبْ) و چاودێری کراو (مُراقَـــبْ) و

www.alibapir.net

لێپرسەرەوەو بەرپرسیارە، چاودێرو لێپرسەرەوەی خەڵک و ڕەعیەتەکەیەتی‌و ، چاودێری کراوو بەرپرسیارە لەلایەن خەڵک و ڕەعیەتەکەیەوە .

پازدەیەم
پشت بەخوا بەستن و لەسەر لاقی خۆوەستان

ئەمیش نیشانەو خەسڵەتێکی دیکەی بنچینەیی یە کە دەگونجێ پێناسەی خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو صلى الله عليه وسلم جێنشینە بەڕێزەکانی پێ بکرێ .

خوای قسەلەجێ لەوبارەوە بە پێغەمبەری رێ پیشاندەرمانی فەرمووە :(يا أيُّها النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ المؤمنين) الأنفال / ٦٤ . واتە :

(ئەی پێغەمبەر ! خوات بەسەو ئەو بڕوادارانەی کە شوێنت کەوتوون) ، ئەمە مانایەکی ئەم ئایەتەیەو ، مانایەکی دیکەی ئەمەیە (ئەی پێغەمبەر ! تۆو ئەو بڕوادارانە کە شوێنت‌کەوتوون خواتان بەسە) .

شتێکی ئاشکراو ڕوونیشە کە هەم پێغەمبەریش و هەم هەرکام لە چوار جێگرەکانیشی (صلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم) بێجگە لەخوا بەهیچ شتێکی دیکەیان نەنازیوەو پشت ئەستوور

www.alibapir.net

نەبوو ون و، بەس لەسەر لاقی خۆیان و شوێن کەوتووانیشیان ڕاوەستاون!

ئنجا گومانیشی تێدا نیە کە بەبێ پشت بەخوا بەستن و لەسەر لاقی خۆ وەستان هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێک ناگونجێ کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ڕاستەقینەش! چ جای دەوڵەت دروست بێت و، ئەگەر گریمان دروستیش بێت ناتوانێ بەشێوەیەکی ساغ و سروشتی درێژە بە ژیانی خۆی بدات!

بەڵێ کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی کاتێک بە ڕەسەن (أصيل) و ڕاستەقینە (حقيقي) دادەنرێ کە پشتی بەخۆی و خوا و خەڵکی مسوڵمان بەستبێت و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستابێ، نەک وەک بێچووە کۆتر زاری قژ کردبێ داخوا کەنگێ خێرخوایەک پاروە نانێک و قمە ئاوێکی دەداتێ!

پێشینانیشمان لەوبارەوە قسەی جوان و نەستەقیان زۆرن بۆ وێنە: (بە لاباران کەس ناچێتە هەواران) وە (ئەوەی بەتەمای چێشتی جیرانان بێ بە برسیەتی سەردەنێتەوە)!!

بۆیە گوتم تەنیا ئەو کۆمەڵ و بزووتنەوە ئیسلامیە بە (ڕەسەن) و (ڕاستەقینە) دادەنرێ، چونکە کۆمەڵ و بزووتنەوەیەک هێندە بڕوای بەخوا قووڵ و دامەزراو نەبێت کە بەس (کافی) بەتێ! (أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ...؟!) الزمر / ٣٦، وە هێندە متمانەی بەخۆی نەبێت کە بڕوای وابێت بۆخۆی بەتەنێ دەتوانێ بژی و بەڕێوەبچێ! وە هێندە ڕەگ و ڕیشەی لەنێو جەرگەی خەڵک و جەماوەری مسوڵماندا دانەکوتابێت کە هاوکاری بکەن و پشتگیری بکەن! مانای وایە هیچ کام لە سێ شاڕەگی:

www.alibapir.net

(١- بڕوا بەخوا بوون ، ٢- باوەڕ (ثقة) بەخۆ بوون ، ٣- خەڵک لەگەڵ بوون) ی تەواو نیں و، دیارە کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکیش نە خوای لەگەڵ بێو نە باوەڕی بەخۆی بێو نە خەڵک پشتی بگرێ ؛ بێ بنچینەو بێ ڕەگ و بێ پشتیوانەو ، شتی واش .:

" مەحاڵە نەک (سەر) (پێ) ش بگرێ ! "

شازدەیەم
پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلام

پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلام یەکێ دیکەیە لە نیشانەو درووشمەکانی ڕاستەقینەی پێغەمبەری ڕەوشت بەرزو خەلیفە سەربەرزەکانی (صلی الله علی محمد وآلـه وصحبه وسلم) . بەڵێ پێغەمبەری سەروەرو جێنشینە بەغیرەت و دادگەرەکانیشی چ لەبواری نێوخۆی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامیدا و ، چ لەبواری دەرەوەی .ئەو کۆمەڵگاو دەوڵەتەدا کە بەیارمەتی خواو هاوکاری مسوڵمانان توانیان لە سەردەمی خۆیان و ماوەی حوکم و دەستەڵاتیان دا ، عیززەت و ئابڕوو و ناوو ناوبانگی ئیسلام چ لەبواری فیکری و

www.alibapir.net

چ ئەخلاقیو چ سیاسیو چ عەسکەریو چ کۆمەڵایەتیدا ، بکەینە لووتکەی هەرە بڵیندی و بیشی پاریزن .

دیارە ئەمەش شتێکی ئاساییو چاوەڕوان کراوە بۆ کەسانێک کە بە براگەورەو رەعیەتەوەو، بەوردو درشتو نێرو مێوە لەبەر تیشکی ئایەتەکانی قورئانێکدا هەنگاو دەنێن ، کە پێیان دەفەرموێ :(ولاتَهِنُوا ولاتَحزَنُوا وأنتُم الأعلَوْنَ إنْ كُنتُم مُؤمِنِينَ) آل عمران / ١٣٩ . وە پێیان دەفەرموێ :(.. ولِلّهِ العِزةُ ولِرسولِهِ ولِلمُؤمنين ...) المنافقون / ٨ . وە پێیان دەفەرموێ :(.. وأعِدّوا لَهُم ما اسْتَطَعْتُم مِن قُوَّةٍ ومِنْ رِباطِ الخَيْلِ تُرهِبونَ بِهِ عَدُوَّ اللّهِ وعَدُوَّكُم ..) الانفال / ٦٠ .

لەکۆتاییدا دەڵێم :

١- پاراستنی عیززەتو ئابڕووی ئیسلام ئەرکی سەرشانی هەموو مسوڵمانانە، بەڵام چەقی قورسایی (مركز الثقل) لەسەر شانی براگەورەو مشوورخۆرانیانە بەتایبەتیو، بەتایبەتی تریش سەرۆک و فەرمانڕەوا .

پێشینانیش گوتوویانە :(باری گەورە دەبێ حوشتر هیبات) .

٢- پاراستنی عیززەتو ئابڕووی ئیسلام پەکی لەسەر دوو شتان کەوتوە ، أ- چەسپاندنی دادگەری لەنێوخۆدا ، ب- ئامادەکردنی هێز لەئاقار دوژمن دا ، خواش بەخۆرایی نەیفەرمووە :(لقد أرسلنا رُسلنا بالبينات وأنزلنا معهم الكتابَ والميزانَ ليقومَ الناسُ بالقسطِ وأنزلنا الحديد..) الحديد / ٢٥ .

٣- هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی بیەوێ عیززەتو

www.alibapir.net

ئابرووی ئیسلام لەنێوخۆی و لە دەرەوەی دا بپارێزی پێویستە هەرکام لە ئەندامەکانی خاوەنی دوو خەسڵەتی بنچینەیی بن ، أ- عیززەت و دەمارو توندوتیژی لەبەرانبەر دوژمن دا ، ب- نەرمیو لێبوردن و بەزەیی لەنێوخۆیان دا ، ئەمەش دەقی قورئانی لەسەرە ، وەک خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی :(يا أيها الذين آمنوا من يرتد منكم عن دينه فسوف يأتي الله بقوم يحبهم ويحبونه ، أذلة على المؤمنين أعزة على الكافرين ..) المائدة / ٥٤

وە فەرموویەتی :(محمد رسول الله والذين معه أشداء على الكفار رحماء بينهم ...) الفتح / ٢٩ .

٤- پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ :

" بەغدا بە نوونەخشکە ناگیرێ ! "

بەڵێ بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک دەبێ هۆو پێداویستی یەکانی دابین بکرێن ، هەروەک چۆن خوا دەربارەی (ذو القرنين) فەرموویەتی :(.. وآتيناه من كل شيء سببا) الكهف / ٨٤ .

کۆمەڵە مسوڵمانێکیش بیانەوێ عیززەت و ئابرووی ئیسلام بپارێزن ، حەتمەن دەبێ مەرجو پێداویستی یەکانی ئەو کارەیان ئامادە کردبن ، جا ئێمە لە خاڵەکانی پێشەوەدا ئیشارەمان بە هەندێک لەو مەرجو پێداویستی یانە کرد ، بەڵام وەک لە خاڵی یەکەمیش دا گوتمان چەقی قورسایی ئەو کارە لەسەر شانی براکەوورەو چاوساغی یەکەمی مسوڵمانانە .

بەڵێ کۆمەڵی مسوڵمان تەنیا کاتێک عیززەت و ئابرووی ئیسلامیان پێ دەپارێزرێ کە براکەورەو سەرکردەیەکیان هەبێ،

www.alibapir.net

أ ــ وەک پێویست لە ئیسلام شارەزابێ و پێشیەوە پابەند بێت، لە چوارچێوەی هەڵس وکەوتی شەخسی خۆی و، ماڵ و خێزانی و ... هتددا .

ب ــ بەس ئیسلام بە بەرنامەو پەیرەوی ڕاستی ژیان بزانێ و، غەیری ئیسلام بەهەڵەو پووچ بزانێ و بشتوانێ بەئاشکرا ئەم ڕاستییە ڕابگەیەنێ، بەبێ سڵەمینەوە لەم ڕولەو .

ج ــ دڵی پڕبێ لە ڕێزو خۆشەویستی سەبارەت بە موسڵمانان و، بوغزو قین بەرانبەر بە ناحەزانی ئیسلام و، ئامادەش بێ بەکردەوە خۆی لەسەر موسڵمانان بەکوشت بدا و دوژمنان بکوژێ .

د ــ هێندە ژیرو وریاو لیزان و وردبین بێ کە دوژمن و ناحەزانی زۆرزان فریوی نەدەن و بەسەهووی نەبەن و، کورد کوتەنی : (دوومەڵی پێ بە بەز حسێب نەکەن) !!

هـ ــ هێندە لێبراوو خاوەن غیرەت و شەهامەت بێ بەدەردی پێشینیان دەڵێن هەڵبژێری کە :

(کەڵەشێری ڕۆژێک بێ نەک مریشکی دە ساڵان) !!

و ــ هێندە بڕواو متمانەی بەخوای خۆی هەبێ و ئەوەندە کومانی چاک (حسن الظن) ی پێ بەرێ کە پشتی بەرنادات و ڕێگە بەدوژمن نادات زەفەری پێ بەرێ .

... دیارە ئەگەر موسڵمانان براگەورەیەکی وایان هەبێ بە یارمەتی خوا هاوکاری هەموویان دەتوانن عیززەت و ئابڕووی ئیسلام بپارێزن ، دەنا بڕوات بێ ئەو پەندەی پێشینان ڕاست دەردەچی کە دەڵێ :

" ئەگەر سەرکردەی شێران ڕێوی بێ ، هەر بەڕێوی حیسابن " !

www.alibapir.net

چەقەبەم نەبەزین و پێشوو درێژی و کۆڵ نەدان

ئەم خەسڵەتەش نیشانەو درووشمێکی یەکجار گرنگی ئەو ڕاستەقامەیە کە پێغەمبەرو چوار خەلیفەکانی پێشەواو سەرقافڵەنی.

بەڵێ پێغەمبەری ڕەند علیه الصلاة والسلام و خەلیفە پەسندەکانی رضی الله عنهم هەرچەندە هەر ڕۆژەو بگرە هەر سەعاتەی لەگەڵ چەندان گیروگرفت و ئێش و ئازان و کۆسپ و لەمپەری جۆراوجۆردا دەستەویەخە بوون، هەردەم لاق چەسپاو و نەلەخشاو بوون و، وشەی بەزین و بێ ورەیی و پاشەکشەو کۆڵ دان بەدەگمەنیش جارێک ڕێی بە فەرهەنگی دڵ و مێشکیان نەبرد!

دیارە ئەمەش شتێکی سروشتی و چاوەڕوان کراوە لە کەسانێک کە بە ئایەتی: (وإن تَصْبِروا وتَتّقوا فإنَّ ذلكَ مِنْ عَزْمِ الأمور) آل عمران/١٨٦، وە بە ئایەتی: (إنّما يُوَفّى الصّابرونَ أجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِساب) الزمر/١٠، وە سوورەتی (والعَصْرِ. إنَّ الأنْسانَ لفي خُسْرٍ. إلا الّذينَ آمَنُوا وعَمِلوا الصّالِحاتِ وتَواصَوْا بِالحَقِّ وتَواصَوْا بِالصّبْرِ) العصر، گۆش کراون و پەروەردە کراون.

www.alibapir.net

هەژدەیەم

خەڵك چاككردن و بەرەوخوا بردن

لەڕاستیدا ئەم خەسڵەت و نیشانەیە یەکەمین و گەورەترین خەسڵەت و درووشمی بنچینەیی ڕاستەقامی پێغەمبەرو خەلیفەکانییەتی، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بەرزترین و یەکەمین و دوامین ئامانج و مەبەستی تێکرای پێغەمبەران (علیهم أفضل الصلوات وأتم التسلیمات) بووە، بەڵام بۆیە خستمە کۆتاییەوە، چونکە پێغەمبەرو جێنشینەکانی صلی الله علیه وآله وصحبه وسلم تەنیا کاتێک توانیان ئەم خەسڵەت و نیشانەیە لەخۆیان و ڕاستەقامەکەیان دا بدرەوشێننەوە کە سەرلەبەری نیشانەو بنچینەکانی پێشوویان لەخۆیان دا هێنابووتەدی، واتە: ئەم (خەڵک چاک کردن و بەرەخوا بردن) ە میوەو بەرهەم و ئەنجامی هەموو نیشانەو خەسڵەتەکانی پێشەوەیەو، تەنیا کاتێک هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی دەتوانێ وەک پێویست ڕێگای چاک بوون (الصلاح) و بەرەوخوا چوون (السَّیْرُ اِلیَ اللّه) بپێوێ کە هەموو ئەو یاساو دەستوورانەی تێدا هاتبنەدیو چەسپابن.

ئنجا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە مەبەست لە چاک بوونی خەڵک، چاک بوونیانە لە هەموو بوارێک دا :

www.alibapir.net

١- لەبواری فیکری دا ، تێڕوانینێکی ژیرانەو بیروباوەڕێکی ئیسلامییانەی بۆ خەڵکەیان هەبێ ، لەسەر بنچینەی عەقڵ و زانست و قورئان و سوننەتی ڕاست (صحیح) لەبەر تیشکی تەفسیرو لێکدانەوەی پێشینە چاکەکان (السلف الصالح) ماندا .

٢- لەبواری مەعنەوی و ئەخلاقیدا ، خواپەرستییەکی چاک و پاک و دوور لە بیدعەت و قەسوەت ئەنجام بدەن و ، خوّیان لە خوو و خدە ئاژەڵیی و شەیتانیی و درندەییەکان پاک بکەنەوە ، بە خوو و ڕەوشتە بەرزو پەسندە فریشتەییەکان برازێننەوە .

٣- لەبواری کۆمەڵایەتیدا ، واز لە هەموو عادەت و نەریتە چەوتەکانی نەفامی بێنن و ، ژیان و گوزەران و هەڵس وکەوت و پەیوەندیەکانیان لەسەر بناغەی ڕێنموونییەکانی قورئان و سوننەت و شەرعدا دابمەزرێنن .

٤- لەبواری ئابووریدا ، کۆمەڵگایەک بن دووربن لە نەخۆشی و دیاردەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کە چەوساندنەوەی کۆمەڵ بەدەستی تاک و بێ بەندو باری تاک لە هەموویان زەقترە ، وە دووربن لە نەخۆشیی و دیاردەکانی کۆمەڵگای - بەناو - سۆسیالیزمی کە زەبوونیی و پلیشانەوەی کەسایەتی تاک لەژێر پێی کۆمەڵ و دەوڵەتدا لەهەموویان بەرچاوترە .

٥- لەبواری سیاسی دا ، نە لەبەر بێ ئاگایی لە دنیا و سیاسەت بە نەقیزحاڵ دابنرێن و لەخشتە ببرێن ، وە نە سیاسەتێکی شەیتانانەو بێ شەرمانەی، واش بگرنە پێش کە لە مایکیاڤیلیانە ڕەفتار بکەن و لەپێناوی گەیشتن بە مەبەستدا دەربەستی هیچ خراپەو بێ شەرعییەک نەبن، بەڵکو

www.alibapir.net

سیاسەتێکی ئیسلامییانەی وا فێربکرێن کە بتوانن ئابڕوو و عیززەتی خۆیان و ماف و ڕێزی خەڵکیش بپارێزن .

٤ـ لەبواری عەسکەری دا ، هەتا دەتوانن خۆبخەملێنن و هێزو پێز پێک بێنن ، تاکو بتوانن نەک هەر کۆیلەو ژێرچەپۆکی هیچ کەس بن ، بەڵکو دوژمنانیشیان بتۆقێنن و لە هەر گۆشەیەکی جیهان دا چەوساوەو بێ مافێک هەبێ ڕزگاری بکەن و مافی ڕەوای بۆ بستێنن .

ئینجا حەوجێش بە شیکردنەوەو سەلماندنیش ناکات ، کە کۆمەڵگاو دەوڵەتی پێغەمبەرو خەلیفە[1] بەڕێزەکانی صلى الله علي محمد وآله وصحبه وسلم ، ئاوابووەو بگرە قەڵەم و زمان دەستەوستانن لەئاثار وەسفی واقیعی ئەو کۆمەڵگاو دەوڵەتەدا ، کە وەک خەونێکی خۆش بوو لە ژیانی تفت و تاڵ و پڕ کێرەوکێشەی مرۆڤایەتی دا .

---

(١) شایانی باسە کە تێکرای مێژوونووسان لەسەر ئەوە یەکدەنگ (متفق) ن کە (عمر بن عبدالعزیز) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە ڕیزی یەکەمی فەرمانڕەوایانی ئیسلام دادەنرێ و، تەنانەت زۆریان نازناوی (خامس الراشدین) یان داوەتێ ، کە پێم وایە پڕبەپێستییەتی ، چونکە لەسەر ڕچەی وان دەڕۆیشت بەتایبەتی زۆر هەوڵی دەدا لە هەموو شتێک دا بە ڕێ و شوێنی (عمر بن الخطاب) دا بڕوات خوا لێی ڕازی بێ .

www.alibapir.net

هەڵوەستەیەکی پێویست

خوێنەری خۆشەویست !

بەپێویستی دەزانم بەرلەوەی ئەم بەشی یەکەمە بەجێ بهێڵین و بچینە سەر بەشەکانی دیکەی ئەم نامیلکەیە ، لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەین و تۆزێک ڕابوەستین و سەرنجێک بدەین ! داخوا پێغەمبەری بەڕێزو خەلیفە بەهێزەکانی صلی اللە علی محمد وآلە وصحبە وسلم چۆن چۆنی توانیان ئەو یاساو بنچینە گرنگ و بنەڕەتیانە بەسەر کۆمەڵگاو دەوڵەتی خۆیاندا بچەسپێنن و خەڵکی لەژێر سێبەری بەرنامەی خوادا وەحەسێنن ؟!!

بە بڕوای من ـ کە تا ئەندازەیەکی چاک سەرنجی ژیانی پێغەمبەری پێشەواو جێنشینەکانیم داوە ـ ئەوەی کە بۆتە هۆی سەرکەوتنی ئەو ناودارانە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە قورس و پیرۆزو پڕ مەترسییانەدا ، ئەم سێ هۆیە بوون :

١ـ پەیوەندی پتەوو گەرم لەگەڵ خوا.

٢ـ مەرزەم کردنی نەفس و هەوا .

٣ـ بەکەمگرتنی ژیانی دنیا .

ئەم سێ شتانەم لە واقیعی ژیان و گوزەران و هەڵوێستەـ ـکانی ئەو گەورەپیاوانە هەڵهێنجان لەبەر تیشکی ئەم ئایەتانەدا ﴿ فأمّا مَنْ طغىٰ . وآثرَ الحياةَ الدُّنيا . فإنَّ الجَحيمَ هيَ المأوىٰ . وأمّا مَنْ خافَ مَقامَ رَبِّهِ ونَهىٰ النَّفْسَ

www.alibapir.net

عَنِ الْهَوىٰ . فَأَنَّ الجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوىٰ) النازعات / ٣٧ - ٤١ .

جا هەرچی پەیوەندی بەتین و پتەوە لەگەڵ خـــوادا لەبواری خواپەرستی (عبادة) ساف و قووڵ و گەرم و بەکوڵ دا خۆی نواندوە ، کە ژیانی پێغەمبەرو هەرکام لە جێنشینـــە -کانی پێی رەنگ بووەو، ئینسان کە سەرنجی ئەم لایەنـەی ژیانیان دەدات وادەزانێ ئەو زاتە بەرزانە بەدرێژایـــی شەوو رۆژان هیچ کارو کاسبی‌یان نەبووە بێجگە لە نوێـــژ کردن و رۆژووگرتن و قورئان خوێندن و زیکرو پاڕانـــەوەو گریان و دڵ کرووزان و خۆ لەبێژینگ دان و رازونیـــاز کردن لەگەڵ خوادا !

هەرزەمکردنی نەفسیش لە هەواو لەبواری پارێزکـــاری (تقوی) دا دەردەکەوێ ، پارێزکاری یەک کە هێنـــدە قووڵ و فراوان و بەردەوام و ورد بووە ، تەنانەت چرکەیەک و هەناسەیەکیان بە بەلاش بەرێ نەکردوەو ، هەتا دەگاتـــە حەرام و ناپەسند (مکروه) ، خۆیان لە شتی حـــەلاڵ و موباحیش پاراستوەو ، نەک لەنێوان چاکەو خراپـــەدا چاکە ، بەڵکو لەنێوان چاک و چاکتردا چاکتریـــان هەڵبژاردوە ..

بەکەمگرتنی ژیانی دنیاش ، لەبواری خواردن و خواردنـە -وەی سادەو پۆشاک و کەل وپەل و جێگاو رێگای هەرزان و ئاسایی و مل کەچ نەکردن بۆ داواکاری و نازو نووزی ماڵ و خێزان و .. بەکورتی لە گوزەرانی هاکەزایی دا خـــۆی دەنوێنێ .

جا لەراستی‌دا پێغەمبەرو خەلیفەکانی بەهۆی ئەم ســێ

www.alibapir.net

خەسڵەتە بەرزەوە ترانیان، خۆز دەورە ببینن کە باسمان کردو ئێستاش و لەمەودواش هەرکەسێک بیەوێ کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لەسەر ئەو یاسا و بنچینانە کە باسمان کردن بەڕێوەبەرێ، حەتمەن دەبێ هەرکام لەم سێ مەرجەی تێدابن دەنا بەدەردی شاعیر دەڵێ:

" كالساعي إلى الهيجا بدون سلاح ".

کەواتە:

هەرکەسێک بیەوێ خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو صلى الله عليه وسلم خەلیفەکانی رضي الله عنهم بگرێتەبەرو بەشوێن پێیان دا هەنگاو بنێ، دەبێ لەم سێ خەسڵەتە گرنگ و بنچینەییەوە دەست پێ بکات، دەنا دڵنیای دەکەم کە ڕەنج بەخەسار دەبێ و لە دنیاو دوارۆژدا هیچ بە هیچ ناکات.

خوێنەری خۆشەویستم!

ئێستا کە لە (١٨) خاڵان دا پێناسەیەکی کورت و پوختی ڕاستەقامی پێغەمبەرو خەلیفە سەرڕاستە ڕێ ڕوونی ـ کراوەکانیت بۆکرا، تا ڕادەیەکی چاک بۆت دەرکەوتوەو دەزانی کە خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو جێنشینەکانی چییەو چۆنەو کاتی خۆی کۆمەڵ و بزووتنەوەو دەوڵەتی ئیسلامی چۆن بووەو، براگەورەو چاوساغەکانی چۆنیان بەڕێوەبردوە.

ئنجا وەک لە (ڕێ خۆشکردن) ی ئەم نامیلکەیەدا گوتمان، مەبەستی ئێمەش لە نووسینی ئەم بەشی یەکەمە هەر ئەوەبوو کە بەرلەوەی دەست بکەین بە توێژینەوەو

www.alibapir.net

لێکۆڵینەوە دەربارەی دەردو نەخۆشیەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیو، ڕێگەو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، بەهۆی ناسینێکی کورت و پوخت و بێ خلتەی ڕێبازی پێغەمبەرو خەلیفەکانیەوە، بەرچاومان ڕوون بێتەوەو، تەرازوویەکی وامان بەدەستەوە بێت کە بتوانین هەق و ناهەق و ڕاست و چەوت و چاک و خراپی پێ لێک جیابکەینەوەو، پێوەر (مقیاس) یکی ئەوتۆمان پێ بێ کە بگونجێ بەژن و بالای بزووتنەوەی ئیسلامی نێو بەشە کوردستانی سەر بە عێراق و، هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی دیکەی ئیسلامیشی پێ بپێوین و، بزانین داخوا لە چ ڕوویەکەوە دەکاتە ئاستی ئیسلام و ڕێ و شوێنی پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام و لە چ ڕوویەکیشەوە پێی هەڵناکا و کورتی دێنێ !!

جا ئێستا با ئەو پێوەرو تەرازووەی کە لەم بەشی یەکەمەدا خرایەڕوو، بەدەستەوە بگرین و بچینە سەر بەشی دووەمی ئەم نامیلکەیەو دەست بکەین بە سەرنج دان و لێ وردبوونەوەی بزووتنەوەکەمان و، هەوڵ بدەین بەپێی ئەو پێوەرو تەرازووە کەم و کووڕی و دەردو نەخۆشیەکانی دەست نیشان بکەین، بۆئەوەی لە بەشێکی دیکەی سێیەمدا بتوانین ڕێگەو چۆنیەتی چارەسەرو نەهێشتنی ئەو دەردو نەخۆشیانەش بخەینەڕوو، ئیدی ئەتۆو بەشی دووەم :

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

بەشی دووەم

دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی

چی یە؟!

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

خوێنەری خۆشەویست !

وای بەچاک دەزانم بەرلەوەی بچینە سەر ئەسڵی مەبەست، وەک ڕێ خۆشکردنێک چەند خاڵێک بخەینەڕوو :

یەکەم : پێشینان گوتوویانە : (گۆزە چی تێدابێ هەر ئەوەی لێ دەڕژێ) ، ئینسانیش لە ڕوانگەی ئیسلامەوە نە شەیتانێکی نەگزیسەو، نە فریشتەیەکی بێ هەڵەو پەڵەیە، بەڵکو دروستکراوێکی تاق و تایبەتییەو، لەبارانیدا هەیە کە بەهۆی پابەندی بە ڕێڕوونییەکانی خواوەو، هەنگاونانی لەبەر تیشکی عەقڵ و شەرعدا وەک فریشتەی لێبێو بگرە بەرزتریش بێتەوە، وە دەشتوانێ بەهۆی لاڕێ بوون و هەتلەبوونەوە بچێتە ڕیزی ئاژەڵ و دڕندانەوە، بگرە نزمتریش !

خوای زاناو کاربەجێ لەوبارەوە فەرموویەتی : (لَقَدْ خَلَقْنا الأنسانَ فی أحْسَنِ تَقْوِيم. ثم رَدَدْناهُ أسْفَلَ سافِلِيْنَ. إلّا الّذينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصّالِحاتِ ..) التين / ٤، ٥، ٦ .

هەروەها فەرموویەتی : (وَنَفس وما سَوّاها . فألْهَمَها فُجُورَها وتَقْواها . قَدْ أفْلَحَ مَنْ زكّاها . وَقَدْ خابَ مَنْ دَسّاها) الشمس / ٧ - ١٠ .

لەبەر تیشکی ئەم قسانەدا کە ڕابردن دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە ئینسان چ بەشێوەی تاک چ کۆمەڵ ناتوانێ خۆی لە هەڵەو ناتەواوی قوتاربکات، مادام وابێ هەر کارو ئیشێکیش کە ئینسان پێی هەڵدەستێ حەتمەن هەڵەو کەمو کووڕی تێدا دەبێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئینسان کە دووچاری هەڵەو کەمو کووڕی دەبێ دەگونجێ دوو حاڵەتی لێک جیا بەخۆوە بگرێ :

www.alibapir.net

١- حاڵەتێکی (ئادەم) انە ، ٢- حاڵەتێکی (شەیتان) انە ، مەبەستم لە حاڵەتی ئادەمانە ، پەشێمان بوونەوەو دان بە هەڵەو تاوان دا هێنان و وازهێنان و گەڕانەوەیە، چونکە کاتی خۆی باوەگەورەمان (آدم) علیه السلام دوای هەڵەکردنی ئاوای کردو، خواش لەبەرانبەردا بەزەیی پیێدا هاتەوەو لیێی بورد، وەک دەفەرموێ : (فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ) البقرة/٣٧ .

وە مەبەستیشم لە حاڵەتی شەیتانانە ، سەرەخەریو لەسەر هەڵە سووربوون و بەردەوامبوونە ، چونکە کاتی خۆی شەیتان کە بەهۆی شکاندنی فەرمانی خواوە تووشی هەڵەو تاوان بوو، لەجیاتی ئەوەی وەک ئادەم دان بەهەڵەی خۆی دا بێنێ و، واز لە بێ فەرمانی خوا بێنێ ، بە ئوسلوبێکی شەیتانانە دەستی کرد بە پاکانە (تبریر) ی هەڵوێستی چەوتی خۆی و پینەو پەڕۆکردن ، چونکە بە خەیاڵی خاوی خۆی پێی وابوو کە بەهۆی پێ لێنان و پەشێمان بوونەوەوە پێ دەشکێ و نزم دەبێ ، بەڵام خوا فەرموودەنی : (.. ألا في الفِتْنَةِ سَقَطوا ..) بەهۆی دان بەهەڵەدا نەهێنانیو وازنەهێنانییەوە تووشی چەند تاوانی دیکە بوو، وەک خۆهەڵکێشان (أنا خَيرٌ مِنهُ)و شانازی بە سروشت و ڕەگەزەوە کردن (خَلَقتَني مِن نار) و بەسووک سەیرکردنی ئادەم (وخَلَقتَهُ مِن طين)...(١)

هەڵبەتە هەرکام لەم دوو حاڵەتە لێک جیاو دژبەیەکەی

---

(١) سەرنج بدە چۆن شەیتانی لەعنەتی بەهۆی ئەو تاوان و خراپەوە کە کردی پەردەی ڕەشی بەسەر دڵی هەڵکشاو، لەبەر بوغزو غەرەزو حەسەد ، لەو ئادەمی ڕێزلێگیراو کرنووش بۆبراوو بەچاکترین شێوە دروستکراوو بەخەلیفە دانراو ،

www.alibapir.net

ئادەم و شەیتان زادەو بەرهەمی سروشتی و چاوەڕوان کراوی ئەو بەرنامەو ڕێبازە بوو کە هەرکامێکیان هەڵیان بژاردبوو ، هەرچی ئادەم بوو وەک بەندەیەکی خۆبەکەم زان پابەندی بەرنامەو ڕێڕوونی خوای خۆی بوو و، دەیزانی کە ناتوانێ بەبێ خوا بژی ، بەڵام شەیتان وەک بابەکەی خۆبەزلگرو لووتبەرز بەندەی هەواو بیروبۆچوونی نەفسی خۆی بوو و ، لەسۆنگەی ئەمەشەوە دووچاری ئەو سەرەنجامە بەدە بوو کە دەیبینین .

کەواتە :

هەبوونی کەم و کووڕی و هەڵەو ناتەواوی لەم بزووتنەوەیەی ئێمەو هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی دیکەش دا شتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراوە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەندام و پێشمەرگەکانی ئەم بزووتنەوەیە بەگشتی و مشوورخۆرو براگەورەکانی بەتایبەتی بەرنامەو پەیڕەوێکی خوایی وایان گرتبێتە پێش ، کە بتوانن وەک ڕێسمانێکی پتەو دەستی تێ بکرن و ، خۆیانی پێ بگرنەوەو ، ئادەمانە پێ لە هەڵەو کەم و کووڕی یەکانیان بنێن و لێیان پەشیمان ببنەوەو ، سەرلەنوێ بەشێوەیەکی چاکترو پاکتر تێ هەڵبچنەوە ، نەک خوانەخواستە ئیبلیسانە لەسەر هەڵەو تاوانەکانیان سوورو سامدەستوو بن و .. هتد .

بەس لایەنە قوڕ (طین) ی یە تاریکەکەی دیوەو ، نەیزانیوە کە ئادەم بەس بریتی نیە لەو چەنکە قوڕەو ، حەقیقەتی ڕی ئەو گیانە ڕووناکەیە کە لەلایەن خواوە بەبەری دا کراوە !

دیارە ئێمەش عادەتی هەمیشەیی حەسوودانی شەیتان سیفەتەو ، وەک مێشبەڕەشە هەر بەدرای خاڵی ڕەش دا دەگەڕێن !!

www.alibapir.net

دووەم: هەڵەو ناتەواوی و کەم و کووڕی یەکانی بزووتنـــــەوەی ئیسلامی ئەگەر (١٠٠) بن، (٩٥) یان دەگەڕێنەوە بـــــۆ ئەوانەی خۆیان بە چاوساغ و براگەورە دادەنێن، بەتایبەتی ئەوەی چەقی قورسایی (مرکز الثقل) ی بەرپرسیاری یەتـــی لەسەر شانە.

ئینجا ئەو (٥%) ەش کە لە فیتی خەڵکەکە دەزانرێ، هەتا سەرکردایەتی چاک نەکرێ لەنێو (٩٥%) ەکەدا ون دەبێت!

چونکە پێشینان دەڵێن:

" ئەگەر کاجووت کاوێژی کرد، لە تەنبەڵی جووتیارە".

وە کوتوویانە:

" ئەگەر گەورە ئاوێ برێژێ گچکە پێی تێ دەنێ".

کەواتە:

با هەموومان بزانین کە دەردی بزووتنەوەی ئیسلامـــی لە (سەر) یەتی و، هەتا لەوێنەوە چارەسەر نەکرێ هیچ هەوڵ و ڕەنجێک سوودی نیەو، بەدەردی پێشینان دەڵێن:

" وەک گوێز لە گومبەز هەڵاویشتن وایە!"

بەڵێ ئێمە پێمان وایە ئەو خەڵک و جەماوەرەی کە لە بزووتنەوەی ئیسلامی کۆبۆتەوە بەشێوەیەکی گشتی چاکترین و پاکترین کۆمەڵن و، لەچاو خەڵکی دیکە دەڵێی برنجـــــی شۆرراوەن، بۆیەش پێداگیری لەسەر خستنەڕووی ئـــەم ڕاستیە دەکەم، تاکو چیدی وەک ئەو کابرایەمـــــان

www.alibapir.net

لێ نەیەت کە ژانەزگی گرتبوو بەڵام پزیشکێکی نەزان دەرمانی دان ئێشەی دابوویەو ، ئەویش هەرچەندە جار لەدوای جار دەرمانەکەی بەکاردێنا هەر شرتر دەبوو !

سێیەم: دەزانم کە هەندێک کەس بەم نووسراوەی من ناسەرسەنگ دەبن و بەشتێکی زیانبەخشی دەزانن ، بەبیانووی ئەوەی کە خەڵک عەیب و ناتەواوی یەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەزانێ و لەئەنجامی ئەوەش دا دڵسارد و بێ هیوا دەبن !!

بەڵام وادیارە ئەو برایانە بێ هەواڵن لەوەی کە (نە ڕەشکە پینە دەکرێ) و (نە بەری ڕۆژێ بە بێژینگێ دەگیرێ) و نە چارەی دەردیش بە خۆ لێ کێل کردن دەکرێ !

بەڵێ کەم و کووڕی و هەڵەو پەڵە بەس لە قۆناغێک دا دەبێ هەولی داپۆشین و کپ کردن و دیزە بەدەرخۆنە لێکردنیان بدرێ ، کە کەم و پەنهان و سەرەتایی و تایبەتی بن و، نەبووبنە دەردو نەخۆشی گشتی و بڵاوبووەوە ، هەر بۆیەش وەک لە خاڵی (دەیەم) ی بەشی یەکەمدا گوتمان عادەتی پێغەمبەری خوا و صلی اللەعلیە وسلم خەلیفە ڕاشیدەکانی وابوو کە بە ئاشکرا و لەسەر مینبەر گیروگرفت و دەردو نەخۆشی یەکانی کۆمەڵیان دەخستەڕوو و جەماوەریان لێ ئاگادار دەکردنەوە .

لەکۆتایی دا دەڵێم :

بابایەک کە دووچاری دەردو نەخۆشی یەک بووە ، چارەی دەردەکەی بەوە ناکرێ کە بەخۆی نەزانێ و، هەتا دەمرێ یان بە تەبیعەت چاک دەبێ ، لە بێ ئاگایی دا بمێنێتەوە ، بەڵکو چارەسەری عاقڵانە ئەوەیە کە لە نەخۆشی یەکەی ئاگادار

www.alibapir.net

بکرێتەوەو ، قەناعەتی پێ بهێنرێ کە نەساغە، بۆئــەوەی بکەوێتە خەمی خۆی ، چونکە پەی نەبردنی بە نەخۆشی‌یەکنەی هیچ لە واقیعی (نەخۆشی) وی ناگۆڕێ و، وەک گوتـــراوە

" عَدَمُ العِلمِ لایَستَلزِمُ عِلمُ العَدَمِ ".

ئێستاش :

دوای خستنەڕووی ئەم سێ خاڵە دەتوانین بچینە سەر ئەسڵی مەبەست و سەرنج بدەین بزانین داخوا :

دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چیە؟

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ:

" دەنگێ دەکەم بەدناوم   دەنگێ ناکەم تەنگاوم " !

لەڕاستی‌دا ئەم پەندە بابایەک گوتوویەتی کە لــــە حاڵەتێکی وەک ئەوەی ئێستای من دا بووە ، چونکـــە لەلایەکەوە سەرنج دەدەم بزووتنەوەو جموجۆڵێک بەنــاوی ئیسلامەوە هاتۆتەگۆڕێ و لافی بووژاندنەوەی ئیســـلام و زیندووکردنەوەی خەت و ڕێبازی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام

www.alibapir.net

لێ دەدات ، بەڵام ئەو ئیسلام و ڕێبازی پێغەمبەرەی کە من دەیناسم و قورئان و سوننەت و مێژوو و کەلەپووری ڕەسەنی ئیسلام باسی کردوە ، لەگەڵ واقیع و ماهیەتی بزووتنەوەی کۆرین دا مەگەر لە ناو دەنا لەکەمشت دا یەک دەگرنەوە ، هەڵبەتە من لێرەدا هەست بە سەغڵەتی و تەنگاوی یەکی زۆر دەکەم کە بێ دەنگ بم و بە هەموو وەسیلەیەک خەڵکی وریانەکەمەوە و تێ نەگەیەنم کە خەڵکینە !

وریابن ئەم واقیعەی ئێمە ناومان لێناوە :

(بزووتنەوەی ئیسلامی) لەگەڵ واقیع و حەقیقەتی ئیسلامی پێغەمبەر و خەلیفە ڕاشیدەکانی دا نەک هەر دوورە بگرە لە زۆر ڕووەوە ، بەراوەژووشەو ، نەچن بە دیتنی ئەم واقیعە بەناو ئیسلامیە ناتەواوە ، واقیعی تێروتەواوی ئیسلامەتیشتان لەبەرچاو ببێزرێ و بەهەڵەدا بچن و بەمەرەدی ئەو کەسە بچن کە بەدەردی پێشینان دەڵێن :

" زاری بەشیری سووتابوو فووی لە (دۆ) ش دەکرد " !

ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی دیکەشەوە سەرنج دەدەم خەڵکێک کە لەپشت پەردەی ڕەشەوە تەماشای شتان دەکات و ، بەچاوی خێل وپێل سەرنج دەدات و ، بەس لە هەمبانەی خۆی دا گوێزان دەژمێرێ و ، هەموو سمێل سووران بە هەمزاغا تێ دەگات و ، سەربارەی هەموو خەمانیش هەوداری بیرو فیکری گەلێک کورتە و کەم تێ دەگات ، کە دەبیستێ و دەبینێ بابایەکی سەغڵەت و تەنگەتاوی وەک من لەتاو دین و بەرنامەی خوا کەوتۆتە زاڵە و ناڵە و بەقسەو

www.alibapir.net

قەڵەم و ڕەفتار دەیەوێ لیفە لەسەر هەتیوان هەڵداتەوەو لەبنی کوولەکەی بذات و هەق و ناهەق و پاک و پیسان لێک جیا وەکات ، ناچێ مسوڵمانانە گومانی چاک بەرێ و ئەو هەڵوێستەم بەچاکە تەفسیر بکات و ، بڵێ : ئەوە بۆیە وادەکات تاکو یەهوێ بێ دەنگی لەئاقار ناهەق دا گوناحبار نەبێت و ، دەیەوێ خۆی لە لێپرسینەوەی دوا ڕۆژو سزاو جەزرەبەی دۆزەخ قوتار بکات ! بەڵکو بەنەدەردی پێشینان دەڵێن : (کەسێک کەسێکی بدزێ خەونی خراپی پێوە دەبینێ !) ، ئیدی بەو شێوەیە بەتەرازووی لەنگ و لاتەڵی خۆی دەست دەکات بەهەڵسەنگاندن و ، گوتنی هەق بە قسەی توندو ڕەق و ، بەگژناهەق دا چوون بە بێ حبکمەتی و زووتووڕەبوون و ، وتاردان بە خۆپێشاندان و ، خستنەڕووی ئیسلام بە شتی ئیشک و بێ تام و ، دەست درێژی قبووڵ نەکردن و سەر شۆڕنەکردن بە کیرەشێوێنی و فیتنە هەڵایساندن و ، خۆماندووکردن بە حەز لە پلەوپایە کردن و ، مشوورخواردن بە خۆفەرزکردن و ، (حب الامامة) کە داخوازی[(1)] (عباد الرحمن) ە بە (حب الزعامة) کە عادەتی فیرعەونانەو ، خەڵک پێکەوە یوش دان و لێک بەستن کە خواو پێغەمبەرەکەی پێیان خۆشە ، بە تاقم تاقمێنەو تەون هەڵبەستن کە پیشەی ئینسانی دڵنەخۆشە ، تەفسیر دەکات !!

---

(١) (وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا ...... وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا) الفرقان / ٦٣ ، ...... ، ٧٤ .

www.alibapir.net

بەلام بەهەرحال من لێرەدا نەک هەر بەپێی ئەو پەندە پێشینەیە ڕەفتار ناکەم کە دەڵێ (لۆمەی مەیدان لە عەزابی خوای ناخۆشترە !) بەڵکو زۆریشم پێ هەڵەیە، چونکە خوا فەرموویەتی : (وأنَّ عَذابي هُوَ العَذابُ الأليمُ) الحجر/ ٥٠

وە پێشم وایە کە ڕازی کردنی خوا و پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلام لە سەرووی هەموو شتێکەوەیەو، بە بەلاشیش نیە کە خوای میهرەبان لەکاتی خستنەڕووی خەسڵەتە بنچینەییەکانی ئەو کۆمەڵەدا کە هەڵیان دەبژێرێ بۆ بووژاندنەوەی بەرنامەکەی، بێ باکی لە توانج و پلار (ولايخافونَ لَومَةَ لائم) ی کردۆتە شەشەمین خەسڵەتیان ، وەک فەرموویەتی : (يا أيها الذينَ آمنوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأتي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ ويُحِبُّونَهُ أذلَّةٍ علَى المؤمنينَ أعِزَّةٍ علىَ الكافِرِينَ يُجاهِدُونَ في سَبِيلِ اللَّهِ ولايَخافُونَ لَوْمَةَ لائِمٍ ...) المائدە / ٥٤ .

.

کەوابێ با بزانین دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چیە ؟!

دەتوانین بە سێ جۆر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، کە لەڕاستیدا هەرسێک وەڵامەکانیش لە نێوەڕۆکدا یەکن :

١- دەتوانین بڵێین : دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوەیە کە لەسەر ئەو (١٨) بنچینەو پایەیە دانەمەزراوە ، کە لە بەشی یەکەمدا خستمانەڕوو و گوتمان بنچینەو نیشانە سەرەکییەکانی خەت و ڕێبازی پێغەمبەری خوا و خەلیفەکاننی صلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم .

٢- وە دەتوانین بڵێین : دەردی بزووتنەوەکەمان ئەوەیە کە بەرنامەو پەیرەوێکی دیاری کراوی ڕاست و، کۆڕێکی ڕاوێژی

www.alibapir.net

ڕاستەقینەو، براگەورەو چاوساغێکی شایستەو لێهاتووی نیە!

٣- وە دەتوانین بڵێین: دەردی بزووتنەوەکەمان زۆرن بەڵام لە یەک نوختەدا کورتدەبنەوە، ئەویش بریتیە لە نەبوونی ڕابەرو سەرکردەیەکی شارەزاو کارکردەو لێبراو!!

بۆیەش گوتم: هەرسێک وەڵامەکان لە نێوەڕۆکدا یەکن چونکە:

ئەگەر (بزووتنەوەی ئیسلامی) ئێمەو هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی دیکەش، کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ڕاستەقینەو تێروتەواو بێت، حەتمەن دەبێ لەسەر ئەو پایەو بنچینانە بنیاتبنرێ کە خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو چوار خەلیفەکانی لەسەر دامەزراوەو، ئەمەش لەکاتێکدا دەبێ کە سەرکردەو چاوساغێکی شایستەو لێهاتووی هەبێت و، هەرکاتێکیش براگەورەو ڕابەرێکی شارەزاو کارکردە مشووری بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی کەوتە ئەستۆ، دەستبەجێ خەمی دروستکردنی کۆڕێکی ڕاوێژی کاراو دانانی بەرنامەو پەیڕەوێک دەخوات!!

کەواتە:

کورت و کرمانجی بڵێین: هەرچەندە دەردو نەخۆشیەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی زۆرن، کە دەتوانین لە (١٨) حاڵاندا کورتیان بکەینەوەو هەر هەژدەشیان پێچەواندی دەرکام لەو (١٨) خاڵانەن کە پایەو نیشانە بنەڕەتیەکانی خەت و ڕێ و شوێنی پێغەمبەرو چوار خەلیفەکانیمانیان تێدا کورت کردنەوە، بەڵام هەموو ئەو دەردو نەخۆشیانە بە پلەی یەکەم

www.alibapir.net

دەگەڕێنەوە سەر یەک ئەسڵ کە بریتیە لە (بێ سەری) !
واتە نەبوونی براگەورەو مشوورگێڕێکی شارەزاو کارکردەو
لێبڕاوو بەجەرگ و پارێزکارو دادگەر .

هەڵبەتە ئێمە تالێین هەموو گیروگرفت و کەم و کووڕی و
دەردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی فیتی یەک تاقە کەس و
خەڵکەکەی دیکە هەموو بەفری بێ پەڵەو فریشتەی بێ هەڵەیە ،
چونکە ئەمە بێ ویژدانییەو پێچەوانەی واقیعیشە ، بەلام
دەڵێین لەسۆنگەی نەبوونی ڕابەرو چاوساغێکی لێهاتووەوە ،
هەموو شتێک شیرازەی پچڕاوەو ، هەڵەو کەلێنی (بێ سەری)
هێندە گەورەو بیرەزایە ، هەموو هەڵەو کەلێنەکانی دیکەی
داپۆشیون ! پێشینانیش بەخۆڕایی نەبووە کە گوتوویانە :

" ئیشکەرت بمرێ مشوورخۆرت نەمرێ " .

ئەلێرەشدا کۆتایی بەم بەشی دووەمە دێنین و دەچینە
سەر بەشی سێیەم :

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

بەشی سێیەم

دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چۆن چارە دەکرێ؟

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

خوێنەری سەنگین !

عارەب گوتوویانە :(الأَشیاءُ بأَضدادِها تُعرَفُ) واتە : شتەکان بە دژی خۆیان دەناسرێن ، کەواتە ؛ ئێمە لەم بەشەدا حەوجێمان بە توێژینەوەی زۆر ناکات ، چونکە لە بەشی دووەمدا بێ پەردەو بێ پێچوپەناو کورت و کرمانجی دەستمان لەسەر برین و نەخۆشی بزووتنەوەی ئیسلامی دانا ، کەواتە چی لەوێدا دەربارەی دەردو نەخۆشی بزووتنەوە گوتمان ڕاست پێچەوانەکەی لێرەدا دابنێ ، وەڵامی پرسیاری (دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چۆن چارە دەکرێ ؟) ت دەست دەکەوێ .

بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی مەبەست لەپێش دا لە (١٨) خاڵان دا چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەردو نەخۆشییەکانی بزووتنەوەکەمان و هێنانە سەرخەتی دەخەینەڕوو ، دواییش هەر بەکورتی چۆنیەتی دەستپێکردنی ئەو کارە ڕوون دەکەینەوە ، هەڵبەتە شایانی باسە کە ئەو (١٨) خاڵانەی لەم بەشەدا وەک ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی چارەسەری دەردو گیروگرفتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی باسیان دەکەین هەر هەمان (١٨) خاڵن کە لە بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا نیشانەو پایە بنەڕەتییەکانی ڕاستەشەقامی پێغەمبەری خواو چوار جێنشینەکانیمانیان تێدا خستنەڕوو ، بەڵام لە سێ چوارێکیان دا پاش وپێشمان کردووە ، هۆو حیکمەتی ئەو جێگۆڕکەو پاش وپێش پێکردنەش ڕوون ناکەمەوەو حەواڵەی بیرو سەلیقەی خوێنەری دەکەم و هیوادارم دۆزینەوەی ئەو هۆو حیکمەتە زۆری ماندوو نەکات .

www.alibapir.net

یەکەم

پێکهێنانی کۆڕێکی ڕاوێژ (مجلس الشوری)ی ڕاستەقینە

بەڵێ پێکهێنانی کۆڕێکی ڕاوێژی ڕاستەقینەو کـــــارا یەکەمین هەنگاوی چارەسەرکردنی دەردو گیروگرفتەکانــــی بزووتنەوەیە، کەسێکیش واقیع بین بێت و لەخۆی نەگـــۆڕێ دەزانێ، کە بزووتنەوەی ئیسلامی هەتا ئێستاش کۆڕێکـــــی ڕاوێژی ڕاستەقینەی نیە ..

بەڵام بێگومان مەحاڵە کۆڕێکی ڕاوێژی ئەوتۆ پێک بێــت بەبێ ڕێک کەوتن و یەکدەنگ بوونی ئەندامانی ئەو کـــۆڕە لەسەر چەند: یاسا و بنچینەیەکی گرنگ و پێویستی ئیسلامی ..

دووەم

پەیدابوونی مەرکەزییەتێکی شەرعی ڕاست ولێهاتوو

ئەمیش دوای پێکهێنانی کۆڕێکی ڕاوێژ گرنگتریـــــن

www.alibapir.net

هەنگاوی چارەکردنی دەردو گیروگرفتەکانی بزووتنەوەیە ، چونکە کۆڕی ڕاوێژ بەبێ هەبوونی مەرکەزییەتێکی ڕاست و شەرعیو لێهاتوو ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕێک وپێک بەڕێوەبچێ، هەڵبەتە نەبوونی مەرکەزییەتێکی ڕاست یان ناڕاست (غیر صحیح) یش لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامیدا ، شتێکی پەنهان و شێرراوە نیە .

بۆیەش مەسەلەی پەیدابوونی مەرکەزییەتم خستە دوای پێکهێنانی کۆڕی ڕاوێژەوە، چونکە لەئیسلامدا تەنیا مەرکەزییەت و دەستەڵاتدارییەک بە ڕەوا و شەرعی دادەنرێ کە هەڵقولاوی کۆڕی ڕاوێژ بێت .

سێیەم

دانانی بەرنامەو پەیڕەوێك لەبەر تیشکی قورئان و سوننەت دا

دوای پێکهێنانی کۆڕێکی ڕاوێژی ڕاستەقینەو پەیدابوونی مەرکەزییەتێکی شەرعیو ڕاست، دانانی بەرنامەو پەیڕەوێکی ئیسلامی ڕێک وپێک سێیەمین هەنگاوی چاککردن و هێنانە سەرخەتی بزووتنەوەی ئیسلامییە .

هەڵبەتە مەبەستیش لە دانانی ئەو بەرنامەو پەیڕەوە ، ئەوەیە کە پێیەوە پابەند بین و بەپێی وی بەڕێوەبچین ،

www.alibapir.net

دەنا بەرنامەی کارپێ نەکراو وەک دەرمانی بەکارنەهێنرا ــ وەو واقیعی پێ ناگۆڕێ .

چوارەم
تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی پێشڕەو

ئەمیش هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە ئەگەر بمانەوێ بزووتنەوەی ئیسلامی قۆناغی خڕبوونەوە (تجمع) ی سادەی ئێستای بەجێ بهێڵێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی واقیعی ، چونکە تەنیا دوای دەست بەکارکردنی کۆمەڵە ئەندام و کادیرێکی شارەزا و لێهاتوو و یەک دڵ و یەک هەڵوێست و ، خاوەن یەک هەست و نەستی ڕاست ، بزووتنەوەکەمان لەم پەرتەوازەیی و بیروبۆچوون جیاجیاییە ڕزگاری دەبێت و ، دێتە سەر یەک جۆرە خەت و بەرنامە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێنجەم

ئازادی دەربڕینی بیروڕا و وەرگرتنی ڕەخنە و پێشنیاری بەجێ

ئەمیش یەکێکی دیکەیە لەو هۆیە گرنگ و بنەڕەتییانەی کە دەورێکی کاریگەریان هەیە لە چارەسەرکردنی وەزعی شپرزەی بزووتنەوەی ئیسلامی و چاککردن و بەرەوپێش بردنی ، چونکە بەدەردی پێشینان دەڵێن : (عەقڵی دووان چترە لە هی یەک کەس) ، خوای جل جلالە فەرموویەتی : (الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَئِكَ هُمْ أُولُوا الْأَلْبَابِ) الزمر / ١٨ .

شەشەم

مافی فەرمان بەچاکە و ڕێگرتن لەخراپە بەهەموو کەس بدرێ

چونکە لە حاڵێکی وادا هەموو کەس خۆی بە بەرپرسیار

www.alibapir.net

دەزانیٚ‌و، لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆش دا ڕێگا لــــــە لاڕیٚ و خراپەکاران ئەگەر بەتەواویش نەگیریٚ یەکجار تەســـک دەبێتەوەو، ئەرکی سەرشانی براگەورەش زۆر سووک دەبیٚ.

حەوتەم
یەکدلی یەکریزی = یەک هەلویست

پەیدابوونی ئەم خەسلەتەش کە زادەو بەرهەمی یاســاو بنچینەکانی ڕابردوویە، گرنگترین دەوری هەیە لە چاککردنی زۆربەی هەرەزۆری دەردو گیروگرفتەکانی بزووتنـــەوەداو گەشەپێکردنی‌و بەرەوپێش بردنی‌دا، چونکە بەدەردی زانایەکی مسوڵمان فەرموویەتی:

چوار دانە ژمارەی (١) ئەگەر پرژوبڵاو بن کۆی هەموویان دەکاتە (٤)، بەڵام ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی ڕێک وپێــــک بەدوای یەک دا ڕیزبکرێن ئەنجامی هەموویان دەکاتە (١١١١) بەم شێوەیە:

(١ + ١ + ١ + ١ = ٤ . بەڵام:

(١١١١ = هەزارو سەدو یازدە).

بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە یەکدڵی‌و یەکرپزی و یـــەک هەڵوێست بوون ئەنجام‌و بەرهەمی پایەو بنچینەکانـــــی پێشەوەیەو، بەبیٚ وان هاتنەدی مەحاڵە.

www.alibapir.net

هەشتەم

تەواو لێهاتوویی کردنە سەنگی مەحەکی کارپێ سپێران

ئەمیش یاساو بنچینەیەکی یەکجار گرنگە بۆ چاککردنی بزووتنەوەو لابردنی نەخۆشیو گیروگرفتەکانی ، چونکە زۆربەی هەرەزۆری نەخۆشیو کەمو کووڕیەکانی ئێستای بزووتنەوە لەوەوە پەیدابوون کە بەم یاساو بنچینەیە ڕەفتار نەکراوەو بە پاڵنەری خزمایەتیو مەلایەتیو تیرەگەری و ناوچەگەری و .. هتد کاروبار بەخەڵکی ناشایستە سپێرراوەو پێچەوانەی دەستووری (أُمِرْنا أَنْ نُنَزِلَ الناسَ مَنازِلَهُم) ڕەفتار کراوە .

نۆیەم

پەروەردەو بارهێنانی هاوسەنگ

پێشتر چەمک و واتای ئەم وشەیەمان ڕوون کردۆتەوەو ئێستا بەپێویستی نازانم دووبارەی بکەینەوە، بەلاّم ئەوەندە

www.alibapir.net

دەڵێم کە ئەم خەسڵەتە بەرهەم و ئەنجامی پایەو بنچینەکانی پێشەوەیە، وە ڕاستەوخۆ ئەرکی سەرشانی براگەورەو چاوساغەو. هەروەک چۆن سێبەری درەخت لەقەدەر خۆیەتی. پەروەردەو بارهاتنی خەڵک و ڕەعیەتیش بەئەندازەی ئی براگەورەو پێشڕەوەکەیانە.

دەیەم
چاوکردنەوەو فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر

ئەمیش یەکی دیکەیە لەو هۆیە بنەڕەتییانەی کە دەورێکی کاریگەریان هەیە لە چاککردن و بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا، جا لەبەرئەوەی پێشتر هۆو حیکمەت و سوودی ئەم مەسەلەیەمان ڕوون کردۆتەوە، دووبارەی ناکەینەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە ئەوانەی بە حیسابی خۆیان لەبەر بەرژەوەندی گشتی دەیانەوێ خەڵک لە سادەیی و بێ ئاگاییدا بهێڵنەوە، با زۆر چاک بزانن کە ئەم ڕەفتارە هیچ سوودو بەرژەوەندی یەکی تێدا نیەو، زیانی ڕووتە، چونکە:

١- خەڵکی سادەو نەزان و بێ ئاگا قازانج و سوودی خۆی پێ دابین ناکرێ تاکو ئی کۆمەڵ دابین بکات، هەربۆیەش (علی بن أبی طالب) خوا لێی ڕازی بێ فەرموویەتی:

www.alibapir.net

(وَإِيّاكَ وَمُصاحَبَةَ الأَحْمَقِ فَإِنَّهُ يُرِيدُ أَنْ يَنْفَعَكَ فَيَضُرَّكَ).

٢- نەزانیو بێ ئاگایی خۆی لەخۆی دا شەڕو خراپەیەو، هیچ کاتێکیش خێرو چاکە لە شەڕو خراپە پەیدا نابێت.

٣- ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لەبەر نەزانیو بێ ئاگایی بەقسەی تۆ دەکەن، هەر لەبەر هەمان هۆش بەقسەی دوژمنیش دەکەن، کەواتە ئەو جۆرە خەڵکە وەک باڵندەی کێوی بۆ کەس ماڵی نابن.

یازدەیەم
چەسپاندنی دادگەری لە هەموو بوارێک دا

ئەم یاسایەش کاریگەرترین دەوری هەیە لە ڕاست کردنەوەی باری خواربووی بزووتنەوەی ئیسلامیو، نەهێشتنی کیروگرفتە گرچووبڕەکانیدا، چەمک و مەبەستی ئەم یاسایەش پێشتر روون کراوەتەوەو دووبارەکردنەوەی بەزیاد دەزانم، بەڵام با وێکڕا سەرنجی ئەم ئایەتە بەپێزە بدەین کە دەفەرموێ: (يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَداءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلى بِهِما، فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوى أَنْ تَعْدِلُوا، وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كانَ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيرًا) النساء / ١٣٥.

www.alibapir.net

زۆرچاک بـــــــــــه

واته: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ! زۆرچاک بـــــــه دادگەرانە ڕەفتار بکەن ، لەبەر خوا شایەدی بدەن. ئەگەر بە زیانی خۆشتان یان باب و دایکتان یان خزمانتـــان تەواو بێ ، ئەگەر - باباى شایەدی لەسەردراو - دەوڵەمەند بێ یان هەژار بێ خوا لێیان نیزیکترە ، کەواتە بۆئەوەی بتوانن دادگەری بکەن وەدوای ئارەزوو مەکەون، وە ئەگەر - لە شایەدی یەکەتان دا - خوار بڕۆن یان پشتی تێبکەن، ئەوە بێگومان خوا شارەزایە بەوەی کە دەیکەن !

پێشینانی ماڵحیشمان فەرموویانە : (قَدْ يَدُومُ الْمُلْـــكُ مَعَ الكُفْرِ ولايدَوم مَعَ الجَوْرِ) واتە : دەبینی فەرمانرەوایەتی لەگەڵ کوفردا بەردەوام دەبــێ ، بەڵام لەگەڵ ستەم و بێ دادی دا دەوام ناکات .

دوازدەیەم

بەتەنگ خەڵکەوە بوون و حەل کردنی گیروگرفتیان

ئەمیش پایەو بنچینەیەکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە بۆ ڕزگارکردنی بزووتنەوەکەمان لەم واقیعە شپرزەو بێ سەرەو بەرەیەی کە تێی کەوتوە ، چونکە بەدەردی پێشینان دەڵێن : (بۆیە پێت دەڵێم خاڵە کە چۆلەکانم بۆ بگری) ، خەڵـــک

کاتێک بڕوا و متمانەت پێ پەیدادەکەن و لەڕووی خۆشەویستیو ڕێزەوە دڵت پێ دەبەستن و دەورت لێ دەدەن، کە هەست بکەن تۆش خۆشت دەوێن و ڕێزیان لێ دەگری و مشووریان لێ دەخۆی و گیروگرفتیان بۆ چارەسەر دەکەی، دەنا ئەگەر ببینن خۆت و خێزانت و بنەماڵەت لە کۆشک و باڵەخانەو ژیان و ڕابواردنی خۆش دا دەی گوزەرێنی، لەحاڵێک دا کە ئەوان بە نەداری و تەنگدەستی دەساچێنن و دەست بە زگی برسیان دا دێنن، دڵنیابە کە تۆ چەندەت بۆ وان دێشێ ئەوانیش هەر هێندەیان بۆتۆ دێشێو، تۆ چەندە بەتەنگ وانەوەی ئەوانیش بارتەقای تۆ!

ئنجا گومانیشی تێدا نیە کە هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی براگەورەو سەرکردەی خۆیانیان لەخۆیان خۆشتر نەوێ و، لەڕووی عیشق و خۆشەویستیەکی بەتینەوە، وەک مێشەنگوینە کە دەورە لە شاژنیان دەدەن و بۆی دەبنە چەترو قەڵغان و باوەشێنی دەکەن، دەورەی لێ نەدەن و خۆی بۆ بەخت نەکەن، بە کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەو سەرکەوتوو دانانرێ.

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

سێزدەیەم

پێش کردنی بەردەوام و لێبڕان و گۆڕینی واقیع

ئەم خەسڵەت و بنچینەیەش کە یەکێ دیکەیە لە یاسا و بنچینە هەرەگرنگەکانی چاککردنی بزووتنەوەی ئیسلامی و هێنانە سەرخەتی، لەپێشدا دەبێ لە شەخسی یەکەم و براکەورەو ڕابەردا بێتەدی، ئنجا وا چاوەڕوان دەکرێ کە پێ بەپێ لە خەڵکەکەشدا بێتەجێ. دەنا بێگومان شاو هەتیا لە بنەوانێ هەڵتەبەسترێ مەحاڵە بکونجێ جۆکەی لــێ هەڵبکێرێ.

چاردەیەم

چاودێری و لێپرسینەوەی خەڵکی بەگشتی و کاربەدەستان بەتایبەتی

ئینسان فریشتە نیە هەر هاندەرو پاڵنەری خێرو چاکە بیجوولێنێ، بەڵکو وێڕای (تقوی)، (فجور) یشی

www.alibapir.net

فێرکراوه (فأَلهَمَها فُجورَها وَتَقواها) الشمس / ٨ .
وه چەندە چاکەی لێ چاوەڕوان دەکرێ ، هێندەی بێ کەم و زیادیش خراپەی لێ چاوەڕوان دەکرێ ، کەواتە پێویستە بۆ سەرشکاندنەوەی لایەنی شەڕو خراپەکاری یەکەی ئیشارەتی (سوور) ی چاودێری و ، قەمچی بەئێشی لێپرسینەوەو سزادانی پیشان بدرێ ، ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی دیکەشەوە دەردێکی کوشندەی ئینسان بریتیە لە لەبیرچوونەوە (النِّسیان) ، وەک خودا دەربارەی بابە ئادەممان علیه السلام فەرموویەتی : (وَلَقَدْ عَهِدْنا إلى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ ولَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْماً) طه / ١١٥ .
جا بێگومان چاودێری و لێپرسینەوەو سزادان چاکترین هۆی بێدارکردنەوەو وەبیرهێنانەوەن .
وە شایانی باسیشە کە ئینسان هەتا دەوری گرنگترو پایەی بەرزتر بێت پتر حەوجێی چاوەدێری و لێپرسینەوەیە ، چونکە هەم لەسۆنگەی جووڵان و کارکردنیەوە لە هەڵەکردن نیزیکترەو ، هەم لەبەر گرنگی دەوری و بەرزی پایەی کەوتن و هەڵەکردنەکەشی خەتەر ترە .
دیسان پێویستە ئەوەش بگوترێ ، کە چەقی قورسایی چاودێری کردن و لێپرسینەوەی هەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەک لەسەر شانی ئەو کەسەیە کە بە براگەورەو چاوساغیان دادەنرێ .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

پازدەیەم
پشت بەخوابەستن ولەسەر لاقی خۆوەستان

ئەم خەسڵەتەش مەرجێکی گرنگ و پێویستە بۆ چاکبوونەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ژمارەیەکی زۆر لە دەردو نەخۆشیە ـکانی ئێستای و ، پارێزرانی لە زۆر دەردو نەخۆشی چاوەروان کراوی داهاتووی !!

دیارە کە مەبەستیشمان لە پشت بەخوا بەستن و لەسەر لاقی خۆ وەستان ، ئەوە نیە کە وەک کابرای تەنبەڵی رووح زلی خێر پێکراو ، بڵێین : خێرو چاکەو یارمەتی کەسمان ناوێ و ، لەسەر برسیەتی سەبر دەگرین تا دەمرین ! بەڵکو مەبەست لە پشت بەخوا بەستن ئەوەیە کە بڕواو قەناعەتت وابێ ئەگەر گریمان فلانە (هۆ) و فیسار (لایەن) یش نەبێ مادام ڕاست و تەواو بی خوای بەخشەر پەکت ناخات و لەلایەکی دیکەوە دەرووت لێ دەکاتەوە ، وەک خوا فەرموویەتی : (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ) الطلاق/٢،٣.

وە مەبەست لە (لەسەر لاقی خۆ وەستان) ئەوەیە کە بەپێی توانا هەوڵ بدەی سەرسواڵکەرانەو چاو لەدەستانە نەژی و ، هەوڵ بدەی دەستت لەبن باری خەڵکیدا نەمێنێ و ، چاکەی کەست لەچاوی دا نەمێنێ .

www.alibapir.net

بەڵێ لە ئینسانی ئیسلامیو کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ناوەشێتەوە کە وەک بێچووە چۆلەکە زاری بکاتەوەو دەست بکات بە خڕبوەخڕبوو ، چاوەڕێی قەزاوقەدەری خوا بێ داخوا کەنگێ خێرخوایەک شتێکی دەزاری داوێ و تۆزێک فەراموشی پێی دێ و دوای پێچێک دەست دەکاتەوە بە دادو هاوار !

شازدەیەم
پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلام

پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلامیش یەکێکە لەو هۆیە بنەڕەتی‌یانەی کە پێویستن بۆ چاککردن و واقیعی یەت پێ پەیداکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵام بۆخۆی سەربەخۆ پەیدا نابێو پەیوەستە بە هەموو ئەو یاساو بنچینانەی پێشەوە، هەڵبەتە ئەرکی (پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلام) یش لەسەر شانی وردو درشتانی بزووتنەوەی ئیسلامی‌یە، بەڵام چەقی قورسایی‌یەکەی لەئەستۆی براگەورەو سەرکردە دایەو، هەرکاتێک ئیسلام لە شەخسی وی دا زەبوون بوو، تازە زەبوونی‌یەکە سەرتاپای بزووتنەوە دادەگرێ ، پێشینانیش گوتوویانە (ئەگەر لە سووری تێچووی لەلابای بۆت تێ هەڵنایەتەوە) !

www.alibapir.net

حەقدەیەم

نەبەزین و پشوودرێژی و کۆڵنەدان

ئەمیش هۆیەکی زێدە گرنگ و پێویستە لەو هۆو بنچینانەی کە ڕێگەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەردو گیروگرفتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی دیاری دەکەن ، هەڵبەتە وەک پێشتریش ئیشارەمان پێ کردوە بە بەلاشیش نیە کە خوای بەرزو مەزن شەشەمین خەسڵەتی ئەو کۆمەڵە مسوڵمانە هەڵبژاردەیەی کە ئایین و بەرنامەی خۆیان پێ دەبووژێنێتەوە بە (لایَخافون لَومةَ لائم) داناوە !

چونکە خوای پەروەردگار زانیویەتی کە هەرکەسێک بیەوێ ئایینی شێوێنراوی خوا وەک خۆی بخاتەڕوو و تۆزوخۆڵ و ژەنگ وژاری دنیاپەرست و ئەفسانەدۆستانی لێ بتەکێنێ و ، خەڵکی بگێڕێتەوە سەر خەت و ڕێ و شوێن و ڕاستەشەقامی پێغەمبەری خوا و خەلیفە بەڕێزەکانی صلی اللە علی محمد وآلە وصحبە وسلم ، حەتمەن حەتمەن لەگەڵ ڕەخنەو تانەو تەشەرو توانج و پلارو قسەو قسەلۆکی دۆستانی حەسوودو نەزان و ناحەزانی نێڵبازو زۆرزان دا ڕووبەڕوو دەبێت و ، لە حاڵێکی وادا جگە لە خۆڕاگری و پشوودرێژی و بێ باکی هیچ چارەی دیکە نین ، بەڵگەیەکی دیکەی ڕاستیی ئەم قسەیەم - ویڕای دنیای واقیع - ئەودیە کە خوای زانا لە

www.alibapir.net

سوورەتی (العصر)[1]پاش باسکردنی ڕاگەیاندنی هـــەق فەرموویەتی :(.. وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) !!

هەژدەیـــەم
خەڵک چاککردن و بەرەوخوا بردن

ئەم خەسلەتەش کە بۆیە خستمانە کۆتایی یەوە چونکـــە زادەو بەرهەم و میوەی شیرینی هەموو یاسا و بنچینەکانـــی پێشوویە ، نەک هەر یەکێکە لە هۆیە بنەڕەتی یەکانـــی چاککردنی بزووتنەوەی ئیسلامی ، بەڵکو ئامانج و مەبەستی هەموو هۆیەکانەو ، بگرە گەورەترین و یەکەمین و دوایيـــن ئامانج و مەبەستی تێکڕای پێغەمبەرانە علیهم الصـــلاة والسلام .

جا ئێمە پێشتر چەمک و واتای (خەڵک چاککـــــردن و بەرەوخوا بردن) مان ڕوون کردۆتەوەو ، لێرەدا بەپێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە ، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ بیلێم ئەوەیە کە :

تەنیا کاتێک خەڵکی نێو بزووتنەوەی ئیسلامی و هـــەر کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی دیکەش وەک پێویست صاڵح دەبن و بەرەوخوا دەچن ، کە شوان و ڕابەرو چاوساغەکەیان وابێ ، چونکە ڕەعیەت و خەڵک مەگەر بەدەگمەن دەنا سێبـــەری

www.alibapir.net

براگەورەو ڕابەرەکەیانن و ڕستەی :
(النّاسُ علیٰ دِینِ مُلوکِهِمْ) (1) ئەگەر فەرموودەش نەبێ زۆر ڕاست و وێچوویە .
خوای میهرەبانیش فەرموویەتی : (.. إنَّ اللّٰهَ لایغیِّر ما بِقَومٍ حتیٰ یُغیِّروا ما بِأنْفُسِهِمْ ..) الرعد / ١١ .
ئەهلی دڵ و عیرفانیش لەوبارەوە فەرموویانە :
(کاتێک خەڵکی بەهۆی تۆوە چاک دەبن ، کە تۆ بەهۆی خواوە چاک بوویی ، ئەتۆ چەندە خوا دەبینێتە تروسکایی چاو و فینکی هەناوت خەڵکیش هێندە تۆیان لەلا والێ دێ) .
بەکورتیو بەکوردی ئینسان هەتا بۆخۆی (صالح) نەبێ (ئیصلاح) ی خەڵکی پێ ناکرێ ، هەربۆیەش خوای کاربەجێ فەرموویەتی : (وإذ ابتلیٰ إبْراهیمَ رَبُّهُ بِکلماتٍ فَأتَمَّهُنَّ قالَ إنّي جاعِلُکَ لِلنّاسِ إماماً ..) البقره / ١٢٤ .
بڕوانە ! چۆن تەنیا کاتێک ئیبراهیم علیه السلام بۆتە شایستەی پێشەوایەتیو ڕابەرایەتی خەڵکی کە لە تاقیکردنەوەی خوای پەروەردگاری دەرچووەو، فەرمانەکانی خوای بەتەواوی جێ بەجێ کردوون !!
دیسان پەروەردگارمان فەرموویەتی : (وَلَقَدْ کَتَبْنا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّکْرِ أنَّ الأرْضَ یَرِثُها عِبادِيَ الصّالِحونَ) الأنبیاء / ١٠٥ .
وە منیش هەر لەبەر تیشکی ئەو دەقە بەرزو پیرۆزانەدا بەرلەوەی ئەم نامیلکەیە دەربارەی چارەسەرکردنی دەردو

---

(1) بڕوانە (کَشْفُ الخَفا وَمُزِیلُ الألْباسِ عمّا اشْتَهَرَ مِنَ الأحادیثِ علیٰ ألسنَةِ النّاسِ) ج٢ ص ٤١٣ :

www.alibapir.net

گیروگرفتەکانی بزووتنەوەکەمان بنووسم نامیلکەی (ڕێگای ساڵح بوون و بەرەوخوا چوون) م نووسی ، چونکە نەنیا کاتێک گیروگرفت و دەردو نەخۆشیە بیرەزا و گرچووبڕدکانی بزووتنەوەی ئیسلامی نامێنن ، کە ئەنداماکانی لەڕووی بەرنامەیەکی ئیسلامی ڕێک وپێکەوە بەخۆیان دا بێنەوەو خۆیان چاک بکەن و بکونجێ پێیان بگوترێ :(صالحون) ، پێشم وایە نامیلکەی ناوبرا و هەنگاوێکی چاکە لەوبارەوە .

خوێنەری بەڕێز !

ئەلیرەش دا کە پێم وایە تا ڕاددەیەکی چاک ڕێگاو چۆنیەتی چاککردنی بزووتنەوەی ئیسلامی خراوەتەڕوو کۆتایی بەم بەشەش دێنین ، بەڵام بەرلەوەی بچینە سەر بەشی چوارەم و کۆتایی هەر بەکورتی ئیشارە بە چۆنیەتی دەست پێکردنی چاککردنی بزووتنەوەی ئیسلامی و لابردنی نەخۆشی و کەم و کووڕیەکانی دەکەم :

بە ڕای بەندەو زۆربەی دڵسوزانی بزووتنەوە چاکترین ڕێگای چارەسەرو یەکەمین هەنگاو ، ئەوەیە کە لەنێو کۆڕی ڕاوێژی هەموو هێزەکان و ناودارانی بزووتنەوەدا کۆڕێکی ڕاوێژی فراوان وەک (مَجْلِسُ أَهْلِ الحَلِّ والعَقْد) پێک بێنین و، ئنجا ئەو کۆڕە فراوانە لەڕووی ئەو یاساو بنچینانەوە کە لەم بەشەو لە بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیە لە (١٨) خاڵان دا خرانەڕوو، دەست بکەن بە وتو وێژکردن و هەڵبژاردنی براکەورەو مشوورخۆرو کاربەدەستانی هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵام گرنگ پابەندبوونە بەو یاساو بنچینانەوە کە پێم وا نیە هیچ مسوڵمانێکی ژیر

www.alibapir.net

نکوولی لە هیچ کامێکیان هەبێت ، دەنا کۆبوونەوەو وتوویژو دەمبەدەمەی ڕووتی بێ بنچینە وەک تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی چاکی نەبووە هەر نایبێ و، هەر سەری لە گاڵەگاڵ و مقۆمقۆو توانجو پلارو قسەی پاشملەو غەیبەت و بوختانەوە دەردەچێ و، سەرەنجامیش بوغزو غەرەزو بەدبینی و پەرتەوازەیی پتر پەرەدەستێنێ .

هەڵبەتە ئێمە (الحمد لله) بەپێی ئەو نەخشەیەی کە باسم کرد دەستمان بەکار کردووەو، لەخوا بەزیاد بێت چەند قۆناغێکمان هەڵبواردوەو، ڕۆژ بۆ ڕۆژیش قەناعەت و بڕوامان بە ڕاستیو تەواوی کارو پڕۆژەی خۆمان پتەوترو قووڵتر دەبێت و، لە خواش دەپاڕێینەوە هەموو لایەکمان لەسەر خەت و بەرنامەیەکی ڕاست و تەواو کۆبکاتەوەو وابین کە ڕوومان بێت ناوی ئیسلام لەخۆمان بنێین و، شایستەی ئەوە بین کە خەڵکی مسوڵمان و چەوساوەی کوردو غەیری کوردیش دڵمان پێ خۆش بکات .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

بەشی چوارەم

بەدواچونەوەی بەرزقسەیەکی هەڵاویقی

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

www.alibapir.net

ڕێ خۆشکردن

پێشینان گوتوویانە :(ئەوکەسەی کە هەڵە ناکات کەسێکە کە هیچ ناکات) ، بەڵێ وەک لە سەرەتای بەشی دووەمی ئەم نامیلکەوە گوتمان ئینسان بەشێوەیەک خوڵقێنراوە کە ڕاست و هەڵەو چاکەو خراپەی لێ چاوەڕوان دەکرێن ، ئێمەش وەک هەموو خەڵکی خوا لەو یاسایە بەدەرنین و کەم و زۆر هەم چاکەش و هەم خراپەشمان لێ دەپشکوێتەوە !

بەڵام هەندێک کەس کە دڵی خۆی لە خەڵکی کردۆتە تەنەکەی زبڵ و، ڕۆژ بەدرێژایی ڕۆژێ دەرزی و دەزوویکی بەدەستەوە گرتوون و ، خەریکی دروستکردنی بەنکێتی دوورو درێژە لە هەڵەو ناتەواوی یەکانی خەڵکی، یان لەو قسەو ڕەفتارو هەڵوێستانەی کە چاوی خێل و دڵی ژەنگاوی وی بەهەڵەو خواریان دەخوێنێتەوە، ئەدنا لەواقیعدا ڕێک و پێک و لەبارن و عەیبیان نیە !!

بەڵێ ئەو جۆرە کەسانە کە ڕەنگە ئەو پەندە کوردی یە پڕبەپێستی وان بێ کە دەڵێ :

"لەهەر چوار پەلان گوێ ساغن ئەوانیش تەکەتەکیانە"، شەیتان زەفەری پێ بردوون و لەخشتەی بردوون و عەیب و هەڵەی خۆی لەبیر بردوونەوەو، بە سەرزمێرو هۆنینەوەی عەیب و هەڵەکانی خەڵکی یەوە سەرگەرمی کردوون و، پێشینان گوتەنی :(دەرزی لە چاوی خەڵکیدا دەبینن ، بەڵام گاسنی

www.alibapir.net

لە چاوی خۆیان دا نابینن) ، بەو جالە شڕو نەخـــۆش و ناتەواوەی خۆیانەوە وا لە خەڵکی چاوەڕوانی دەکەن کـە بەفری سپی بێ پەڵەو فریشتەی پاکی بێ هەڵە بن و ، هەر کە هەڵەو ناتەواوی یەکی واقیعی یان ئەفسانەو هەڵبەستیـان لە خەڵکی دی ، ئەگەر مێش بێ دەیکەنە گامێش و ، نیسک بێ دەیکەنە گیسک و ، ناچن مسوڵمانانەش ڕەفتار بکەن و ،وەک ئاوێنەیەکی سپیو ساف ئەو هەڵەو ناتەواوی یانە بخەنـەوە بەرچاوی خاوەنیان بەشکم بەخۆی دا بێتەوەو چاکیان بکات ، بەڵکو وەک لەپێشەوە گوتم ، لەشێوەی بەنکی دوورو درێژدا لە دووکانی غەیبەتکارانەو پڕوپاگەندەچی یانەی خۆیان دا ڕایان دەنوێنن و پێشانی خەڵکیان دەدەن !

جا ئەوە ئێمە لەم بەشەدا ژمارەیەک لە قسەکانی ئـەو جۆرە کەسانەو هەندێک خەڵکی دیکەی سادەو بێ غـــەرەزو فریوخواردووش بە تەرازووی عەقڵ و شەرع هەڵدەسەنگێنین و نێوەڕۆک و ماهیەتیان لەبەرچاوی عاقڵانی خاوەن ویـــژدان ڕادەنوێنین :

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

یەکەم
هەموومان لەسەر ناهەقین و کەس لەسەر هەق نیە!

خاوەنی ئەم قسەیە لە سێ حاڵان بەولاوە نیە :

١- یان بابایەکی خوار و دەروون ژەنگاوی یە و بەدەردی پێشینان دەڵێن : (لە هەمبانەی خۆی دا گوێزان دەژمێرێ) و لە ئاوێنە تلخنی دڵی خۆی دا سەرنجی خەڵکیش دەدات و ، پێی وایە هەروەک چۆن بۆخۆی بابایەکی هەقنەناس و دەروون پەڵاسە ، خەڵکیش هەموو هەر وان !

٢- یان بابایەکی بێ ئاگا و فەقیرحاڵە و هەر لە ئەسڵ دا نازانێ هەق و ناهەق چین و چۆنن ؟ دیارە ئینسانێکیش لە زاتی خۆی دا نەزانێ هەق چیەو نەیناسێ ئەگەر لە دنیای واقیع دا لەیەناشی بێ نایبینێ ، هەروەک چۆن تۆ کە یەکێکت پێشتر نەدیبێ و نەناسیبێ ئەگەر نان و دۆشی لەگەڵ بخۆی نازانی کێیە و چ کەسە ! بەڵام ئەگەر یەکێکت ناسی و ناو نیشان و شێوە و کەسایەتی لە فەرهەنگی مێشکت دا هەبوو ، لەگەڵ ناویان هێنا ئەگەر هەزار فەرسەخیش لێت دووربێ دەزانی کێ یە !

٣- یان ئینسانێکی دڵڕەش و حەسوودە و هەق و ڕاستی دەبینێ و دەزانێ لێرە چ لایەکەوەیە و لە چ کەس و چ کۆمەڵێک دا ڕەنگی داوەتەوە ، بەڵام وەک نەشمەمە کوێرە ، لەئاقار ڕۆژێ دا

www.alibapir.net

خۆی دەشارێتەوەو لەبەری ڕادەکات !

ئنجا ئەم قسەیە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەریش علیە الصلاة والسلام کە دەفەرموێ: (لاتَجتَمعُ أمتي علىٰ ضلالة) رواه أحمد والطبراني ورواه الترمذي وإبن ماجه والحاکم وأبو نعيم بألفاظ متقاربة ، هەر قسەیەکی پووچ و ڕەتکراوەیە، چونکە ئەگەر لەنێو بزووتنەوەیەکی ئیسلامیدا هیچ کەسی هەق و ڕاست نەبێت و هەموو لەسەر هەڵەو خواری بن ، مانای وایە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ڕاست دەرناچێ !!

بەڵام دیارە پێغەمبەری خوا علیە الصلاة والسلام لە خاوەنی دڵڕەش و بەدگومانی ئەو قسەیە بە ئوممەتی خۆی زاناترو ئاگادارتر بورە کە فەرموویەتی : (لاتَزال طائفةٌ مِن أمتي قائِمةٌ بأمرِ اللهِ لايَضرُّهُم مَن خَذَلَهُم ولا مَنْ خالَفَهُم حَتّىٰ يَأتِيَ أمرُ اللّهِ وَهُم ظاهِرونَ علىٰ النّاس) متفق علیه .
واتە : بەردەوام کۆمەڵێک لە ئوممەتی من ئایینی خوا بەڕێوەدەبەن ، نە ئەوانەی پشتیان بەردەدەن و نە ئەوانەی لێیان جیاوازدەبن زیانیان پێ ناگەیەنن ، هەتا فەرمانی خوا دێت - و دنیا تێک دەچێ - لەحاڵێکدا کە ئەوان بەسەر خەڵکی - ناهەق - دا زاڵ و سەرکەوتوون .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

دووەم

هەرچۆنێکی بێ هەر یەکگرتن چاکترە لە پەرتەوازەیی

ئەم قسەیە (علی بن أبی طالب) رضی الله عنه گوتەنی: (کَلِمةُ حَقٍ یُرادُ بها باطِلُ) ، چونکە گومانی تێدا نیە کە هەموو کەس یەکیەتیو یەکریزی بەسەر پارچە پارچەیی و پەرتەوازەییدا هەڵدەبژێرێ ، بەڵام بابێ لە دوو مەسەلەی گرنگیش بێ ئاگا بین :

١- یەکگرتن و یەکریزی یەک چاکو پەسندە ، کە لەسەر بنچینەیەکی ڕاستو شەرعی دامەزرابێت ، نەک لەسەر بنچینەیەکی هەڵەو ناشەرعی ، چونکە ئەگەر هەموو یەکگرتنێک هەرچۆنێکی بێ هەر پەسندو-چاک بایە ، دەبێ بڵێین کۆبوونەوەی قیبطی یەکانی میسر بە سەرۆکایەتی فیرعەون دژی (بنی إسرائیل) و خڕبوونەوەی حیزبەکان (الأحزاب) لە شەڕی (خندق) دا دژی پێغەمبەرو هاوەڵانی و، یەکدەنگ بوونی سوپای (یزید) بە فەرمانی (عبیدالله بن زیاد) و بە سەرکردایەتی (عمر بن سعد بن أبی وقاص) بۆ شەهید کردنی (حُسَینِ بن علي) رضي الله عنهما ، شتی پەسندو چاک بوون !!

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە تەنیا کاتێک یەکگرتن و یەکریزی ڕاستەقینەی ئیسلامی دروست دەبێت ، کە

www.alibapir.net

بەرلەوەی لاشەکان (الأجسام) پێکەوە گرێبدرێنەوەو ڕیز بن ، دڵ و دەروون و بیروبۆچوونەکانی لەسەر بنچینەی یەکتر خۆشویستنی برایانەو ، باوەڕو متمانە پێک بوونی مسوڵمانانە ، پێکەوە گرێ بدرێن و ، بچنە سەر یەک خەت و ڕێبازی ڕوون و ئاشکرا .

٢- هەرچەندە ئەو هەوڵ و پڕۆژەیەی کە ئێمە دەستمان پێکردوە ، بەس بە مەبەستی چاککردن و لەبێژینگ دان و ڕاست کردنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی‌یە ، بەهۆی پێکهێنانی کۆڕێکی ڕاوێژی فراوانی یەکگرتوو لەسەر چەند ئەسڵ و بنچینەیەکی ڕاست و شەرعی ، کە وەک گوتمان تاقە ڕێگای ڕاستی دروست‌بوونی یەکریزی و برایەتیش هەر ئەمەیە ، بەڵام وەک ڕوونکردنەوەی ڕاستی‌یەک و ڕەواندنەوەی تەمێک دەڵێین : مەرج نیە هەموو دەمێ جیابوونەوە نیشانەو ڕەمزی هەڵەیی‌و ناڕاستیی بێت ، بەڵکو تەنیا کاتێک جیابوونەوە (إنفصال) شتێکی خراپ و ناشەرعی یە کە جیابوونەوەی کۆمەڵێکی ناڕاست بێت لە بەرەی هەق ، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە کۆمەڵێکی ڕاست و چاک لە زۆربەیەکی هەڵەو ناڕاست جیاببنەوە ، ئەوە نەک هەر شتێکی ڕەواو پەسندە ، بەڵکو عادەتی لەمێژینەی خواناس و هەقپەرستانەو، شوێن کەوتووانی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هەر لە ئادەمەوە هەتا خاتەم هەر کەمێکی ڕاست و چاک بوون کە لە زۆربەیەکی چەوت و ناڕاست جیابوونەوە ، بۆ وێنە : (إبراهیم) علیه الصلاة والسلام لەوبارەوە بە بابی و گەلەکەی فەرمووە :(وَأَعْتَزِلُكُمْ وماتَدعون مِنْ دُونِ اللَّهِ وَأَدْعوا رَبِّي ..) مریم / ٤٨ .

www.alibapir.net

هەروەها هاوڕێیانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف) یش لەوبارەوە فەرموویانە :(وإذ اعتزلتموهم وما يعبدون إلاّ اللّهَ فأْوا إلى الكهفِ ..) الكهف / ١٦ .

سێیەم
هەمووی هەر داوای کۆمەڵایەتی دەکات

لەبەرانبەر ئەم گومانە بەدەستدا ڕوونکردنەوەی چەند ڕاستی یەک پێویستە :

١- دەگونجێ خاوەنی ئەم قسەیە لە هەمبانەی خۆی دا گوێزان بژمێرێ و ، لە دەروونی پیسی خۆیەوە سەیری خەڵکیش بکات ، بەلام پێشینان گوتەنی : نە لە هەموو هەوران باران دەبارێ و نە هەموو سمێڵ سووریش هەمزاغان !

٢- وە دەگونجێ خاوەنی ئەم قسەیە ئەو پەندەی بەسەردا بچەسپێ کە دەڵێت :(زاری ناگاتێ دەڵێ ترشە) ، چونکە هەندێک کەس هەن کەس بە ڕەیان نابێوێ و خەڵک ڕوویان تێ ناکات ، ئیدی کە دەبینن کەسانێک هەن ڕێزو حورمەتێکیان هەیەو خەڵک خۆشی دەوێن ، دەماری حەسەدیان دەبزوێ و ، ئەوەی کە ئەگەر بۆخۆیان وەدەستیان هێنابایە بە شتی چاک و بەقیمەتیان ناوددبرد ، ئێستا کە چەنگیان

www.alibapir.net

ئەیکەیوەتیو بەدەست خەلکی‌یەوە دەیبینن بە کویخایەتی - یەکی بێ خێرو نەگبەت لەقەڵەمی دەدەن !!

٣- ئنجا وشەی (کویخایەتی) دوو واتایان هەڵدەگری ، دەگونجێ بەلای چاکەدا تەفسیر بکرێ کە ئەوکاتە لە زاراوی ئیسلامدا پیی دەگوتری (إمامة) پیشەوایەتی ! وە دەشگونجێ بەلای خراپەدا تەفسیر بکرێ کە لە زاراوی ئیسلام دا (زعامة) ی پێ دەگوتری ، جا بیگومان (حُبُّ الزّعامة) شەیدایی پلەوپایە ، لە ئیسلامدا شتیکی بێ شەرعی و تاوانەو پیغەمبەر علیه الصلاة والسلام لە چەند فەرموودەیەکیدا زەمی ئەو جۆرە کەسانەی کردوە کە ویلی سەرۆکایەتی و بەرزبوونەوەن ، خوای دەستەلاتداریش فەرموویەتی :(تِلْكَ الدّارُ الآخِرةُ نَجْعَلُها لِلّذِينَ لايُريدونَ عُلُوّاً فـي الأرْضِ ولا فَساداً والعاقبةُ للمُتّقين) القصص / ٨٣ .

بەلام (حُبُّ الإمامة) حەزکردن لە پیشەوایەتی ، نەک هەر خراپ و بێ شەرعی نیە ، بەلکو یەکیکە لە داخوازی یە گرنگ و بنچینەیی‌یەکانی بەندە هەلبژاردەکانی خوا کە بە (عِبادُ الرّحمن)[١٥] ناوی براون ، بەلام گرنگ ئەوەیە ئینسان ئاگای لە دوو مەسەلان هەبێ :

أ- خۆی و خەلکیش بناسیو ، لە بلیندان نەروانێ و لە نەویان بکەوێ !

ب- حەز بکات بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بەرنامەی خواو رزگاری و حەساندنەوەی خەلکی خوا ، لەنیو خەلکی دا ریزو حورمەتی پەیدابیت و بیکەنە رابەرو پیشەوا ، نەک بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ناوی خۆی و حەساندنەوەی خیزان و بنەمالەو وابەستەکانی !

www.alibapir.net

نیشانەی لێک جیاکەرەوەی ئەو دوو حاڵەتەش ئەوەیە کە ئینسان لە حاڵەتی یەکەمدا هەوڵ دەدات لەسەر بنچینەی تەقوا خەڵکێکی پارێزکار (مُتَّقِي) لەخۆی کۆبکاتەوە ، دیارە کەسێکیش بەهیوای پێشەوایەتی پارێزکاران (متقین) بێت ، دەبێ هەوڵ بدات کە بۆخۆی پارێزکارتر (أَتقى) بێت ، بەڵام لە حاڵەتی دووەم دا سەرنج نادانە ماهیەت و جۆری شوێن کەوتوو (مأموم) ەکانی داخوا پارێزکارن یان نا ، بەڵکو جێی سەرنجی و گرنگی پێدانی ئەوەیە داخوا ئەو کۆمەڵەی کە بەدەورەیەوەن تا چ رادەیەک بەشێوەیەکی موتڵەق و بێ چەندوچوون گوێ لەمست و فەرمانبەرنی و لەخزمەت خۆی ـ نەک خوا ـ دان !!...

چوارەم
ئێمەش لەگەڵ هەقی داین بەڵام جاری بۆمان دەرنەکەوتوە

خاوەنی ئەم قسەیەش دەکونجێ چەند حاڵەتێکی هەبن :

أ ـ یان ڕاست دەکات لەوەدا کە بەدوای هەقیدا دەگەڕێت و هەق و ناهەقیش لێک جیادەکاتەوە ، بەڵام جارێ وەک پێویست هەقی وەبەرچاوی نەهاتوە و پێی ئاشنا نەبووە ، کە ئەمە ئیحتیمالێکی دوورە .

www.alibapir.net

ب ـ یان ڕاست دەکات لەوەدا کە بەدوای هەقیدا دەگەڕێت ، بەڵام لەسۆنگەی ئەوەوە کە لەدڵ و مێشکی خۆی دا نازانێ هەق چییە ، بۆیە لەدنیای واقیعیش دا ئەگەر لەپەناشی بێت نایبینێ ، چونکە وەک پێشتر گوتم ، ئینسان ئەگەر لەزاتی خۆی دا هەقی نەناسی ، گەڕان و سووڕان و پشکنینی دنیای واقیعی بێ سوودە .

ج ـ یان هەقیش دەناسێو دەشزانێ لە کێو کوێ دا درەوشاوەتەوە ، بەڵام لەڕووی خۆبەزلگری و بوغزو غەرەزو حەسوودی پەوە دانی پێدا نایەنێو خۆی لێ لادەدات .

لەکۆتاییدا دەڵێم :

چاکترین ڕێ بۆ دۆزینەوەی هەق و، لێک جیاکردنەوەی ڕاست و چەوت ، بریتییە لە شارەزایی‌و ئاشنایی وردو قووڵ بە خەت و ڕێبازی پێغەمبەرو خەلیفە ڕاشیدەکانی صلی اللە علی محمد وآلە وصحبە وسلم ، هەربۆیەش ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا لە (١٨) خاڵان دا گرنگترین پایەو بنچینەکانی ڕێبازی پێغەمبەرو خەلیفەکانیمان خستەڕوو .

دوا قسەشم ئەو پەندە کوردییەیە کە پێم وایە پڕ بە پێستی واقیعی خاوەنی ئەم قسەی چوارەمدیە ، پەندەکە دەڵێ :

"ماڵیان پڕبوو لە ڕازیانەو منداڵیشیان بە زگ ئێشەی دەمرد " .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

پێنجەم
جاخۆ فڵان کەسیش کەم و کووڕی هەن !

خاوەنی ئەم قسەیە بابایەکە کە لەکاتێکدا دەکەوێتە بەر ڕێژنەی توندی بەڵگە گەلی بەهێز ، لەسەر خوارو خێچی و ناتەواوی هەندێک کەس کە خۆیان بە خاوەنی شەرعی بزووتنەوەی ئیسلامی دەزانن ، وەک بابای ڕووبار بردوو هیچ چارەو دەرەتانی نامێنن و دەستی لە هەموو پچکان دەبڕێ پەنا دەباتە بەر قسەی ناوبراوو بەدەردی پێشینان دەڵێن :

" پینەیەکی لەخۆی داوەو پێی وایە کاری تەواوە " !

بەڵام ، بێگومان خەیاڵی خاوە ، چونکە :

أ- ئەگەر هاتو هەرکاتێک یەخەی تاوانبارێکمان گرت ، کە بابە فڵانە ڕەفتارەت هەڵەو زیانبەخشەو دەبێ دەستی لێ هەڵگری ، یان دەبێ سزا بدرێ ی ، پەنا بەرێتە بەر قسەی ناوبراوو لێشی بسەلمێنرێ ، مانای وایە ئەوت ناتوانین خواری یەک ڕاست بکەینەوەو لەهیچ خەتابارێک بپرسینەوەو ، سزای هیچ تاوانبارێک بدەین !

٢- قسەی کۆرین خۆی لەخۆی دا ڕاستە بەڵام بۆ پاکانەی شتێکی ناهەق بەکارهێنراوە ، چونکە بەڵێ هیچ کەس نیە کە بتوانێ بڵێ بێ هەڵەو پەڵەم ، بەڵام هەڵە تا هەڵە فەرقی

www.alibapir.net

هەیە ، قەتلّ و زیناو دزی هەڵەن و ڕوانینی حەرام و جگەرەکێشان و فیتوولیێدانیش هەڵەن ، بەڵام بێگومان پێکەوە ناخرێنە تەرازوویێکەوەو زۆر لێک جیان .

٣- هەروەک چۆن هەڵە تا هەڵە فەرق دەکات ، نابێ هەر لەبەر ئەوەی لە ناو (إسم) دا یەک دەگرنەوە وەک یەک حیساب بکرێن ، دیسان هەڵەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەش فەرق دەکات ، چونکە هەیە زیانی هەڵەکەی بەس بۆخۆیەتی و سەری کەسی دیکە ناگرێتەوە ، بەڵام هەیە هەڵەکەی دەبێتە هۆی چاولێکردنی خەڵکی و بڵاوبوونەوەی بەسەر کۆمەڵ دا ، یان لانی کەم دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک بەهۆی هەڵەو ناتەواوی یەکانی وی یەوە ئاینی و بەرنامەی خوایان لەبەرچاو ببێزرێ و لێی بسڵەمنەوە .

٤- ئەوە هەموو لەلایەکەوە ، لەلایەکی دیکەشەوە وەک لە ڕێ خۆشکردنی ئەم بەشەدا گوتمان ، زۆر جاران کەسانێک شتێک بەهەڵەو ناتەواو دەزانن ، بەڵام لە واقیع و (نفس الأمر) دا زۆر ڕاست و چاکەو عەیبی تێدا نیە ، بەڵام هەروەک چۆن بابای نەخۆش و میزاج تێکچوو ئاوی شیرین و زوڵاڵی بەزاری تاڵەو، خەتاش لە تێکچوونی میزاجی خۆیەوەیە ، دەنا ئاوەکە شیرین و خۆشەو چاوی کوێری پێ ڕووناک دەبێتەوە ، ئەوانیش بەهەمان شێوە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

شەشەم

دەزانم بەلام ناتوانم!

ئەمەش قسەی بابایەکە دان بەهەقیدا دێنێ و دەیسەلمێنێ، کە ئەم وەزعە شتێکی سروشتی نیەو دەبێ بگۆڕێ، بەلام هەر کە پێتگوت: دەهەستە با دەستبدەینە دەستی یەک و خەریکی ڕاستکردنەوەو چاککردنی بین، چونکە پێشینان گوتوویانە: (دەستلە ئەژنۆیان وەرێنان لە تەنگانان دا کاری پیاوان نیە!) پێتدەڵێت: دەزانم قسەکەت ڕاستو هەقەو بیروبۆچوونەکانت ڕێک وپێکن، بەلام ئەوی ڕاستی بێ ئەو کارە شتێکی قورس و ئەستەمەو (ناتوانم)!!(1)

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم قسەیەش کە یەکجار بێ مەعنا و پووچە بە خستنەڕووی ئەم چەند دەقە وازدێنین:

---

(1) زۆربەی توێژەرەوان (مفسرین) لەسەر ئەو ڕایەن کە مەبەست لە وشەی (المغضوب علیهم) جوولەکەکانن، چونکە هەقیان دەناسی و وەدوای نەدەکەوتن، واتە وەک خاوەنی ئەو قسەیە (دەیانزانی بەلام نەیاندەتوانی)، یان بەدەردی پێشینان دەڵێن: (وەستای قسان و کۆلەواری دەستان) بوون، وە مەبەست لە وشەی (الضالین) دیانەکانن، چونکە گومڕاو سەرگەردان بوون و هەقیان نەدەناسی، دیارە جوولەکەش لە دیانان خراپترن، کەواتە ئەوکەسەی هەق دەناسێ و شوێنی ناکەوێ و پشتی ناگرێ لەو کەسە خراپترە کە هەر لە ئەسڵ دا هەقی نەناسیوە.

www.alibapir.net

١- خوای زانا بەو جوولەکانەی فەرمووە کە دەیانزانی (محمد) علیه الصلاة والسلام پێغەمبەری خودایەو ڕاست دەفەرموێ ، بەڵام لەبەر (ترس یان تەماع) بڕوایان پێ نەدەهێنا : (أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالبِرِّ وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الكِتابَ أَفَلا تَعْقِلون ؟) البقرە / ٤٤ .

٢- وە بەو بڕوا کزو دڵنەخۆشانەی فەرمووە کە پێش فەرزبوونی جیهاد هەڕەشەو گوڕەشەیان دەکردن ، بەڵام دوایی پاشەکشەیان کردو ترسیان ڕێ نیشت ، فەرموویەتی :(یا أیها الذین آمنوا لِمَ تَقولونَ مالاتفعلون ؟ كَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللهِ أن تَقولوا مالاتَفْعلُون) الصف / ٢ ، ٣ .

٣- ڕستەی (وعالِمُ بعلمِهِ لَم يَعْمَلَنْ مُعَذَّبٌ مِنْ قَبْلِ عُبّادِ الوَثَنْ) یش بنێشتە شینکەی سەرزاری زۆربەی مەلاو فەقێ و خوێندەوارانە .

ئیدی هیوادارم ئەو جۆرە کەسانە ئەو هەڵوێستە هەڵەیەیان بگۆڕن و ئەو پەندە کوردی یە سەبارەت بەخۆیان ڕاست نەگێڕن کە دەڵێ :

" جەرگی نیەو سیپەلاکیش هەر هێندەی پێ دەکرێ " !!

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

حەوتەم

تازە ئەمڕۆ وەزعە چاک نابێ !

ئەم قسەیەش لەم قۆناغەدا لە زۆرکەس دەبیسترێ ، کە ئی وایان تێدایە لەبواری قسان دا خۆی پێ نۆو نیـــوە ، بەڵام لەکاتێکدا لەگەڵ گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەیەک دا ڕووبەڕوو دەبێ و تووشی سەغڵەتی دەبێت ، بەجارێکی دەستان لە کراسی دەردێنێ و ، پێی وایە لەبن درەختێکی یەک گەڵای پێوە نییە ، بەڵام بێگومان کار لە پیاوان دەتەوەمـــێ و سەدەردی (مُتَنَبّي) شاعیر دەڵێ :

عَلى قَدْرِ أَهْلِ العَزْمِ تَأتي العَزائِـــمُ
وَتَأتي عَلى قَدْرِ الكِرامِ المَكـــارِمُ
وَتَعْظُمُ في عَيْنِ الصَّغيرِ صِغارُهـــا
وَتَصْغُرُ في عَيْنِ العَظيمِ العَظائِـمُ

ئەم بارودۆخە دژوارەش هەرچەندە پڕئێـــش و ژان و ناسۆریش بێ ، نابێ لەبەرانبەری دا بەچۆک دا بێین، چونکە ئینسان نابێ خۆی بکاتە کۆڵکەداری سەر ئاوێ و ، لەئاقار ڕەشەبای کارەسات و ڕووداوان دا خۆی بکاتە پەڕەمریشک و ، بە بێ ئیرادەیی و دەستەپاچەیی چاوەڕێی زللەی ڕۆژگـــار

www.alibapir.net

بێ داخوا وەکوێ ی دەکەوێ !

ئینجا بێگومان (ئەگەر فیل هەیە کەرگەدەنیش هەیە) و (باری کەورەش دەبێ خوشتر بیبات)، دیارە هەمووکەس توانای بەرهەڵستی ئەو جۆرە ڕووداوو کارەسات و بارودۆخە سەخت و دژوارانەی نیە، چونکە پەنجەی دەستانیش وەک یەک نین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئینسان خۆی بە هەموو شتێک نەزانێ و، پێی وانەبێ کە هەرچی ئەو نەیبوو هیچ کەس نیەتی و ئەو بارەی بەوی نەچوو بەکەس ناچێ و، بەکورتی (قیاس النفس) نەکات.

پێشینانیش گوتوویانە :

"بەفر دەڵێ : بۆیە ناکەوم بمێنم، بەڵام پیاوو بۆرە پیاوان دەجەرِهێنم".

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

لەکۆتاییدا

ئایا ڕاستە، هەڵکوتن توندوتیژییە؟!

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەند ئەم قسەیەش هەر لە جینسی هەوت قسەکانی پێشوویە، بەڵام لەبەر گرنگییانی و لەبەرئەوەی ئاگادارم کە لە بازاڕی ڕەشی غەیبەتکەرو توانجگرو پڵار وەشێنان دا چ ڕەواجێکی پەیداکردوە، چون دەیان کەسی بێ ئاگاو دڵنیان بێ لەخشتە بردوەو لە ڕاستەڕێیان چەواشە کردوە. بەڵێ لەبەر ئەوە وام بەچاک زانی بەجیا باسی بکەم و بیکەمە باسێکی سەربەخۆ.

بێگومان بێجگە لە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هیچ کەسی دیکە لە هەڵەو تاوان پارێزراو (معصوم) نەبوە، وەک پێشتریش گوتم: ئەو کەسە هەڵە ناکات کە ناکات !

بەڵام کە لێک جارایش مەسەلەیەک بە هەڵەو خوار دێتە بەرچاوی یەکێک، بەڵام مەرج نیە لە واقیعدا وابێ و، دەگونجێ هەڵە لە چاوی وی بەدوو بێت. وەک شاعیر دەڵێت:

"وَكَمْ مِنْ عائِبٍ قَوْلاً صَحيحاً وَآفَتُهُ مِنَ الفَهْمِ السَّقيمِ".

جا یەکێک لەو مەسەلانەی کە ئێستا لەنێو خەڵکی موسوڵمان دا کێشەو دەمەتەقێیەکی زۆری لەسەر دەکرێ، مەسەلەی چۆنیەتی و شێوازی هەڵکوتن و ڕەخنە لە ناحەق

www.alibapir.net

گرتنە ، هەندێک کەس پێیان وایە (حیکمەت) و لیزانی هەموو دەمێ لەوەدایە کە هەمیشەو دایم ودەرەم بە قسەو شێوازی نەرم ونۆڵ هەق ڕابگەیەنرێ و، هەر واش ڕەخنە لە ناهەق بگیرێ و، کارێک نەکرێ دڵی هیچ کەس هێندەی سەری دەرزی یەش گەرد بگرێ ، هەڵبەتە ئەو جۆرە کەسانە کەم و زۆر بەڵگانیش بۆ سەلماندنی دەعوای خۆیان دێننەوە، بەڵام بەزۆری دوو ئایەتان بەشایەد دەگرن کە یەکیان ئەمەیە :

(أُدعُ الىٰ سَبَيل رَّبكَ بالحِكْمَةِ والمَوعِظةِ الحَسَنَةِ ...) النحل / ١٢٥ . ئەوی دیکەشیان ئەم ئایەتەیە :

(إذهَبا إلىٰ فِرعونَ إنّه طَغىٰ ، فَقُولا لَهُ قَولاً لَيِّناً لَعَلَّه يَتَذكرُ أو يَخشىٰ) طه / ٤٣ ، ٤٤ .

جا ئێستا با لەچەند خاڵێکی کورت و خێرادا ئەم قسەیە لە مەحەکی عەقڵ و شەرع بدەین و بزانین چۆن دەردەچێ !

یەکەم :

جارێ بەر لەهەموو شتێک دەڵێین زەمینەو بنچینەیەک کە قسەی ناوبراوی لەسەر بنیات نراوە خوارو هەڵەو ناتەواوە، چونکە خاوەنی ئەو قسەیە مەعنای فراوانی (حکمة) ی لە نەرم ونیانیدا کورت هەڵێناوە ، کە لەڕاستیدا وانییەو، وشەی (حکمة) وەک فەرهەنگەکانی زمانی عارەبی دەڵێن : یانی زانیاری ڕاستەقینەو ڕەفتاری بەجێ (١) . کەواتە (أُدعُ إلىٰ سبيلِ رَبك بالحِكمة) واتە بانگەواز بکە بۆ ڕێی پەروەردگارت بە لیزانی ... نەک بە نەرم ونیانی .

---

(١) بڕوانە (مفردات ألفاظ القرآن) ص ١٢٧ . راغب الاصفهانی .

www.alibapir.net

دووەم :

مەرج نیە لە هەموو جێیان و لە هەموو حالاندا نەرم و نیانی شێوازی چاک و پەسەندی هەقگوتن و ناهەق پووچاندنەوە بێت، چونکە ئەگەر وابایە خوای کاربەجێ دەیفەرموو : (أدع إلى سبيلِ ربك بالرِّفقِ ....) یان (أدع إلى سبيل ربك باللِّينِ ..) .

سێیەم :

بابای لێزان بەکەسێک دەڵێن کە قسەو ڕەفتاری شایستەو گونجاو بۆهەر حاڵەتێکی تایبەتی بدۆزێتەوە، لە هەر کات و شوێنێک دا بەگوێرەی پێویست بدوێ و ڕەفتار بکات، نەک تەنیا یەک تاقە شێوازی پێ بێ و لە هەموو حاڵەتە لێک جیاجیاکان دا بەکاری بێنێ و، ئەو پەندە کوردی یەی بەسەردا بچەسپێ کە دەڵێت :

" تەنیا یەک بەزمی دەزانێ ئەویش هەڵپەڕینە ! "

چوارەم :

ئەگەر تاقە شێوازی پەسەندی بانگەوازکردن و هەق ڕوونکردنەوەو ناهەق پووچاندنەوە بەس قسەی نەرم ونۆڵ و ژیکەڵە بایە ، خوای زانا نەیدەفەرموو : (أدع إلى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادِلهُم بالتي هيَ أحسن..) کە دەبینین سێ شێوازی خستووەڕوو :

أ ـ بالحكمةْ

ب ـ الموْعظةِ الحَسَنة

ج ـ الجدالُ بالتي هِي أحْسَنُ !!

www.alibapir.net

پێنجەم :

لەوەوە دەزانین کە بانگەوازکردن بە لێزانی(حکمة) بریتیە لە بەکارهێنانی شێوازێکی تایبەتی و گونجاو بۆ هەر حاڵەتێک ، وەک گوتراوە (لِكُلِّ مَقامٍ مقالٌ) وەک دەبینین لە قورئانیدا ویڕای فەرمان کردن بە نەرمونیانی وەک : (فَقولا لَه قولاً لَيِّناً) فەرمانیش کراوە بە پێشاندانی ڕەقیو توندوتیژی وەک : (يا أيها النبي جاهِدِ الكفار والمُنافِقينَ وَاغلُظ عَلَيهم ..) التوبە /٧٣ . چونکە ئەگەر بشگوترێ مەبەست لە (واغلظ عليهم) بۆ کافران حاڵەتی جەنگە نەخۆ (منافقين) هیچ کاتێک بەئاشکرا جەنگیان لەگەڵ نەکراوە ، کەواتە دیارە هەر مەبەست لە ڕەقی و توندوتیژی یە لەبواری قسەلەگەڵ کردن و دوانــدن دا ـ لەو حاڵەتانەدا کە پێویست دەکات ـ .

شەشەم :

بێگومان ڕێ و شوێن (سنة) ی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام سەنگی مەحەک و تەرازووی چۆنیەتی لەقورئان حاڵی بوونە ، دەجا ئاشکرایە کە پێغەمبەر جاری وابووە زۆر چاک تووڕە بووەو ، زۆر بە ڕەقیو توندیش قسەی کردووە ، هەڵبەتە وەک (عائشة) ش خوا لێی ڕازی بێ فەرموویەتی : (كانَ خُلُقُهُ القرآن) رواه أحمد وأبوداوود ، خوو و ڕەوشتی پێغەمبەر بەپێی قورئان بووەو ، دیارە ئەو بەڕێزەش ڕووحم فیدای بێ لەهەموو کەس چاکتر لە قورئانی حاڵی بووە !!

حەوتەم :

لە ئایەتی ژمارە (٤٤) ی سووڕەتی (طه) (فقولا لـه

www.alibapir.net

قولاً ليّناً) ، وه نه هيچ ئايه‌تيكى ديكه‌ى قورئان ناتوانين وه‌ك پيويست تيى بگه‌ين و مه‌عناو مه‌به‌ستى بفامينه‌وه هه‌تا سه‌رنجى تيكراى ئه‌و ئايه‌تانه‌ى ديكه نه‌ده‌ين كه په‌يوه‌ندى يان پيه‌وه هه‌يه، جا با سه‌رنجى ئايه‌ته‌كانى دواى ئايه‌تى ناوبراو بده‌ين تاكو بزانين ئايا ئايه‌تى كوّرين ده‌گونجى بكريته به‌لگه‌و شايه‌دى قسه‌ى جيگه‌ى باس يان به‌پيچه‌وانه‌وه !

خواى ميهره‌بان فه‌رموويه‌تى : (إذْهَبا إلىٰ فِرعَونَ إنّه طَغىٰ . فَقولا لَهُ قولاً لَيّناً لَعلّهُ يَتذكّرُ أو يَخشىٰ . قالا رَبّنا إنّنا نَخافُ أنْ يُفرُطَ علَينا أو أنْ يَطغىٰ . قالَ لاتخافا إنّني مَعَكُما أسمَعُ وَأرىٰ . فَأتياهُ فَقولا إنّا رَسولا رَبّكَ فأرْسِلْ مَعَنا بَني إسرائيلَ ولاتُعذّبهُم قَد جئناكَ بآيةٍ مِن رَبّكَ والسّلام علىٰ مَنْ اتّبعَ الهُدىٰ . إنا قَدْ أُوحِيَ إلَينا أنّ العَذابَ علىٰ مَنْ كَذّبَ وَتولّىٰ) طه / ٤٣ — ٤٨ .

جا ئيستا با سه‌رنج بده‌ين داخوا خواى قسه‌له‌جىّ مه‌به‌ستى له (فَقُولا لَهُ قَولاً لَيّناً) چ بووه ؟ ئايا وه‌ك خاوه‌نى ئه‌و قسه‌يه‌ى كه خه‌ريكى پووچاندنه‌وه‌يتى ده‌لى : بريتيه له قسه‌يه‌كى نه‌رموّله‌و زيكه‌له‌ى وا كه دلى جه‌نابى فيرعه‌ون نه‌رووشينى ؟!

هه‌لبه‌ته خواى كاربه‌جىّ بوّخوّى شه‌رح و ته‌فسيرى مه‌به‌ست و نيوه‌روّكى ئه‌و رسته‌يه‌ى بوّكردووين و، ئيمه‌ش ده‌بى هينده له‌گه‌ل خواو پيغه‌مبه‌ره‌كه‌ى دا به‌ئه‌ده‌ب بين كه قسه له قسه‌يان دا نه‌كه‌ين و پيشيان نه‌كه‌وين ، وه‌ك خواى زانا فه‌رموويه‌تى : (يا أيّها الّذينَ آمَنوا لاتُقدّموا بَيْنَ يَدَي اللهِ وَرَسولِهِ ..) الحجرات / ١ .

www.alibapir.net

دەتوانین لەبەر تیشکی ئەو ئایەتانەدا کە لەدوای ڕستەی ناوبراوەوە دێن لە شەش خاڵاندا مەبەستی خوای پەروەردگار لەو ڕستەیە بخەینەڕوو :

١- (إنا رسولا ربك) ئێمە نێرراوی پەروەردگارتین ، واتە : تۆ ئینسانێکی سادەو ئاسایی ، بەڵام ئێمە پێغەمبەرین و لە تۆ بەرزترین و دەبێ بەقسەمان بکەی !

٢- (فأرسل معنا بني إسرائيل) بەنی ئیسرائیلمان لەگەڵ بنێرە ، واتە : ئەو گەلە تۆ بەشت پێیەوە نیەو ، ئێمە خاوەنی شەرعی وین !

٣- (ولاتعذبهم) وە ئازاریان مەدە ! ، واتە : کە هەتا ئێستا ئازارو ئەشکەنجەت داون ، کارێکی خراپ و ناڕەوات کردوەو دەبێ لەمەودوا دەست لەو ڕەفتارەت هەڵگری !

٤- (قد جئناك بآية من ربك) بێگومان ئێمە لە پەروەردگار - تەوە نیشانەیەکمان بۆ هێناوی ، واتە : تۆ کە گوتووتە : (أنا ربكم الاعلى) سەهووی و (خوا) پەروەردگاری تۆشەو تۆش بەندەیەکی وەک ئەو خەڵکەی دیکەی !

٥- (والسلام على من اتبع الهدى) وە سەلام لەسەر ئەوکەسە بێ کە وەدوای ڕێڕوونی - خوا - دەکەوێ ، واتە : ئەگەر تۆش دوای بەرنامەی خوا نەکەوی سەلامەت لێ نەبێ !

٦- (إنا قد أوحي إلينا أن العذاب على من كذب وتولى) ئێمە پێمان ڕاگەیەنراوە کە ئازار ـــی خوا - بۆسەر ئەو کەسەیە کە بڕوا نایەنێ و پشت هەڵدەکات ، واتە : ئەگەر بڕوامان پێ نەیەنی و گەردن بۆ بەرنامەی خوا کەچ نەکەی ئازارو ئەشکەنجەی خوا بۆتۆیە .

بەڵێ خوێنەری سەنگین ! مەبەستی خوا لە ڕستەی

www.alibapir.net

(فَقُولا لَهُ قَولاً لَيِّناً) ئەمەیە کە لەم دەقی خالەدا خرایەڕوو ! وە (مووسا) ش علیه السلام لە ئێمە چاکتر لە قسەی خوا حاڵی بووە، ئاوای لێ تێ گەیوە !!

هەشتەم :

خاوەنی قسەی ناوبراو لەبەر بێ ئاگایی و سەرکێڵی ، دوو مەسەلەی جوێ پێکەوە تێکەڵ کردوون ، یەکەم: مەسەلەی هەقگوتن و ڕاگەیاندن و ناهەق پووچاندنەوە . دووەم : شێوازی بانگەوازی و خەڵک بانگ کردن بۆ ئیسلام ، چونکە مەسەلەی ڕاگەیاندنی هەق و پووچاندنەوەی (باطل) لە قورئانیدا بەزۆری شێوازێکی زەق و ڕەق و ئاشکراو بێ پێچ و پەنای بۆ ڕەچاوکراوە ، بەڵام مەسەلەی بانگەوازو خەڵک تێگەیاندن و دڵ ڕاکێشانیان بۆ ئیسلام، بەزۆری شێوازی هێدی و ئارام و نەرمونیانی بۆ بەکارهێنراوە، هەرچەندە وەک لە خاڵەکانی پێشوودا خرایەڕوو، شێوازی ئارام و نەرمونیان تاقە شێوازی بانگەوازکردنیش نیەو، دەبێ یاسای (لِكلِ مُقامٍ مقال) لەبەرچاو بگیرێ .

ئێستاش چەند نموونەیەک بۆ هەرکام لەو دوو مەسەلە لێک جیایە دێنینەوە، تاکو مەبەست چاکتر ڕوون بێتەوە :

١- مەسەلەی ڕاگەیاندنی هەق و وەدرۆخستنەوەی ناهەق :

یەک : (قل یا أیها الکافرون ! لا أعبدُ ماتَعبدون . ولا أنتم عابدون ما أعبد) الکافرون / ١ ، ٢ ، ٣ .

دوو : (فاصدَع بما تُؤمَر وأعرِض عَن المُشرکین) الحجر / ٩٤ .

تێ بینی : وشەی (صَدع) وەک (راغب الاصفهانی) فەرموویەتی: (الشَقُّ فی الأجسامِ الصَّلبة کالزُّجاجِ والحَدیدِ وَنحوهِما . (!)[1])

(١) (مفردات ألفاظ القرآن) ص ٢٧٦ .

www.alibapir.net

واته : (صَدع) بە لەت بوون و شکانی تەنە رەقەکـــان دەگوترێ ، وەک شروشەو ئاسن و وێنەی وان ...

کەواتە لێرەدا خوای زانا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە ئەوەی فەرمانی پێ کراوە ڕای بگەیەنێ، بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرزو بەهێز ڕای بگەیەنێو بەکـــوردی بتەقێنێتەوە .

سێ : (وقل جاءَ الحَقُّ وزَهَقَ الباطِلُ إنَّ الباطِلَ کان زَهوقاً) الاسراء / ٨١ .

چوار : (إنکم وَما تعبدونَ مِن دون اللهِ حَصَبُ جهنّم أنتُم لها واردون) الانبیاء / ٩٨ .

پێنج : (وما یَستوي الأعمَیٰ والبَصیرُ . ولا الظُلُمـــات ولا النُور ولا الظِل ولا الحَرُورُ ، وما یستوي الأحیاء ولا الأموات ...) فاطر / ١٩ - ٢٢

وەک دەبینین لەم چوار ئایەتانەش دا بە ئاشکراو زەق و ڕەق :

مسولمان بە بیناو ، نامسولمان بە کوێر ، ئیسلام بە ڕووناکیو کوفر بە تاریکی یەکان ، سەرەنجامی شوێـــن کەوتنی ئیسلام بە سێبەرو ئاکامی شوێن کەوتنی کوفر بـــە ئاگرو گەرمایی ، دیسان مسولمانان بە زیندوو ، بـــێ بڕوایان بە مردوو ... باسکراون !!

شەش : (ولَقد ذرأنا لِجَهنم کثیرا منَ الجنِ والانسِ لَهُـــم قلوب لایَفقهون بها ولَهم أعیُن لایُبصرونَ بها ولَهُـــم آذان لایَسمعون بها أولئک کالأنعام بَل هُم أضَلُّ . أولئک هُـــمُ الغافِلون) الاعراف / ١٧٩ .

لێرەشدا خوای دادگەر بەڕاشکاوی و بێ پـــــەردە ڕای گەیاندوە کە بێ بڕواو لامەزەبان نە عەقلـــــی

www.alibapir.net

ڕاستەقینەیان هەیە، نە چاو، نە گوێ، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لەگەڵ ئاژەڵ و چوارپێیان دا لە تەرازووێک ناون و پاشان بە سەرمترو گومڕاتریشی لەقەڵەم داون و بە بێئاگای ناوناون !!

٢- مەسەلەی بانگەوازکردنی خەڵکی و ڕاکێشانیان بۆ ئیسلام :

یەک : (قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُم مِنَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ قُلِ اللهُ، وَإِنَّا أَو إِيَّاكُم لَعَلَى هُدًى أَو فِي ضَلالٍ مُبِين . قُلْ لاتُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلانُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُون . قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِالحَقِّ وَهُوَ الفَتَّاحُ العَلِيمُ) سبأ / ٢٢ - ٢٦ .

هەڵبەتە ئەم دواندن (خطاب) ە ئەوپەڕی نەرمونیانی و سینەفراوانی تێدا ڕەچاوکراوە .

دوو : (قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ ، أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُمْ مِنْ جِنَّةٍ ..) سبأ / ٢٦ .

سێ : (وَلاتُجَادِلُوا أَهْلَ الكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ ، وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ) العنكبوت / ٤٦

چوار : (قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَوَاتِ ؟ ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِنْ قَبْلِ هَذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِنْ عِلْمٍ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) الأحقاف / ٤ .

پێنج : (وَفِي الأَرْضِ آيَاتٌ لِلْمُوقِنِين . وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلا تُبْصِرُون . وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُون فَوَرَبِّ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنْطِقُونَ) الذاريات / ٢٠-٢٣ .

وەک دەبینین لەتێکڕای ئەم دەقانەدا شێوازێکی نەرم و ئارام بەکارهێنراوە، هەوڵ دراوە عەقڵ و سەرنجی ئینسان بجووڵێنێ و، بەرەو مەیدانی بیرکردنەوە و ڕامان و

www.alibapir.net

وردبوونەوەی بێنێ، چونکە ئامانج لێرەدا سەرنج ڕاکێشان و
شەنانەت پێ هێنانە، نەک هەڵگوتن و پەنجە لەچاوڕنانی
(سانێل) ، هەتا گوێ نەدرێتە دڵنەرمکردن و لاواندنەوەو
دەست بەپشتیدا هێنان و، بە زەقیو ڕەقی لەبنی کەولەکەی
بدرێ .

نۆیەم :

خاوەنی قسەی ناوبراو ـ هەڵبەتە قسەی ناوبراو بەس خاوەنێکی دیاری کراوی نییەو خاوەنی زۆرو جۆراوجۆری هەیە ـ جاری وایە بەدوای هەوڵدای درێژی بیری ئەفلاتونیی خۆی دەکەوێ و، هەر بەوەندە لێ ناگەڕێ کە خۆی لێرەدەی هەڵەی ڕابردوو بکات، کە بریتی بوو لە کورتهەڵێنانی بەدەستە و وانانی وشەی (حکمة) لە نەرمونیانیدا، بەڵکو لەئەنجامی هەڵچنینی ڕەمەندە بەردی دوو پێشەکی (مقدمة)ی بێ کاکڵ و پووش، زەینی هەڵتریزاوی بەخەیاڵ دەیگەیەنێتە ئەنجام (نتیجة) ێکی خۆشخۆش !!

بەڵێ هەندێک جاران خاوەنی قسەی ناوبراو پێشەکیی (مقدمة)ی بۆ چنراوەی (حیکمەت = نەرمی) دێنێ و پێشەکی (مقدمة) یەکی دیکەی دروستی بەپاڵەوە دەنێ ، کە بریتییە لە : (ڕەخنەگرتن لە واقیعی ژیان و بیروباوەڕی خەڵکی ئەنتیکی ڕەق و پووشینەوە) وە سەرەنجام بۆ خیانەتی خۆی چەند دەگەیەنێتە ئەنجام (نتیجة) ێکی مەنتیقیانە کە بریتییە لە : (کەواتە ناسێ ڕەخنە لە واقیعی ژیان و بیروباوەڕی خەڵکی بگرین) !!

بەم شێوەیە :

www.alibapir.net

نابێ بەهیچ شێوەیەک باسی ئیسلام بکەین ، چونکە باسی هەر لایەنێکی ئیسلام بکەی کەسانێک کە لەو لایەنـــــــەوە لارێ بوون قەلس دەبن و دڵیان بریندار دەبێ !

دوو :

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ :(هەق هەر ڕەقە)، لەڕاستیدا ئەوەی بیەوێ قسەیەک نەکات کە خەڵک پێی ڕەق و تونـد بێ ، دەبێ قەرەقەپی لێ بکات و دوولێوان لەسەریـــــەک لانەبات ، دەنا کە هەقت گوت ئەگەر حەوت جاریشی لـــــە شەکراوێ هەڵکێشی خەڵکی خوارو نالەبار هەر پێی تێـــــک دەچن (قسەی خوداش مشت ومڕ هەڵناگرێ کە فەرموویەتی : (وأكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كارِهون) الزخرف - ٧٨ .

سێ :

مەرج نیە ڕەقیو توندوتیژی هەموو دەمێ خراپ بـــێ ، بەڵکو وەک پێشتریش گوتمان حاڵەتی وا هەیە بەس ڕەقیو توندوتیژی بەکەڵک دێت ، خوای کاربەجێش یەکەمیــــــن خەسڵەت کە هاوەڵانی هەڵبژاردەی پێغەمبەری پێ مــــەدح کردوون بریتیە لە (أشِدّاءُ على الكُفّار) الفتح / ٢٩ .

وە یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکیو بنچینەییەکانی ئـەو کۆمەڵەی کە هەڵیان دەبژێرێ بۆ بووژاندنەوەی ئایینەکەی بە (أعزةٍ عَلى الكافِرين) المائده / ٥٤ ، داناوە !!

چوار :

وادیارە خاوەنی ئەو قسەیە هەر بەپێخواسی وەنیـــــو دەکەوێ و ، بۆخۆی چۆنی حەز لێ بێ وا بڕیار دەدات و گــوێ ناداتە ئەوەی داخوا خواو پێغەمبەری خوا لەوبـــــارەوە چییان فەرمووە ، دەنا دەبوو سەرنجێکی مێژووی ژیان(سيرة)ی

www.alibapir.net

ئێستاش و لەمەودواش هەمان ڕێ و شوێنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بگرێتەوە بەر، تووشی هەمان هەڵوێستی ناحەزو دوژمنانی ڕێ ی خوا دەبێتەوە، ئەگەر خۆپاراستن لە تووڕەکردنی خەڵکیو لەگەڵ تێک گیرانیان بەهۆی حیکمەت و لێزانیو سینگ فراوانیو نەرمونیانیەوە بایە، دەبوو پێغەمبەری هەڵبژاردە عليه الصلاة والسلام لەگەڵ هیچ کەسدا تێک نەگیرابایەو هیچ کەسی لێ قەلس نەبووبایە.

پێشینانیشمان بەخۆڕایی نەیانگوتوە:

"ئەوەی دەکا دەزانێ، ئەوەی دەخوات چووزانێ!!".

پێنج:-

تۆ کە هەقت پێ بێو بەو هەقەش لەگەڵ واقیعی خوارو خێچو بیروباوەڕی هەڵەو دەستوورو باوی ناتەواودا ڕووبەڕوو بی، حەتمەن تێک دەگیرێن و پێشینان گوتەنی:

"سەری دوو بەرانان لە مەنجەڵێکی دا ناکوڵێ"

بەڵێ:

"لە شەڕی شەکراو نابەشرێتەوە"

ئەمەی گوتیشم هەڵهێنجراوی واقیعەو دەقی ئەو قسەیەشە کە (وَرقه بن نَوفل)، پیری خواناسی دنیادیدەو خاوەن ئەزموون بە پێغەمبەرمانی فەرموو: (هذا الناموسُ الذی نَزَّلَ اللّهُ علیٰ موسیٰ یا لَیْتَنی فیها جَزَعًا لَیْتَنی أکونُ حیًّا إذْ یُخْرِجُکَ قَوْمُکَ، فقال رسولُ الله صلی الله علیه وسلم أوَ مُخْرِجِیَّ هُم؟ قالَ نَعَمْ: لَم یأْتِ رَجُلٌ قطُّ بِمِثْلِ ما جِئْتَ بِهِ إلّا عُودِيَ ...) رواهُ البخاريُّ. (1)

---

(1) بڕوانە (فَتْحُ الباري) ج1 ص 21-22. إبنُ حَجَرِ العَسْقَلانيِ.

www.alibapir.net

پێغەمبەری خوا علیه الصلاة والسلام ی دابا، جا ئەوکاتە دەیزانی کە ئەو پێغەمبەرە بەرزە (رؤوف رحیم)ە و (رحمة للعالمین)ە علیه الصلاة والسلام چەندە قسەی هەق و ڕەق و توندوتیژو جەرگبڕی بە خەڵکی ملهوڕو لاڕێی سەردەمی خۆی وتووە، کە بەجارێکی تێچیان کەوتۆتە کەوڵی و خوێن بەری باوانی گرتوون! بۆ وێنە لە کتێب و سەرچاوەکانی مێژووی ژیانی ئەو زاتە بەرزەدا بەچەند ڕیوایەتێکی جیاجیا ئەم قسانە لەلایەن کافرەکانی مەککەوە بە پێغەمبەر گوتراون .(1)

(یا محمد ما نعلم رجلاً من العرب أدخل على قومه ما أدخلت على قومك، لقد شتمت الآباء وعبت الدين وسفهت الأحلام وشتمت الآلهة ..) واتە:

ئەی موحەممەد! لەنێو عارەبان دا هیچ پیاوێکمان پێ شک ناپەت کە ئەوەی تۆ بەسەر نەتەوەی خۆتت هێناوە، بەسەر گەلی خۆی هێنابێ، چونکە تۆ قسەت بە باب و باپیرانمان گوتووە، وە ڕەخنەت لە ئایین ـمان ـ گرتووە، وە عەقڵەکان ـمان ـت بەپووچ لەقەڵەم داوە، وە جنێوت بە خوابەکان ـمان ـ داوە..

بەڵێ ئەمە هەڵوێستی پێغەمبەرمان بووە دەربارەی واقیعی نائیسلامییانەی خەڵکی دەوروبەری و بیروبۆچوونی هەڵەیان و ڕێ و ڕەسمی ناشەرعی بانەیان!!

هەربۆیەش دوژمن و ناحەزەکانی وا شێتگیر بووبوون و ئاوریان لە جەرگی بەربوو بوو، دیارە هەرکەسێکیش

---

(1) بڕوانە (السیرة النبویة والآثار المحمدیة) ج1 ص109، أحمد زینی دحلان.

www.alibapir.net

ئێستاش و لەمەودواش هەمان ڕێ و شوێنی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم بکرێتەوە بەر، تووشی هەمان هەڵوێستی ناحەزو دوژمنانی ڕێی خوا دەبێتەوەو، ئەگەر خۆپاراستن لە تووڕەکردنی خەڵکی و لەگەڵ تێک گیرانیان بەهۆی حیکمەت و لێزانی و سینگ فراوانی و نەرمونیانیەوە بایە، دەبوو پێغەمبەری هەڵبژاردە علیه الصلاة والسلام لەگەڵ هیچ کەسدا تێک نەگیرابایەو هیچ کەسی لێ قەڵس نەبووبایە.

پێشینانیشمان بەخۆڕایی نەیانگوتوە :

" ئەوەی دەکا دەزانێ ، ئەوەی دەخوات چووزانێ !! " .

پێنج :

تۆ کە هەقت پێ بێ و بەو هەقەش لەگەڵ واقیعی خوارو خێچ و بیروباوەڕی هەڵەو دەستوورو باوی ناتەواودا ڕووبەڕوو بی ، حەتمەن تێک دەگیرێن و پێشینان گوتەنی :

" سەری دوو بەرانان لە مەنجەڵێکی دا ناکوڵێ "

بەڵێ :

" لە شەڕی شەکراو نابەشرێتەوە "

ئەمەی گوتیشم هەڵهێنجراوی واقیعەو دەقی ئەو قسەیەشە کە (وَرَقة بن نَوفل) ، پیری خواناسی دنیادیدەو خاوەن ئەزموون بە پێغەمبەرمانی فەرموو : (هذا الناموسُ الذي نَزَّلَ اللّهُ علىٰ موسىٰ يا لَيْتَني فيها جَزَعاً لَيْتَني أكونُ حيّاً إذْ يُخْرِجُكَ قَوْمُكَ ، فقال رسولُ الله صلى الله عليه وسلم أوَ مُخْرِجِيَّ هُم ؟ قالَ نَعَمْ : لَمْ يأْتِ رَجُلٌ قطُّ بِمِثْلِ ما جِئْتَ بِهِ إلّا عُودِيَ ...) رواهُ البخاريُّ . (١)

(١) بڕوانە (فَتْحُ الباري) ج ١ ص ٢١-٢٢ . إبنُ حَجَرِ العَسْقلانيِ .

www.alibapir.net

مەبەستم ئەو ڕستەیەیە کە دەڵێ: (نَعَمْ لَمْ يأْتِ رَجُلٌ قَطُّ بِمِثْلِ ما جِئْتَ بِهِ إِلاَّ عُودِيَ) واتە:
بەڵێ - گەلەکەت دەرت دەکەن - قەت هیچ پیاوێ بەرنامەیەکی وەک ئەوەی تۆی نەهێناوە مەگەر دوژمنایەتی کرابێ.

بەڵێ مەسەلە پێکەوە نەژیان و وێک هەڵنەکردنی هەق و ناهەقە، نەک بێ حیکمەتیی و کەم حەوسەڵەیی و قسەی ڕەق !!

دەیەم:

ڕەنگە یەکێک بڵێ: باشە بەهەرحاڵ ئەوە منیش هاتمە قەناعەت کە بابای موسڵمانی ئیسلامی ناتوانێ لەگەڵ خەڵکی ناموسڵمان یان نائیسلامیدا تێک نەگیرێ، چونکە هیچ کاتێک لە شوێنێکدا ناگونجێ تاریکی و ڕووناکی و ڕاست و چەوت پێکەوە کۆببنەوە، بەڵام باشە ئەدی بۆچی فلانکەس لەگەڵ موسڵمانانیش هەر شەڕو دەعوایەتی و لەگەڵ ویشدا هەر تێک دەگیرێ ؟!

لەوەڵامدا دەڵێین:

بابایەک کە بەتەمای بووژاندنەوەی ئیسلام و خەت و ڕێبازی پێغەمبەرە علیه الصلاة والسلام، هەروەک چۆن بیەوێ و نەیەوێ چاری ناچارە دەبێ لەگەڵ بابایەکی خوانەناس و بێ دیندا تێک بگیرێ چونکە لە ڕاستەشەقام لای داوە، بەهەمان شێوەش و لەبەر هەمان هۆش بیەوێ و نەیەوێ، لەگەڵ ئەو موسڵمان و خواناسانەشدا تێک دەگیرێ، کە کەم و زۆر لاڕێ بوون و لە یەکێک یان لە چەند مەسەلەیەکدا بەهەڵەدا چوون، چونکە هەروەک چۆن (بێ دینی) خراپە، دینداری هەڵەش هەر خراپەو گەلێک

www.alibapir.net

جاران بۆ لەبەرچاو بێزاندنی بەرنامەی خوا بە (١٠٠) بێدین هێندەی (دینداریێکی خوار) دەوریان نابێ !!

(علي بن أبي طالب) یش خوا لێی رازی بێ زانیویەتی چ دەڵێ کە فەرموویەتی :

(قَصَمَ ظَهري رَجُلانِ جاهِلٌ مُتنسكٌ وَعالِمٌ مُتهتكٌ)

واتە :

دوو پیاو پشتیان شکاندووم : نەزانێکی بەرواڵەت خواپەرست و ، زانایەکی بێ بەندوبار .

بەڵێ کەسێک بیەوێ خەڵکی لە واقیعێکی خوارو هەڵەوە بگوازێتەوە بەرەو واقیعێکی راست و تەواو ، چاری ناچارە کە باسی چۆنیەتیو هۆی خواری و هەڵەیی ئەو واقیعە بکات و ، ناچارە بەڵگەو پاکانە (تبریر) ش بێنێتەوە لەسەر راستیی و تەواویی هەڵوێستی ئیصلاحی یانەی خۆی ، هەرکەسێکیش سەرنجی ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام و پیاوچاکان بدات راستیی ئەم قسەیەم دەسەلمێنێ .

کەواتە :

بابایەکی وەک من کە پێم وایە ئەلف و بێ یەک لە ئیسلام دەزانم و ، بەئەندازەی زانیاری و شارەزایی خۆشم لەئاقار بەرنامەی خوادا خۆم بە بەرپرسیار دەزانم و ، دەزانم کە زانیاری و شارەزایی لە ئایین دا نیعمەتێکەو لێپرسینەوەی لەسەرە ؛ (ثُمَّ لَتُسْئَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ) التكاثر / ٨ ، بێ ئەوەی - خوا ئاگادارە - رقم لە هیچ مسوڵمانێک بێت و هیچ کەس لە ئەهلی قیبلە ببوغزێنم ،

www.alibapir.net

ناچارم چ مەلایەکی خواری لەسەر ئیسلام بار ببینم ، چ زرە شیخێکی بێ بارو کردە ناهەموار ، چ مسولمانێکی خۆ بە زانازانی دانیشتوو (قاعد) ، چ مسولمانێکی نائیسلامی رێ لێ تێکچوو ، چ بابایەکی خۆ بە زۆرشت زانی بەسۆش ، چ سەرقوزو بن هالۆزێکی دڵنەخۆش.. هتد بەڵێ ناچارم هەر کامێک لەمانەو غەیری وانیش کە بەپێی تەرازووی قورئان و سوننەت و عەقڵ و واقیع بەخوارو لارێ یان دەزانم ، لە هەر کوێ یەک بیانبینم بەپێی توانا و زانینی خۆم ، لەپێشەوە بەئەسبابیی و تەنیایی هەوڵی چاککردن و راستکردنەوەیان بدەم ، بەڵام کە زانیم کابرا هەر بەردەوامە و لە کەرێشەیتانی نایەتەخوارێ و ، نە دێتە بارێ و نە دێتە بوارێ ، ئەوجار هەموو توانای خۆم بەکاردێنم کە وەک بابا (بێ دین) ەکەی ئەو (دیندارە خوارە) ش بە خەڵکی بناسێنم و لە حەوت دەوڵەتان دا ناوی بزرێنم ، ئەم رەفتارەشم نەک هەر بە شتێکی شەرعی رەوا بەڵکو بە پێویستی و ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم و ، بۆ رۆژی دوایی ئومێدێکی زۆرم بێ یەتی ، چونکە پێم وایە زیان بە ئیسلام گەیاندن هەر زیان بە ئیسلام گەیاندنە بەهەر ناوێکەوە بێ و لەژێر هەر پەردەیەک دا بێت ، ئنجا هەروەک چۆن ئیسلامم لە خۆم خۆشتر دەوێ و ئامادەم بەوپەڕی قەناعەتەوە لەپێناوی دا خۆم بەخت بکەم ، بەهەمان شێوەش ئیسلامم لە هەموو کەسێکی دیکەش خۆشتر دەوێ و بەوپەڕی باوەڕەوە ئامادەم هەموو کۆسپ و لەمپەرێکی لەپێش بێ یان تەخت بکەم !!

www.alibapir.net

خوێنەری بەڕێز !

پووچاندنەوەی مەسەلەی (هەتکوتن بەتوندوتیژی حسێب کردن) هەویرێکی ئاو هەڵگرەو لق وپۆپی زۆرن و پەراوێزی زۆر لەسەر هەڵدەستن ، بەڵام پێم وایە دوای ئەو بەرە تویژینەوەو لەمەحەکدانە ، ئێستا لەبەرچاوی هەموو عاقڵێکی بەویژدان چۆتە ڕیزی ئەفسانەو تراویلکانەوە، خوا پشتیان بێ ئەم (دوور کوژی نیزیک خەسارە) ڕمێن و ڕەواجی جرانی نامێنێ و، دووکانی پڕوپاکەندەچی و غەیبەتکەرانیش تا رادەیەکی زۆر لەبرەو دەکەوێ .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

دوا قسەم

ئەوەی لەم نووسراوەدا خرایەڕوو، هەڵوێست و بیروبۆچوونی بەندەیە دەربارەی دەردو نەخۆشی و گیروگرفتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی و، ڕێگاو چۆنیەتی چاککردن و ڕێک وپێک کردن و هێنانە سەر خەتی، هیوادارم بەچاوێکی بەویژدان و دڵێکی بێ غەرەزەوە بخوێنرێتەوەو سەرنج بدرێ و، لە مەحەکی عەقڵ و شەرع بدرێ .

کێش لێی ناڕازی یەو شتێکی چاکتری پێ شک دێت، ئەگەر نەیخاتەڕوو و پێشانی مسوڵمانانی نەدات گوناحبار دەبێت، کەواتە تێکڕای خوێنەران لەئاقار ئەم نامیلکەیەدا سێ بەشن: یان بەدڵیانەو قەناعەتیان پێی هەیە، یان بە ناراست و هەڵەی دەزانن، یان بەگشتی پێیان پەسندە، بەڵام لە هەندێک جێیان ڕەخنەو گلەیی یان هەیە، بەشی یەکەمیان لەسەریان پێویستە بێنە پێشەوەو لەگەڵ ئێمەدا دەست بەکار بن، بۆ گۆڕین و چاککردن و ڕاستکردنەوەی واقیعی خوارو هەڵەی بزووتنەوەی ئیسلامی .

بەشی دووەمیشیان لەسەریان پێویستە ئەو شتەی کە بە چاکترو تەواوتری دەزانن، وەک ئێمە، شتی خۆیان بخەنە بەرچاوی مسوڵمانان و چیدی ئەو گەنجینەیەیان بە شاراوەیی نەمێنێتەوە !!

بەشی سێیەمیشیان لەسەریان پێویستە مەردانە بێنە پێشێ و

www.alibapir.net

لە کوێ و کوێ گلەیی و ڕەخنەیان هەیە بە بەڵگەو ئیسپاتەوە بیخەنەڕوو .

ئیدی هیوادارم هەرکام لە خوێنەرانی بەڕێز کە لە یەکێک لەم سێ بەشانەن هەڵوێستیان بەو جۆرە بێ کە خرایەڕوو ، چونکە هەر ئەو جۆرە هەڵوێستانە لە مرۆڤی مسوڵمانی ژیرو بەویژدان چاوەڕێ دەکرێن . (١)

ئەلێرەشدا کۆتایی بەم نامیلکە (گەورە) یە دێنین و ، هەموو لایەک بە خوایەک دەسپێرم کە هەرچی پێی بسپێری زایەی ناکات .

والسَّلامُ عَلَيْنا وعَلى عِبادِاللَّهِ الصّالِحِيْن

خدراوا

١٢ جمادي الثاني ١٤١٠

---

(١) بەڵێ (دان بەهەق دا هێنان و هەوڵ بۆنەدان) یان (شت بەناهەق زانین و بێدەنگ بوون) یان (ڕەخنەو گلەیی هەبوون و نەخستنەڕووی) ، چەند خەسڵەت و هەڵوێستێکن کە لە ئینسانی مسوڵمانی ژیرو بڕوا دامەزراو ناوەشێنەوە ، دەبێ پەنایان لێ بەخوا بگرێ !

www.alibapir.net

کاکڵی باسەکان

لاپەڕە	بابەت
١	پێشکەش بێ
٣	پێشەکی
١١	ڕێ خۆشکردن
١٤	بەشی یەکەم : پێناسەیەکی کورتی خەت و ڕێبازی پێغەمبەر و جێ نشینەکانی
١٥	١- کارکردن و بەڕێوەچوون بەپێی نەخشەو بەرنامە
١٩	٢- تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵێکی پێشڕەوی هەڵبژاردە
٢٠	٣- کاروبار هەڵسووڕاندن لەسەر بنچینەی ڕاوێژ (الشورى)
٢٢	٤- سەرکەزییەتێکی هەڵقوڵاو لە کۆڕی ڕاوێژ دامەزراو لەسەر بنچینەی شەرع
٢٥	٥- ئازادی دەربڕینی بیروڕاو گوێ گرتن لە قسەی هەموو کەس
٢٧	٦- فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە مافی هەمووانەو هەموو بەرپرسیارن
٢٨	٧- یەکدڵی، یەکریزی = یەک هەڵوێست
٣٠	٨- تەقوا و لێهاتوویی کردنە سەنگی مەحەکی کار پێ سپێران

www.alibapir.net

لاپەڕە	بابەت
٣٤	٩ـ پەروەردەو بارهێنانێکی داوسەنگ (متوازن)
٣٦	١٠ـ چاوکردنەوەو فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر
٣٨	١١ـ چەسپاندنی دادگەری لەهەموو ڕوویەکەوە
٤١	١٢ـ بەدەنگ خەڵکەوە بوون و حەل کردنی گیروگرفتیان
٤٢	١٣ـ پیش کردنی بەردەوام و لێبڕان و کۆڕینی واقیع
٤٤	١٤ـ چاودێری و لێپرسینەوەی خەڵکی بەگشتی و کاربەدەستان بەتایبەتی
٤٨	١٥ـ پشت بەخوا بەستن و لەسەر لاقی خۆ وەستان
٥٠	١٦ـ پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلام
٥٤	١٧ـ نەبەزین و پشوودرێژی و کۆڵ نەدان .
٥٥	١٨ـ خەڵک چاککردن و بەرەوخوا بردن .
٥٨	هەڵوەستەیەکی پێویست
٦٢	بەشی دووەم : دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چی یە ؟!
٧٤	بەشی سێیەم : دەردی بزووتنەوەی ئیسلامی چۆن چارە دەکرێ ؟
٩٥	بەشی چوارەم : پووچاندنەوەی چەند قسەیەکی هەڵەو بێ جێ
٩٦	ڕێ خۆشکردن

www.alibapir.net

لاپەڕە	بابەت
٩٨	١- هەموومان لەبەر ناحەقیی و کێش لەسەر حەق نییە
١٠٠	٢- هەرچۆنێکی بێ هەر بەکگرتن چاکترە لە پەرتەوازەیی
١٠٢	٣- هەموو شەڕ دارای کرێچایەتی دەکات
١٠٤	٤- ئێمەش لەگەڵ حەقین داین بەڵام جارێ بۆمان دەرنەکەوترە
١٠٦	٥- جا خۆ فلانکەسیش کەموکوڕی هەن !
١٠٨	٦- دەزانم بەڵام ناتوانم !
١١٠	٧- ئازە ئەم وەزعە چاک نابێ !
١١٢	لەکوێنابێ دا
	ئایا ڕاستە، هەڵچکنی تندوتیژی یە ؟!
١٣٠	دواقسەم
١٣٢	کاکڵی بابەتەکان

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

www.alibapir.net

٢٥٠ دینار
٢٠١٤/٧/٢٣

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

لە بڵاوکراوەکانی

بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا

چاپخانەی شەهیدانی گردی ڕەمکان

www.alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

www.alibapir.net